# هەژاری موکریانی

سەربردەی ژیان و ون لە بەرهەمی ویدا

# هەژاری موکریانی

## سەربردەی ژیان و ون لە بەرهەمی ویدا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

هەژاری موکریانی
سەربردەی ژیان و ون لە بەرهەمی ویدا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٣٠
چاپی یەکەم: ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٥٧٨ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: چنوور نامیق، یووسف لەتیف
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-488-02-4

## له مەهاباد هەتا بەغدا

بەشێک لە ژیان و بەسەرهاتی هەژار

وەرگێڕانی: ئەحمەد شەریفی – مەهاباد

برایانی بەڕێز...

وێڕای سڵاوێکی بێ پایان شادی و سەرکەوتنتان لە یەزدان دەخوازم، وەک بیستوومە گۆیا دەتانەوێ کۆڕێک بۆ رێزنان لە هەژاری نەمر چێ بکەن. هەر بەم بۆنەوە ئەمن بەشێک لە ژیان و بەسەرهاتی هەژارتان بۆ دەنێرم. پاش تێکچوونی کۆماری مەهاباد مام هەژار دەربەدەری وڵاتان دەبێ و ماوەیەک لە بەغدا و سووریا و بەیرووت دەمێنێتەوە. پێم وایە لەو دەورەیەدا چووەتە سۆڤیەتی کاول کراوی جاران و لەوێ خودا لێخۆشبوو دوکتۆر کەریمی ئەیووبیی دیوە و بەشێکی لە بەسەرهاتی خۆی بۆ نووسیوەتەوە کە دوکتۆریش ئەو بەشەی لە کتێبی دیالیکتی موکریدا چاپ کردووە. ئەو بەشەی بە شێوە پیتێکی تایبەت و سازکراوی لاتینی چاپ کردووە و وەری گێڕاوەتە سەر زمانی رووسی. ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٦٧ لە لینینگراددا چاپ بووە، ئەو بەشە لە بەسەرهاتی هەژار زۆر شتی وای تێدایە کە لە چێشتی مجێوردا نییە، هەر بۆیەش لەسەر پێشنیاری کاک بارام وەڵەدبەگی هێنامە سەر رێنووسی کوردیی لای خۆمان و

پێشکەشتان دەکرێ.

ئەگەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکتان بۆ هەژار ساز کرد زۆر باش و بەجێ دەبێ لە ئێمە و کاک بارام و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مەهابادیش بگێڕنەوە و بانگمان بکەن و بێینە خزمەتتان. ئەوکات کۆپیی هێندێ دەستنووس و وتاری چاپ نەکراوی مام هەژاریش دێنمە خزمەتتان. بەڕێی دوکتۆر پیرۆت، نوێنەری پارتی لە تاران و کاک بارامەوە دەکرێ بانگمان بکەن.

هەر بژین – ئەحمەد شەریفی
٢٠٠٢/٥/١٥ مەهاباد

**لەمەڕ ژیان و بەسەرهاتی بوێژی کورد**

**هەژار**

کورتە سەرەتایەک

خوێنەری هێژا:

ئەوەی دەبەردەستتدایە، بەشێکە لە ژیان و بەسەرهاتی مەزنە پیاوی هێژای کورد خودا لێخۆشبوو هەژار موکریانی، کە خودا لێخۆشبوو دوکتۆر سەید عەبدولکەریمی ئەیووبی (١٣٠٣-١٣٧٤ی هەتاوی) لە کتێبێکدا:
KYPAGNN ANAAET MYKPN-1968 دا لە شاری لینینگراددا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

بەسەرهاتەکە بە قەڵەمی مام هەژاری رەحمەتی خۆیەتی و زۆر شتی وای تێدایە کە لە چێشتی مجێوردا نییە.

هەژار باسی بەسەرهات و ئاوارەیی و دەربەدەرێکی کە پاش رووخانی کۆماری کوردستان بەسەری هاتووە دەکا، بەڵام سەیرە کە لەم بەسەرهاتەدا باسی چلۆنایەتیی ئاوارەبوون و هۆیەکانی ناکرێ. پێم وایە کاتێ هەژار ئەم سەربوورییەی داوە بە دوکتۆر ئەیووبی، رووسان ئیجازەیان نەداوە باسی کۆماری کوردستانی تێدا بکرێ. یان بڵێ مام هەژار خۆی ئەو بەشەی لە بیرەوەرییەکانی نووسیبێ؟ چونکە وەک هەموو لایەک ئەزانێ هەژار شاعیری میللیی کۆماری کوردستان بووە و پاش رووخانی کۆمار دەربەدەر و ئاوارەی هەندەران دەبێ. بەڵام لەم بیرەوەرییانەدا هیچ باسی هۆ و تەنگیزەی دەربەدەریی هەژاری تێدا نییە، با ئەوەش بڵێم کە کتێبەکە سەبارەت بە رێزمانی زاراوەی موکریانییە.

دوکتۆر ئەیووبی لە بەشی ئەوەڵی کتێبەکەدا (٣-١٤٢) بەزمانی رووسی باسی رێزمانی زاراوەی موکری کردووە. لە بەشی دووەمدا (١٤٢-٢٦٦) هەندێ نموونە لە زاراوەی موکری دێنێتەوە کە بریتین لە:

١- لەمەڕ ژیان و بەسەرهاتی هەژار بوێژی کورد ١٤٢- ٢١١

٢- جێژنی نەورۆز و کایەی میرمیرێن ٢١٢- ٢٢٢

٣- شایی و زەماوەند و داوەت لەنێو کوردان ٢٢٣- ٢٥٠

٤- ڕاوە کەروێشکی ئاغاوەت ٢٥٠- ٢٥٨

٥- دوو حەقایەتی مەلای مەزبوورە ٢٥٩- ٢٦٧

دوکتۆر ئەیووبی بۆ ئەم بەشەی ئەلفبایەکی تایبەتیی لاتینیی ساز کردووە، کە لەگەڵ ئەلفبای لاتینیی باوی ئێستا هێندێ تۆفیری دە پیتەکاندا هەیە. جگە لەوەش دوکتۆر ئەو بەشەی

(١٤٢- ٢٦٧) هەمووی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی رووسان.

ئەو بەشەی کە مەبەستی ئێمەیە لەم کتێبەدا بەسەرهاتەکەی هەژارە کە هەموویم وەک خۆی و بەهەمان شێوەی دەربڕین لە لاتینەوە راگوێزتووەتە سەر شێوە ئەلفبای زاڵی لای خۆمان و پێشکەش بە خوێنەری کورد دەکرێ.

ئەحمەد شەریفی

مەهاباد ٢٠٠٢/ ١٣٨١ی هەتاوی

## لەمەڕ ژیان و بەسەرهاتی هەژار بوێژی کورد

١- لە ساڵی ١٩٢٠ دا بە ڕۆژێکی باران و تووش لە مانگی جۆزەردانددا لە دایکێکی شازدە ساڵە و بابێکی چل و هەشت ساڵە لە گەڕەکی خرێ لە مەهاباد هاتوومە دنیاوە، باوکم مەلا بوو، بەڵام مەلایەتیی نەدەکرد و دووکانداریی دەکرد و نیسبەت بە هاوڵانی ئەمە موتەوەسیت و کاڵ بووین. بەڵام ساڵێک کە تەمەنم رابرد، عەشیرەتی شکاک کە هاتوون مەهابادیان لە چەنگ عەجەمان دەرێناوە و خەڵکی شاریشیان تاڵان کردووە، ئێمەش هەرچی بوومانە وەبەر تاڵان کەوتووە، تەنانەت لانک و دەسرازەی منیشیان بردووە و منیان لەسەر خۆڵەمێشێ فڕێ داوە، بەڵام باوکم پیاوێکی بە غیرەت و نەبەز بوو، دیسان توانی لە کەسب و کاری خۆی ماڵ پێکەوە نێتەوە.

٢- بەڵام من لە ساڵی دووەمدا تووشی دایک مردن بووم و ژنێکی بێگانە بەخێوی کردم تا لە تەمەنی چوار ساڵیمدا باوکم ژنێکی دیکەی هێناوە و کەوتمەوە دەستی زڕدایک، یانی من هەر لە منداڵییەوە لە عەتف و میهرەبانیی دایک بێبەش بووم. رۆژگاری منداڵیم لەناو خۆڵ و چڵپاو و قوڕی کۆڵانی مەهابادێ گوزەراوە. لستۆکی من جگ و مەڕمەڕ و قۆچەقانی بووە. هەر لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دەستیان پێ کردم بە خوێندنی سیپارەی

قورئان، كه تەبعی من كورد و ئەو عەرەبی و بە مەعنا زانینیش بیخوێنم و ئەگەر كەلیمەیەكم لە بیر چووبایە، بەدار لێم دەدرا، یان مەعاشی رۆژانەم كە دووشایی بوو، نەمدەدرایە. بەلام دوو سال ئەگەر بلێم سێ كەلیمە فێر نەبووم هیچ سەیر نییە.

٣- ئەمجار رۆژێک باوكم دەستی گرتم بردمیە لای مەلا رەحمان ناوێک، كە قوتابخانەی هەبوو. ژوورێكی زەلام و ڕەش و تاریک، رووناكی تەنیا لە كولانێكەوە و دەرگاوە بۆ دەهات، ئەگەر دەرگا دادەخرا ئیتر وەک شەو وابوو، مەلا كە خۆی دەرسی دەگوت بە مندالان، ژنەكەشی پوورە ئامین نانی دەكرد و دەیفرۆشت. یانی هەر لە سبەینێوەڕا لە قوتابخانەی تەندوور دیسا و چڕەدووكەڵ بوو تا ئێوارێ، هەروەخت مندال دەچوونە دەر، هەموو چاومان سوور دەبوو لەبەر دووكەڵ و فرمێسک ڕشتن.

٤- باوكم لە پێشەوە، من لە دواوە چووینە ژوور، پاش سلاو و چاک و خۆشی باوكم دەستی منی گرت و دایە دەستی مەلا رەحمان و گوتی: ئەوە كوڕمم هێناوە پێی بخوێنی، مەلا ڕەحمان گوتی جا چۆنم دەدەییە؟ - گۆشتەكەی بۆ تۆ ئێسكەكەشی بۆ من. یانی هێندەی داركاری بكە گۆشتی نەمێنێ. ئەو عیبارەتە گۆیا وەک ژن مارەكردن و سەوداكردن لازم بوو. ئەمجا مەلا رەحمان گوتی سالێ دوو حەسیر، مانگی قیرانێک، جومعەی چوار شایی حەقی ئاو خواردنەوە دەبێ بدەن. بەلێ منیش هەر ئەو ڕۆژە حەسیرێكی تازەم هێنا. گوورجێک پوورە ئامین ڕۆڵە گیان خۆم ئەو حەسیرەت دەدەمێ. ئەوەی تۆ تازەیە بۆ خۆم نوێژی لەسەر دەكەم، بەلێ دەستم كرد بە خوێندن، دیسان قورئان و وردە شەرعی وەک سمایل نامە و ناگەهان كە هەڕەمان لە بڕە نەدەكردەوە.

٥- مەلا ڕەحمان كە لەلای سەروو دادەنیشت، نەیدەتوانی زۆر هەستێ لێمان بدا، ناچار داری تەڕی زۆر درێژی هەبوون، كە دەگەیشتە ئەو سەرەو

سەری دایرەی منداڵان، کە نێزیکەی بیست کەس دەبووین، هەر کەس سەری هەڵێنابا دەیکێشا بەملیدا، ئەگەر دەردەکەوت پوورە ئامین لە جێگای وی نایب مەعەللیم بوو. خۆ ئەگەر ئەویش چووبا بۆ نان فرۆشتن ئەوا هەر یێکەی هێندێکی خۆڵ لەسەر ملمان رۆ دەکرد و دەڕۆیشت، واوەیلا بۆ کەسێکی کە سەر هەڵیێنێ و خۆڵ رژابێ دارفەلاقەی هەبوو، دارێکی کەوانی، گوریسێکی لێ قایم کردبوو، لاقیان دەکردینە ئەو گوریسە و بایان دەدا و بە دوو کەس هەڵیان دێنا و بە شووڵی تەڕ تێی بەردەبوون تا جاری وابوو دەخوێن دەهات.

٦- کەیفی زۆرمان بەوە دەهات، کە لاقمان رووت دەکرد و تفمان لێ دەدا و بە دەزوویەک پێیدا دەهاتن. مێش کە لە تفەکە دەنیشت لاقی بەر بە دەزووەکە دەکەوت و دەمانگرت. ئەمجار حەسیرەکەمان لە قونگی ڕۆ دەکرد و بەرمان دەدا، وەک تەیارەی پووشی تەکاندەرە بڵند دەبوو، بەڵام ئەو گاڵتەیە زۆرجار دەبووە مایەی لێدان و گریانمان.

٧- تیشکی رۆژ لەو ژوورە تاریکەدا زۆر خۆشەویست بوو، ئەگەر نیوەڕۆیان لە کولانەکەوە کۆڵەکەیەک دەهاتە ژوور و تۆز و دووکەڵی لێ دەهالا دەمانویست بیگرین، هەرچەند لێدانیشمان بخواردایە هەر پێمان هەرزان بوو، رۆژێک لەپڕ دەنگی تۆپ و شێست تیران هات، ئەمە کە مناڵ بووین و دەستمان کرد بە گریان، هیچ بەڵام مامۆستامان هەر ڕەنگی بە ڕوویەوە نەمابوو، گوتی هەر کەس بڕۆنەوە ماڵە خۆتان.

٨- کە هاتمەوە باوکم زۆر کەیفساز بوو، کوتم باوە چییە؟ گوتی ڕۆڵە مەلا خەلیل کوردە و لەگەڵ عەجەمان شەڕ دەکا، وا خەریکە سابلاغ بگرێ، لەو ڕۆژەوە هەمیشە کورد وەک خۆشەویستێک لە دڵدا بوو تا هات پەرەی سەند و نیشتمانی کورد بەو دەرد و دەربەدەرییەی گەیاندم، کە ئێستا هەم.

٩- لە بەهاری ئایندەدا بابم خستمیە ناو حوجرەی فەقێیان و لای مەلا

سـەعـیـدێکی ریش درێژ دایمەزراندم کـە ئەویش عـەرەبیی دەزانـی، بەڵام نەیدەزانـی نێـوی خـۆی بنووسێ، خـەت نەبەبوو، ئاخـرشـەڕیی مـەلا خـەلیل لەسـەر کڵاو بـوو. ئیـتـر مـەلا خـەلیل کە شکا ئەمـجـار دەبوو مـەلا و فـەقێ ئیجازەیان پێ بێ کڵاو لەسەر نەکەن.

١٠- رۆژێک مـەلا سـەعـیـدی ریش درێژی قـەپـۆز بارانیی چاوڕەق لەگـەڵ مـەلا بایز نـاوێکی خـڕی ئەسـتووری گـوێ پان، لەگـەڵ مـەلا عـەلـیـە کوێرەی بانگدەری مـزگـەوتی هـەباس ئـاغـای، کە کوێرێکی خـرویکاوی دەنگ ناخـۆش بـوو لەگـــەڵ من منداڵێکی هـەشت ســاڵانی بـاریکی ڕیوەڵە مــێــزەرێکی بەسەرەوە، ملی رێگامان گرت بۆ ماڵی حاکم، کە ئیجازەمان بدا کڵاو لەسـەر نەنێین.

١١- مـەلا عـەلی بە تەقـەی گـۆچان و مـەلا سـەعـیـد بە ورتەورتـی دوعـا خـوێندن گـەیشـتـینە دەرگـای مـاڵی حـاکم. تومـەز ئەو دەرگـایە دەرگـای حەوشەی تەویلەیە و داخـراوە و قەت ناکرێتەوە و وەختیش جـەنگەی گەرمای نیوەڕۆیە، حـاکم نوسـتووە، ئێمـەش بە گـۆچان و بەرد بەربووینە دەرگـای کە حـاکم بیکاتەوە. ئیـتـر حـاکمی فـەقـیـر هـەر شێت دەبێ، پێی وایە سـابڵاغ گیـراوە و دەرگـای ئەسـپ و گـامێش دەشکێنن. بەتای کـراس و دەرپێ هـات دەرکەی کردەوە، گوتی: "پدر سوختەها چەمی خـواهید؟" ئەمەش بە فارسییە کێـویلکەی مـەلا بایز کە لە ترسـان تفی قووت دەدا، پێمان گـوت هـەر دوژمنی ئیمانت بێ چی پێ کردین، بانگی کرد وەرن بیانگرن. ئیتر هـەر ئەوەمان پێ کـرا راکەین و مـەلا عەلییە کوێرە بەجێ بێڵین، بە خـوا هـەر ئەو رۆژە بارمـان کرد و کتێب لە سەرشـان بۆ خانەقای شێخی بورهـانی.

جـا حـاکم لە پاشـان گێڕابوویەوە، گـوتبـووی ئەگـەر لەو دەرکـەیان دا کـوتم دەوری مـاڵم گیـراوە، کـە دەچمـە دەر وا ڕیشـێک و کـوێرێک منـداڵێکی سـاوا هـەموو مێزەری سپی بەسـەرە هـاتوون ئیجازەی دەوا دەکەن.

خانەقا جێگای سۆفێتی و گەلێک موسڵمانانی وەک راهیبی مەسیحیانی موجەرەد و تەرکە دنیا لەوێ تاعەتێ دەکەن. هەروەها ژنی راهیبیشی لێ هەن، دەگەڵ ئەوەشدا فەقێ و مەلای لێ هەیە، بەڵام چ ژیانێک، تەواوی ساڵ نان و دۆ ئەگەر هەبێ، دەنا نان بە تەنیا، نانە جۆ.

١٣- لەو رۆژەوە دەستم کرد بە ژیانێکی کە زۆرتری میللەتی کورد تێدا دەژین، چونکە فەقێ لە کوردەواریدا لە دێهات یان لە شاران بودجەیێکی حکوومەتی نییە. هەر دێیەک یا مەحالێکی شار دەستەبەر دەبن مەلا و فەقێ رادەگرن تا عیلمی دین بخوێنن و خۆیان لە نانێکی کە بۆ خۆیان دەیخۆن و لە چێشتێ کە خۆیان لێی دەنێن بەشیان دەدەن.

جا من کە لە تەمەنی نۆ ساڵیرا کەوتمە ناو فەقێیان بۆ عیلمی دین خوێندن تا تەمەنی حەڤدە ساڵیم لەناو تەبەقەی نەویی کورددا، کە ئەویش فەلاح و جوتیارن ژیام. لەسەر سفرەی نانخواردنێ هەموو جەمێک نانی هەرزن و جۆ و گەنم و گەنمەشامیت لە پەنایێک دەدیت. برۆێش و برینج و نیسک و ساوار لێک کۆ دەبوونەوە. زۆرجاریش تەنیا لەگەڵ نانی ئیشکیدا دەکەتینە ڕیشم بەردە و گێرە و کێشە. ئەوە نانمان، جا جل و پێڵاو و چامان دەبوو خوێندن بەردەین، بکەوینە دێهاتی بێ فەقێ بۆ سووالّ کردن. گیسکێک لەوێ و قرانێک لێرە، جلی ساڵێ تەمین بکەین.

١٤- خوێندنیش بەزمانی خۆمان نییە، بە عەرەبی و بە فارسییە. هەر تەقە لە سەرمانەوە دێ، فەقێیایەتیم لە شاری مەهاباد و گوندی پەسوێ و عیساکەند و وەشتەپە و تورجان و کەرمنداری ناو مەنگوڕان گوزەراند، ئەگەر لە کتێبی فەقێ کەم فێر بووم، بەڵام لە کتێبی تەبیعەتی سەراولاّ زۆر فێر بووم، سارد و گەرمی دنیام چێشت، فێری ژیانی درشت و زبر بووم، ژیانی فەلاح و کۆچەری کورد و زووڵمی ئاغای گەورە و بەشخوراویی هەژارانم زۆر دیت، رووحێکی تووڕە و تووشی خەڵق کردم.

١٥- بەڵام لەناو ئەم ژیانە پڕ کوڵ و کۆیە و دەرد و داخەشدا چەند جارێک بەداوی دڵداریشــەوە بووم، دڵداریی زۆر بـەتین و جگەربڕ، ڕەنگە ئـەگەر بڵـێم سـەد تەشـتم فرمێسک ڕشـتبێ، مـوبالیـغـەم نەکردبێ، چونکە ئەو دووسێ جارەی کە ئاشق بووم، هەمـووی ئاخری دەگەڵ ناهومـێدی ڕووبەڕوو بووم، من فەقیر بووم غەیری دەموچاوێکی لەبار و جوان هیـچی ترم شک نەدەبرد، کچ پێم رازی دەبوون و دەکەوتینە داوی یەکـتر، بەڵام باری ژیان و قـانوونی پیسی وڵات نەیدەتوانی باب و دایکی کچ و ئاغای دێ رازی کا، کـچیان بێ پارە و پێشکەش بدەن بە کەسێکی خۆشی دەوێ.

١٦- بەڵام کـە لە بەدڵ گـەیشتن لە عـیـشـقی کـچـاندا بێ بـەش بووم، لە لایەکی ترەوە بەهرەم زۆر وەرگرت، جامیی شاعیری فارس دەڵێ: کابرایێک چووە لای شێخێک، گوتی: دەبمە مریدت. گوتی: هەرگیز عاشق بووی؟ گوتی نە، گوتی عیـشـقبـازی لەگەڵ کچێکدا بکە با دڵت فێر ببێ چۆن مـحـەبەت وەربگرێ.

١٧- منیش لەو عیـشـقبـازییانـە وا دڵم ئامادەی مـوحیـبـەت بووبوو، کە رۆژێک بیرم لە خۆشـەویستیی کوردستـان کردەوە و قـەرارم دا ئاشـقی ئەو ببم و تا لە زنجیری ئەسیری رزگاری نەکەم نەسرەوم، ئیتر عیشقی راست و بە بڵێسە و بێ کەمایەسیم گرتە پێش. زۆر سپاسگوزارم کە تا ئێستا نە جوانی و نە پارە و نە ژن و نە شۆهرەت و نە ئیحترام و نە ترسی کوشتن و نە زیندان و نە لێدان، نەیانتوانیوە بامداتەوە لە عیشقی یاری خۆشـەویستم کە نیشتمانە.

١٨- تەمـەنم حـەڤـدە سـاڵ بوو، کـە بابم لە دێیـێکی دوورە شـاری دوورە دوکتۆر بە زگێشە مرد، زەوییێکی دێمەکار و مانگایێک و دوو برا و خوشکێک و زڕدایکێکی بۆ بەجێ هێـشـتـم و سێ سـەد تمـەنیش قـەرزدار بـوو. ناچار دەسـتـم لـە خـوێندن هـەڵگرت و هـاتم ئەو مـیـراتـە پشـتـشکێنە بە شـانی

تەجرووبە نەدیتووم هەڵگرم، لە خوێندنی ئەو چەند ساڵەدا تەنیا فێر بووبووم فارسی بخوێنمەوە و دەنکە دەنکەش عەرەبیم دەزانی، ئەویش لە کۆنە کتێبی دینی، جووت و گام نەدەزانی، ناچار زەوییەکەم دا بە ئیجارە بە سەد پووت گەنم.

١٩- هێندێکیشمان ناومالّی کۆن هەبوو، دام بە چوار بزن، ئەوانە هێندێک زیادیان کرد، خۆشم لەگەڵ شەریکێکدا هێندێک تووتن و بێستانم دەکرد، ساڵی یەکەم و دووەمی پاش مەرگی بابم زۆر ناخۆش رابرد، تەواوی زستان نەمانتوانی کیلۆیەک پەنیر یا شیرێژ بکڕین، نانمان هەر بە ویشکی بوو، دوای ساڵی هەوەڵیش زڕدایکم مێردی کرد، هێندێ زێڕی هەبوو بردی و ناومالّیشی لێ ستاندین و سێ منالّی وردیشی بەسەر مندا هێشتەوە، کە گەورەکەیان نۆ ساڵ، بچووکەکەیان ساڵ و نیوێک بوو، جا ئاسمان دوور و زەوی سەخت، من چۆن سەر دەرکەم؟ بەڵام مەنشووره دەڵێن: دڵ لە هەژار ناپرسێ.

٢٠- لەسەر ئەو هەموو نەدارییە و هەژارییەم. کچێکم دیسان توانی خۆش بوێ. ئەو دێیەی ئێمە کوێستانە، سیری زۆرە لە دێی دەورووبەریڕا کچان دێن بۆ سیرکردن، لەناو ئەواندا یێکێکم دڵ گرتبووی، ئەویش منی خۆش دەویست، بڕیارم دا بمدەنێ بیهێنم. بابێکی دز و پیاوکوژ و ترسێنەر، کە چووم خوازبێنیم لێ کرد، گوتی دەبێ بێم ماڵت ببینم بزانم چۆنە، کوتم هیچ مەیە، مالّم هیچی تێدا نییە، ئەگەر تۆ کچ دەدەی بە مانگا و کەرەکانم، دەبێ ئەوان بێن لێت بخوازن. ئەوە ئەمڕۆ تۆ کچم بدەیتێ، ئەگەر سبەی فەقیر بووم، پێویستە لێم بستێنییەوە. دەتوانم فێڵت لێ بکەم و بچم هێندێک بەرەی لە جیرانان وەرگرم و چەند بزنێک بێنمە مالّە خۆم تا دەیانبینی، بەڵام من تا ئێستا سێ جار ناهومێد بووم، ئەوجاریش ناهومێد بم دوور نییە.

بەخوا کابرا زۆر مەردانە گوتی: کچەکەم پێت رازی بێ، بە تای کراسی خۆی دەتدەمێ، کە بانگی کرد و لێی پرسی، کە ئایا مێردی پێ دەکەی؟. ئەویش هەر وەک کچێکی زۆر مۆدێرن گوتی: بەڵێ، زۆرم خۆش دەوێ، بەویش نەبێ هەرگیز مێرد ناکەم.

٢١- ئەو ژنە بوو بەمایەی دڵخۆشیم و لەبیربردنەوەی خەم و دەردی هەژاریم. کۆختە رەشەکەی تێیدا دەژیام بەوەوە بووبووە بەهەشت. نانی ویشکی لەگەڵ ئەوا دەمخوارد پێم خۆشتر بوو لە خواردنی پادشایان، لەو رۆژەوە لە ژیاندا بزە کەوتە سەر لێوانم کە ئەو مایەی ژیانە، ئەو هەواڵە خۆشەویستەم کەوتە ناو ماڵەوە. لە سایەی ماڵداریی ئەوەوە کە زۆر راهاتووی کار و بە مشوور بوو توانیمان هێندێک تۆزی نەداری لە شانمان بتەکێنین. تووتنی لەگەڵ دەکردم، زەوییەکەی دەدا بە شەریکی، پتری لێ پەیدا دەبوو، کڵاو، گۆری، مەشکە، نان و کاری ماڵیی هەموو بە رێکوپێکی دەکرد، ئاگای لە منداڵەکان دەبوو. وەک دایکی خۆیان بێ و زیاتریش، وردە وردە کەوتمە خۆشی و بووژانەوە، بەڵام ئایا زەمانە مۆڵەت و مەودا دەدا لە خۆشیدا بژیم؟

٢٢- سێ ساڵ لەگەڵ ئەو کچەدا ژیام، بۆ چارەڕەشیم بە نەخۆشیی تیفۆ بەبێ دەرمان و دوکتۆر مرد. دیسان تاریکی پەردەی بەسەر ژیانمدا کێشاوە، نەگبەت و نەهاتی وەک برا بەش هاتنەوە سەرم، ماڵم بووەوە بە زیندان، ژیانم لێ بووە ژەهری هەلاهیل، هەموو ئاواتم ئەوەبوو کە منیش بمرم وە دوای کەوم، بەڵام مردن بۆ بەدبەخت زۆر گران دەست دەکەوێ، خۆشەویستترین ڕەفیقی ژیانم لەدەست چوو، کەوتمە بەر دەست دەئەژنۆ وەرهێنان و فرمێسک هەڵوەراندنی بێ سوود و بەهرە. وام لێ هات چاوم بەرای نەدەدا ماڵەکەم ببینم کە ئەوی تێدا نەماوە. جێگام لێ بووبووە گیشەی دڕوو، نەمدەتوانی لێی بنووم.

٢٣- هەمیشە تارماییی ئەوەم لەبەر چاو بوو. ناچار بۆ چارەی ئەوە، وام پێ باش بوو هەر لەو دێیە دوور کەومەوە بەڵکو لەبیرم بچێتەوە، چوومە بۆکان بەماڵەوە، پارەی زۆری کابرایێکی بۆکانیش قەرزار بووم، ئەویش لە ترسی ئەوە کە نەفەوتێ پێنج سەد تمەنی دامێ کە سەودای پێوە بکەم، بەڵکو سەرکەوم و پارەکەی بدەمەوە، منیش لەگەڵ یەکێکدا بووم بە شەریک و دەستمان کرد بە تووتن کڕین و فرۆشتن.

٢٤- بەڵێ، لەوە شانسێکی باشم هێنا، توانیم قەرز و قۆڵەم بدەمەوە و شتێکیش زیادم هەبێ، توانیم پاش ساڵێک و شتێک لە بۆکان ژنێکی دیکە بێنم، کە ئێستا دایکی منداڵەکانمە، ئەوەم هەرچەندە بە دڵدارییەکی پێشینەیی نەهێنا و هەر ڕێککەوتنێکی کتوپڕ بوو، بەڵام دیسان توانی کە برینی پێشووم سارێژ کاتەوە و دەردی مەرگی ئەوم تا رادەیێکی لەبیر بەرێتەوە.

راستی زۆر جاران دەڵێم، من کە لە هەموو شتێکدا بەدبەختم و ناخۆشیم هاتووەتە ڕێ و بەهەژاری لەش بەباری ژیاوم، رۆژگار ئەوەندەی چاکە لەگەڵ کردووم، کە لە دوو ژنهێناندا سەرکەوتوو و بەختیار بووم، هەردوو جار هەرگیز ئاواتم بە خەڵکی نەخواستووە و زۆر رازی بووم لە چارەنووسی خۆم.

٢٥- نەخوازە Nexuaze دووکانەکەی لە مەهاباد جێ کۆبوونەوەیەکی ڕۆژانە بوو. زۆرجار باسی ئازادبوونی کورد دەکرا، بەڵام لە تەمەننا دەرنەدەچوو. ئەمنیش کەوتبووە دڵمەوە کە بڵێ زۆر خۆشە کورد بۆ خۆی ناوونیشانێکی هەبێ، بەڵام نەمدەزانی کورد چۆن بێ بەشە، مەسەلەن لە دڵی خۆمدا هەر پێم خۆش بوو کورد پاشایەکی هەبێ، بەڵام خۆش بوو پادشایێکی چکۆلۆکەی جوانکیلە، کە بۆ منداڵان دەست بدا بمانبێت، بەڵام باش بوو ئەو هەوەسە و نیازەم هێنامیەوە سەر ئەوەی کە کوردی

خوێندنەوەی فێر بم، لەبیرمە، من و زەبیحی هەردووکمان زۆر کەم سەوادی فارسیمان هەبوو. هەوڵمان دا بۆ کتێبێکی بەناوی ئەنجومەنی ئەدیبانی کوردمان پەیدا کردبوو، لە باغەڵمان دەنا و دەچووینە نێزیک پردی سوور، لە پەنا ئەشکەوتێک دەمانخوێندەوە. باشمان بۆ نەدەخوێنرایەوە. دێتە بیرم لەسەر شیعرێکی شێخ رەزا کە دەڵێ:

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشیرەتی جافا

مێرووله نەچێ چاکە بەگژ قوللەی قافا

٢٦- ئەوەی خوێندمەوە "مێرووله لەپخێ Merule lepxe بە کوسر قوللەی قافا". ئەمن دەمگوت ئەوە وا نییە چونکە لەنگە، زەبیحی دەیگوت، لەنگ و مەنگ نازانم، بەڵام مەعنای چییە؟. ئینجا قەرارمان دا، کە لە باوکم بپرسم. کتێب لە باغەڵدا بەزۆر ترسەوە، چونکە باوکم قەبووڵی نەدەکرد بێجگە لە دەرس و دەوری خۆم خەریکی شتێکی دیکە بم. شەوێک بە ترسەوە لێم پرسی: بابە ئەگەر شتێکت لێ بپرسم تووڕە نابی؟ گوتی نا، کتێبە بۆرەم لە باغەڵم دەرهێنا و شیعرەکەم لێ پرسییەوە، پاش ئەوە زۆر پێ کەنی، بۆی راست کردمەوە گوتی ئەگەر پێت خۆشە ئەوانە بخوێنییەوە هەستە لەگەڵم وەرە، چووینە ناو حەوشەکەمانەوە هێندێکی عەرزی هەڵکۆڵی و سندووقێکی چکۆڵەی ئاسنی کە جێی فیشەک بووە، دەری هێنا و تەکاندی و باوەشێکی کتێب لێ دەرخست، دیوانی نالی و مەحوی و کوردی و حەریق و شێخ رەزا و گەلێک شاعیری تێدا بوو، ئینجا شەوانە من بۆم دەخوێندەوە. بۆ خۆی زۆری لەبەر بوون، بۆ منیشی راست دەکردەوە. ئەگەر لە خوێندنەوە خلاس دەبووین، دەیخستنەوە ناو قوتووەکە و دەیناوە جێگای خۆی لە حەوشەکە و گڵی وەسەر دەکرد، هەموو شەوێ ئەو کارەمان دەکرد.

٢٧- لەو خوێندنەوەیەدا باش فێری کوردی خوێندنەوە بووم، ئەوجار چەند کەسێک هەبوون کە کتێبی عێراقییان بۆ دەهات، دەیاندامێ، شیعری حاجی

قادری کۆیی و مەلای جزیری، شیعریانم لەبەر کردبوو. هەروەها گەلێک سروود و شیعری میلليی ترم هاتبووه بەر.

منیش کەوتبوومە دێهات بۆ فەقێیەتی، رۆژێک لە دێی وشتەپە کە دەمخوێند، کاکە رەحمانی حاجی بایز ئاغا، کە ئاغایەکی ئەدیبە، هات سەری حوجرەی فەقێیانی دا، لەوێ باسی شیعری خۆش کرا، چەند شیعرێکی عەرەبیی خوێندەوە لە بابەت غەزەل و فەراقدا، پاشان گوتی ئەدی ناتانەوێ شیعری کوردیتان بۆ بخوێنمەوە؟. کە دیتی پێمان خۆشە تەرجیعبەندێکی بۆ خوێندینەوە کە خاڵەمینی قسقەڵایی دایناوە. نازانم چەندی تەئسیر لە رەفیقەکانم کرد، بەڵام ئەوەندەی دەزانم کە منی هەر شێت کرد. هەموو گیانم دەلەرزی، گەرم داهاتبووم وەک نۆبەتێکی گەورەم هاتبێتێ. هەر غارم دا کاکە رەحمان و دەستم ماچ کرد، کە لێم گەڕێ بینووسمەوە، گوتی سوێندم بۆ خواردووە، کە نابێ کەس بینووسێتەوە، چونکە دەترسێ دەستی دوژمن کەوێ.

٢٨- کە لەو ناهومێد بووم، هەر بەیانی ملی رێگام گرت بەرەو و قسقەڵا کە رێگای سێ رۆژ بە پێیان دوورە. جارێ بە دوو رۆژان گەییمە سابڵاخ، لەوێ پێیان کوتم خاڵەمین لێرەیە. گەڕام و گەڕام تا لە حەوشەی مزگەوتی رۆستەم بەگی دیتم، بە چاوێکی پڕ لە گریان و لالانەوە کوتم: دەخیلت هەڵوەدای ئەو شیعرانەی تۆم بمدەیە، بەخوا خاڵەمین بە، خاڵە مین بە حاشای کرد کە کردی: گەزی چی و جاوی چی، شیعری چی و کاکە رەحمانی چی؟. بابە وەڵڵا نە من شیعرم هەیە و نە هیچ. چۆن پیاو هێندە شێت دەبێ، سێ رۆژە رێ دوای شیعر کەوێ، ئەویش شیعری قاچاغ. بڕۆ بڕۆ مێشکی خۆت دەرمان کە. بەخوا دەست لە گون درێژتر دیسان گەڕامەوە.

٢٩- ئیتر زۆری پێ نەچوو، کە بابم مرد و من دەستم لە خوێندن هەڵگرت

و هاتمەوە دێیەکەی ماڵی خۆمان- تەرەغە. تەقریبەن لە دنیا بێ خەبەر بووم و گێر و کێشەی نان پەیداکردن تووشم بووبوو. بەڵام خەیاڵی ئەو شیعرانە لەسەرم دەرنەدەچوو. ئینجا کە ئەوانم دەست نەکەوت بۆ خۆم خەریک بووم. ئەمنیش تەرجیعبەندێکم لەسەر ئەو وەزنە دانا و بەقەدەر ئەو بۆ دوو کەس لە رەفیقەکانی خۆم خوێندەوە، زۆریان پێ خۆش بوو. یان لەبەر خاتری من گوتیان باشە، بەڵام دەمزانی شیعری من نەگەیشتووەتە دە یێکی شیعری خاڵە مین بۆ مەعناو رەوانی و سنعەت. لە داخان وەک زینەکەی ئەبوو زەید سووتاندم. مەلا رەحمان ناوێک هەبوو، برادەرم بوو دێیەکەشیان نیزیکی دێی ئێمە بوو، ئەو لە سێوەدین و ئێمە لە تەرەغە. جاروبار سەری دەدام و منیش دەچوومە لای، ئەو کورێکی زۆر دڵسۆز بوو زۆر کەسی بە بیری خۆیەوە گیر کردبوو، دڵخۆشیم بەو بوو، کە یەکترمان دەدیت داخ و دەرد و کول و کۆی زەمانەمان پێکەوە دەڕشت.

٣٠- رۆژێکی چوومە بۆکان و شەو هاتم لە شێخلەر، لە ماڵە کاکە رەحمان میوان بووم، شەو باسی شیعر کرا. ئەمنیش کوتم رەفیقێکم هەیە شاعیرە بەڵام نایەوێ کەس نێوی بزانێ، هێندێ شیعری گوتووە، من پێم باش نین. پێم وایە بەکار نایەن پێم گوتووە دەری نەخا. چەند دەنکێکم لێ خوێندەوە بۆ کاکە رەحمان. سبەینێ کە هەستام برۆم و کاڵەم دەبەست گوتی بەسواری دەتنێرمەوە ماڵێ نۆکەرێکیش لەگەڵت دێ، یان ئەو شیعرانەی هەموو بۆ دەنووسییەوە و دەیدەیەی یان هەر لە ماڵت دەبێ و نانت لەسەر دەخوا و کا و جۆت لێ دەستێنێ بۆ ئەو دوو ئەسپانە بەو زستانە. هەرچی دادم کرد بێ فایدە بوو، بەڵام سوێندی خوارد کە هەرگیز ناوم ناهێنێ، کاکە شیعرەکانی لەبەر کردبوو لە هەموو مەجلیسێک دەیخوێندنەوە هەرچی دەیبیست دەیاننووسییەوە تا وای لێ هات پێش ئەوەی من بگەمە سابلاغ کەلێک لە رەفیقان نووسیبوویانەوە.

٣١- ئەوێ شەوێ چوومە قاقڵاوە، لە ماڵە فەللاحێک میوان بووم. ڕۆژی دوایی هەرچەند زۆریش وڵات قوڕ بوو منیش هەر کەوشم هەبوو گەیشتمە دێ مووسای، کە مەودایێکی زۆر دووری هەیە. شەو لە ماڵە سۆفی سادق ناوێک میوان بووم، بۆ سبەینێ کە دەبوو لە کوێستانی گەورەی گوڵە زەردە سەرکەوم، گوتیان خەتەرە و ئەمڕۆ کڕێوە دەبێ، چوار تمەنم دا بە کابرایێکی لەگەڵما بێ. بەڕاستی تەهلوکە ڕێیێکی عەجایب: نە من چاوم هەڵدەهات لەبەر کڕێوە، نە کابرای بەڵەد. بەڵام ئەو زۆر بەڵەد بوو. من دەستم دە قایشی پشتێندی ئەو گرتبوو دەیکێشام.

٣٢- نێوەڕاستی کوێستان پتر لە حەفتا کەس هەموویان مابوونەوە، ڕێگایان دەرنەدەکرد. کابرای بەڵەد گوتی: وا ئەو فەقێیە دەبەم تا ئەوسەرێ و دێمەوە ئێوە شارەزا دەکەم. لەودیوی ڕەشانگێک هەبوو، کابرا گەڕاوەر، بایێکی توندی دەهات سەربەرەوژێر رام کرد، کڵاوەکەم بە چڵی دارێکی دارستانەوە مایەوە، ئاوڕم لێ نەداوە کوتم هەموو شتێکم لەدەست چوو، با ئەو کڵاوەش بۆ تۆ بێ، چوومە دێی بەردەرەش لە وڵاتی بانە لە ماڵێک لام دا کە دوو ژن و کچێکی لێ بوو.

٣٣- دیتنی ئەو جوانانە ماندوویی چەند ڕۆژەی حەساندمەوە، لە هەرە جوانە نازدارەکانی کوردستان بوون، پاش گەرمبوونەوە هەر ئەو ڕۆژە بە تەنیا و بە نابەڵەدی چوومە دێیێک - سەرتەزێن، لە ماڵە حاجیێک میوان بووم، هەرچی قسەخۆش بوو زۆر سەخی بوو، پێنج شەش میوانی تریشی هەبوو شەوێ جلی پێ داکەندین تێ وەشاند، بەیانی کە هەستان نوێژ بکەن گوێم لێ بوو حاجی گوتی، ئەو فەقێیە هەڵمەسێنن، من پێم وایە کەمتر فێری نوێژکردنە، کە لەخەو هەستام حاجی جووتێک کاڵەی بۆ هەڵبەستبووم، چۆغە کۆنێکی دە لاقمەوە پێچا و بە کابرایێکی ئەسپاردم کە لە ڕێگا ئاگای لێم بێ، ئەو ڕۆژە لە ڕێگە بەفرێکی زۆر قورسمان لێ باری، شەو چووینە

دێیێک سیاوەمە، لەناو جەنگەڵی چوغوردایە لە بانە، فەقێ بووم، پێشنوێژیم بۆ کردن. زۆرم دوعا بۆ خوێندن.

٣٤- شەو دانوولەی گەنم و نانی هەرزنیان هەبوو بۆیان هێنام، سبەی بەیانی نوێژم بۆ کردن و نووستمەوە، چێشتەنگاو هەستام لەخەو، دیتم ئەهلی دێ هەموو دەوران دەوری دیوەخان دانیشتوون، گوتیان فەقێ زۆرمان نوێژی تۆ وەبەر دڵی کەوتووە، ئەگەر لێرە بمێنی زەکاتت دەدەینێ و پێنج بزنت دەدەینێ، دۆی بخۆ و کاریلەکانی بۆ خۆت، بچۆ لەسەر ڕێگەی کانیش ڕاوەستە، کچی هەر کەسێکت پێ جوان بوو لێت مارە دەکەین، مەلای ئێمە بە و بە منداڵانمان بخوێنە، بەخوا بە هەزار کێشە لە دەستیان خۆم ڕزگار کرد. ئەو ڕۆژە چووم بەرەو بلەسەن، هێند بەفر باریبوو، لنگم نەدەگەیشتە سەر عەرز. ڕێگا تەڕ بوو، شوێن نەبوو نابەڵەد بووم، ڕێم لێ گۆڕا لەناو دارستاندا برسی بووم زۆر ماندوو بووم، دەپاش نوێژێکی درەنگدا شوێنی ڕاوکەرانم دیت، پێیدا ڕۆیشتم، چوومە ناو دێی بلەسەن ماڵە کوێخا، کە دانیشتم هەر ژن دەهاتن تەماشایان دەکردم و دەڕۆیین، پاشان یێک هات لاق و کاڵەی لە بەفر ماڵیم، گوتی ڕەنگت وا زەرد بووە پێمان وابوو ئێستا دەمری.

٣٥- ئەو شەوەش چوومە مزگەوت، سبەینێ دوو چێوداری عێراقی بزنیان پێ بوو دەچوونەوە ڕەگەڵیان کەوتم. دەبوو ڕێگا بۆ بزن بشکێنین تا پاش نوێژ هات لەگەڵیان بووم، لاقم سەرمای بوو کوتم من دەڕۆم ڕێگایێکیان پێ کوتم کە من باشی تێ نەگەیشتم و دوای جوێبوونەوەم لەوان ڕێگام لێ گۆڕا، هێندێک لەو کێوە چوومە خوار، لە دوور ڕەشاییی دێیێکم بەچاو کرد. پێم وابوو ئەوە ئەو دێیەیە کە ئەوان دەیڵێن. سەر بەرەوژێر بێ ڕێگا بەنێو دارستاندا روو بە دێ ڕۆیشتم. بەڵام پاش سەعاتێک ڕۆیشتن کەوتمە ڕەشانگێک کە بەفری لێ چووبووەوە، قوڕ بوو لەوێ هەڵخلیسکام تا گەشتمە

سەر بەردێکی پان، خۆم گرتەوە.

٣٦- کە ڕوانیمە لای خوارەوەم هەزار بە هەزارێکە پیاوی لێ دەتۆقێ. وا دێتە بەر زەینم بە قەدەر خانوویێکی دوو قاتی دەهاتە بەرچاو، یێک پارچە بەردی لووس بوو، لاقی منیشی لێ گیر نەدەبوو. لەوێ مامەوە، زۆرم حەول دا بگەڕێمەوە. لە قوڕەکە نەدەکرا سەرکەوم. بە چەنگە کڕکە سەردەکەوتم، لەپڕ هەڵدەخلیسکام، دەهاتمەوە سەر بەردەکە، ئەگەر راوەستابام تا تاوپەڕ و قووڕ بی بستبایە بۆ خۆم ئەگەر لەسەرمان نەمردبام، ورچ دەیانخواردم، هەستیشم کرد کە لاقم سەرما بردوویە.

٣٧- هەرچی بیرم کردەوە، هیچ چارەم نەدی غەیری ئینتحار. کوتم لەو بەردە خۆم هەڵدێرم دەمرم، جار بە جەحەندەم. بۆچی پاش من شەو و رۆژ و بەهار و هاوین نایە؟ بەخوا لە پێشدا بوخچەی کتێب و گۆچانەکەم هاویشتە خوار، ئەوجار قوونم دایە سەر بەردەکە و لاقم شۆڕ کردەوە و چاوم قووچاند و لەو حەوایەڕا خۆم هەڵداشت، بەلام نەمردم چونکە بە شەش حەوت میتریش لەخوارەوە بەفر بوو کە با ڕنیبوویە شیو و دۆڵی ئەو بەردەوە. بەلام کە چاوم هەڵێنا وەک لەناو چالاوێکی قووڵدا بم وابوو. جێگەم لە بەفرەکە قووپابوو، ئەمجار بە پەلەقاژە رووبەڕووی خۆم بەفرم دڕی لە جێگەیێک سەرم هێنا دەر، گەڕام جێگەی بوخچە و گۆچانیشم دیتەوە، دەستم وا چووبوو گۆی نەدەگرت. چوومە بڵندایێک ڕوانیم جێگەیێک لەبەفر قووپابوو، زانیم جۆگە ئاوە. بەوێدا رۆیشتمە نێزیک دێ.

٣٨- دوازدە سەگی دێ، ئەویش سەگی ئەو دارستانە بۆم هاتن و دەورەیان دام، منیش هەرچەند دەستم زۆر چووبوو، بە گۆچانەکەم دیفاعم لەخۆم دەکرد، بەلام ئەوان زۆری منیان دەبرد و وەختبوو پەکم کەوێ، لەو دەمەدا کوڕێکی جحێل بە بێڵەوە هاتە هاوارم خەلاسی کردم و چوومە دێ، دێ هەشت ماڵە و مزگەوتیان نەبوو. چوومە ماڵی کوڕەکە، هەر خۆی و

خوشکی بوو ماڵی تاریک و تەڕ لاقیان گەسک دام و ماستاویان بۆ هێنام و چای بەکشمیشیان بۆ لێ نام. ئەو دێیە ئەنجینەی سەخت ناویەتی بەڵام لە هەمووی سەیرتر من لەو حاڵەدا بووم لەو دەمەدا کچێکی کراس سووری بە سیلسیلە و فیلفیلە هاتە ژوورەوە و گوتی: وەستا هاوێنە و بریقەت پێیە؟ بریقە مەقسوودی پووڵەکەی دەسماڵان بوو. پێی وابوو من جوولەکەی وردەواڵە فرۆشم. کوڕەکە گوتی: هەی ڕەزگت نێم هەرێ وەڵڵا، ئەوە مەلایە، خۆ جوولەکە نییە، ئەمجار پاش ئێواریێ بوو کوڕەکە ڕێگەی نیشان دام چوومە ئەنجینە کە لەسەر حدوودی عێراقە.

٣٩- لە قەراغ دێ لە منداڵێکم پرسی، ماڵە خەلیفە ساڵح لە کوێیە؟ "ئەوە کوڕی ئەنجینەی سەخت پێی گوتبووم". منداڵەکە ولاغی دەبردە سەر ئاوێ، بەجێی هێشتن گوتی: لەگەڵ من وەرە، کە چووینە حەوشێ هاواری کرد بابە میوانێکی دیکەشمان بۆ هێنای، بابی گوتی: ئافەریم رۆڵەم، مێوژت دەدەمێ هی دوو میوانان، ئایا ئەو سەخاوەتە لەناو چ میللەتێک دەس دەکەوێ، بە کورت بڵێی: بەرتیلت دەدەمێ میوانم بۆ بگێڕنەوە؟ چونکە هەموو کەس میوان رادەگرێ، چوومە ماڵە خەلیفە ساڵح، میوانێکی تری هەبوو، زۆری پێ نەچوو رەفیقە عێراقییەکانی منیش هاتن. ئەو شەوە جلیان بۆ تێ وەشاندین سبەینێ کەوتینە رێ لەگەڵ عێراقییەکان و چوومە سەر چۆمی ئەنجینە کە خەتی فاسیلی عێراق و ئێرانە. چۆم سەهۆل بەستبووی، بە بەرد شکاندمان، رێگەیێکی چکۆلەمان تێ کرد بۆ بزنەکان. هەوەڵ جار من پەڕیمەوە. کە گەییمە ئەوبەر ئاگرم کردەوە.

٤٠- وەختێ لە خۆم ڕوانی وەک چەکمەی سوورم لە پێدا بێ، هەموو لاقم شەلاڵی خوێن بووبوون، ئاوە ساردەکە بڕیبووی. شەو چووینە کۆخێکی لە قەراخ مەرزی ورچەک، کە ئەو کۆخە هی مێرد و ژنێکی جحێڵ بوو بە تەنیا لەو چۆڵە ماڵیان کردبوو. بۆ سبەی چووینە دێییێک ناوی بیوران بوو بەڵام کە

چووین نوێژی شێوان بوو. دیتمان دێ ئاڵۆزاوە و خەڵک ماڵاتی خۆیان رادەگوێزن. گوتیان ئێوە لێرە مەبن ئەو شەو عەشیرەتی پژدەری دێن تالانمان دەکەن. کورە ئەدی حکوومەتی عێراق؟ گوتیان بە خوا پۆلیس بەشەو وەدەرناکەون. ئەگەر هەزارمان لێ بکوژن بەڵام بە رۆژ مومکینە ئەوانیش بێن و هاواری شێخ لەتیفیشمان بگاتێ.

٤١- ئەمە چووینە مزگەوت، روانیم وا مەلای دێ کە ناوی مەلا عەزیز بوو، خەڵکی ترساندووە، دەڵێ هەڵێن، چونکە بۆ خۆی مەڕ و بزنی زۆری بوو، دەیویست دەربازیان کا، کوتم: ئێوە چەند تفەنگتان هەیە؟ گوتیان سێزدە. چەند فیشەک؟ دوو سەد فیشەک، کوتم دەسا تفەنگێک و بیست فیشەک بدەن بە من و کێهە لا زۆر خەتەرە تەسلیمی منی بکەن، ئەگەر تا سبەی هێشتم کەس لەلای منەوە بێ، بمکوژن ئێوەش دیفاع لە هەر چوار لاوە بکەن تا سبەی.

٤٢- شەجاعەتیان کەوتە بەر گوتیان لەتوپەتیشمان کەن خانوان بەجێ ناهێڵین تا لێمان بسووتێنن. یا ئەڵڵا کورگەل، مەلا عەزیز ترسەنۆکە با بۆ خۆی هەڵێ. بەخوا ئەو شەوە بۆ کێشکی دێ دانیشتین، بەڵام کەس نەهات شەری لەگەڵ بکەین. سبەینێ پلاو ساوار و چای و ئاش پێ دەگەرا، هێندەیان قەدر گرتین. ئەو رۆژە چووینە کەناڕوویە کە دێیێکی شێخ لەتیفە لە ماڵی یەک لە بزن فرۆشەکان میوان بووم. شەو لە مزگەوت نووستم بەیانی پێش نوێژی سبەی کەوتمە رێ بەرەو سولەیمانی، کە سەرکەوتم لە ئەزمر (کێوێکە) سولەیمانیم لێ دەرکەوت، کەوتمە خەیالات و بیرکردنەوە، خوایە چ خەونێکە دەیبینم؟ من چەند رۆژ لەوەپێش ساحیبی ماڵ و خان و ژن و منداڵ بووم، ئەمرۆ وەک تازە هاتبمەوە دنیا هیچ شک نابەم و کەس ناناسم، دەبێ چۆن بم و چۆن سەر دەرهێنم؟ بڕیارم دا کە بچمە مزگەوتان و ببمە فەقێ وەک قەدیم، بەڵام لە قەراغ شار کوتم ئەمشەو ماندووم دەچم لە

هۆتێلێک ئیسراحەت دەکەم، سبەی دەبمە فەقێ. لەناو شار لە کابرایەکم پرسی: مێهمانخانە لە کوێیە؟ گوتی بڵێ هوتێل دەنا پۆلیس بزانێ ئێرانیت دەتگرێ. بردمی هوتێلێکی پێ نیشان دام.

٤٣- شەو چوومە قاوەخانە لەپڕ کەوتەوە بیرم کە من ئاشنایەکی خەڵکی پێنجوێنم هەیە، پێنجوێن بە بوومەلەرزە تێک چووە، خەڵکەکەی چوونە شارانی تر، دەبێ ئەو ئاشنایەم لێرە نەبێ؟ لە یەکێکم پرسی: ئەرێ مەلا عەبدوڵلا فەقێ پێنجوێنی شاعیرێکە لێرە نییە؟ گوتی بەڵێ دووکانی لەسەر جادەی تازەیە. شەو چوومە حەمام و سبەی چووم لە دووکانێکی کتێبفرۆشیم پرسی، دوکانی مەلا عەبدوڵڵا فەقێیان پێ نیشان دام، سڵاوم کرد، نەیناسیم: گوتی بەخێر بێی، چۆنی؟ منداڵ چۆنن؟ براژنم چۆنە؟ بارەکەت فرۆشت؟. کوتم نامناسی، ئەو قسانە چییە؟ گوتی ئەوە لەبەرم کردووە بۆ هەموو مشتەرییەکی لادێیی دەیڵێم بیناسم و نەیناسم. کوتم من هەژارم. دەستی کرد بە گریان، کوتم گریانی ناوێ، عیلاجێ بکە، نابێ بهێڵی کەس بزانێ کە من لێرەم، گوتی بەڵێ یەک نەفەر هەیە دەبێ بزانێ و ئەوە دەچم بانگی دەکەم.

٤٤- رۆیشت پاش تۆزێک هاتەوە، پیاوێکی عەینەک لە چاوی، پیری سمێڵ تاشراوی درێژی رانک و چۆغە پینەکراوی دەگەڵ خۆی هێنا. کابرا هەر لە دوورەوە گوتی: ئای ئای گووم کردە ئەو پشتێندە گیرێچنە ئێرانییەت؟ هەتیو خۆ پۆلیس بتبینێ دەتگرن، دانیشت بەبێ ئەوەی بڵێ ماندوو نەبی گوتی خەم مەخۆ، ئێمەش زۆر جارمان خۆ ماندوو کردووە و چمان پێ نەماوە، رۆژێک دەبێ هەر سەرکەوین. هەستە با بڕۆین، بردمیە ماڵە خۆی، هەر ئەوەندەی نیو سەعات نەچوو کە کارێکی وای کرد من شەرم نەکەم و ماڵە وی بە ماڵە خۆم بزانم. ئەمرم دەکرد بە کچ و ژنی ئەوی: چام بدەنێ، ئاوم بۆ بێنن، ئەو شەخسە ناوی میرزا رەحمان بانەیی بوو کە بە حەقیقەت لە

دواییدا بوو بە مامۆستای رووحی و زۆر شتی فێر کردم و هەروەها پەنا و پەسێوی هەژاران بوو، ئەگەرچی بۆ خۆشی هەژار و دەست تەنگ بوو، میرزا رەحمان چاکترین شەخسێکە کە من لە حەیاتمدا تووشی بووم کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، بەڵام داخی گرانم ئەمڕۆ کە وا کورد هێندێک باوی پەیدا بووە و هومێدیان هەیە، میرزا رەحمان لە خاکدا نوستووە و گیا و گژ لەسەر گۆڕی شین بووە.

٤٥- من لە ئاورێلی ساڵی چل و هەشتدا چوومە بەغدا و لەو رۆژەوە برسیایەتی و رووتی و نەداری و لەش بە باریم دەستی پێ کرد، زمانم نەدەزانی، هیچ کەسم نەدەناسی. لە خانێکی کۆنی ناخۆشدا دەژیام کە باسی ناخۆشییەکەی بە کتێبێک تەواو نابێ، چونکە هەرزان بوو، منیش ئەگەر چوومە بەغدا شازدە دینارم پێ بوو. مانگی دوو دینار کرێی خەوم دەدا، باقی دیکە پێی بەڕێ دەچووم و هەر لە بەیانییەوە بەرم لە دووکانان دەگرت تا ئێوارە هەر دەچووم دەمپرسی: شوغل؟ (چی تریشم نەدەزانی) سەریان لێ ڕادەوەشاندم.

٤٦- رۆژێک کابرایێک بە کوردی لێی پرسیم: کوڕە تۆ چکارەی؟ کوتم: کوردم و غەریبم و زمان نەزانم کارم دەست ناکەوێ. گوتی کوردی سابلاغیت؟ کوتم بەڵێ. گوتی منیش سابلاغیم و جوولەکەم و ناوم یێرمیایە، من کارت بۆ پەیدا دەکەم. ویستی پوڵم داتێ، نەمویست، کوتم کار نەکەم پوڵی بەخۆڕاییم ناوێ، گوتی دەسا دەعوەتت دەکەم، نان بخۆ، قەبووڵم کرد و جەمێکم خوارد، هێزێکم هاتەوە بەر، ئەمجا گوتی بچۆ لای منەشێ بڵێ کارت داتێ.

٤٧- گوتی بڵێ یێرمیا دەڵێ کارت بداتێ، کە چووم پێم گوت، گوتی باشە سەری مانگ وەرەوە کارێکت بۆ پەیدا دەکەم، هاتمەوە بە یێرمیام گوت: حەوت رۆژ ماوە بۆ سەری مانگ لەو حەوت رۆژەدا چ بکەم؟ گوتی بچۆ

تەکیـەی غـەوسی گـەیلانی، لە دیوەخـانـی نەقـیب، کـابرایەکی لێـیـە، ناوی حـوسێن کـەرەناچییـە، سـابلاغییە بلێ من یێرمیا ناردوومی بۆ لات کارم بۆ پەیدا بکە، چووم کـا حـوسێنم دیتـەوە پیـاوێکی پیری کـەچەڵی قسـەخۆش لەسـەر کورسـیێک دانیشتبوو، قەلیاناوی دەکێشـێ، مـنیش کەسیف و پیس و چڵکن، چووم، کوتم یێرمـیا نـاردوومی، گوتـی سابلاغیت؟ کوتم بەڵێ، گوتی چایەکی بۆ بێـنن. هـەر دانیشتم و دانـیشـتم کـابرا چی نەگوت. پاشـان کـوتم مـامە ئەگـەر کارم بۆ پـەیدا ناکەی پێم بلێ. گوتی رۆڵە کـار پەیدا بووە، تۆش وەک من چم کرد بیکە و چیم خوارد بیخۆ و خەلاس.

٤٨- لەو رۆژەوە مـام حـوسێن و ئـامینەی ژنی کـە هـەرتک پیـر و فـەقیـر بوون، بوونە باوک و دایکم لـە غوربەت. رۆژانە لـەگەڵ کا حـوسـێنا ئاوپرژێنی قـەسـری نەقـیبمـان دەکرد، دەمـانماڵی و کاشـیمـان مـەسح دەکرد و نانمان دادەنا. پاش خەلاسبوونی هـەمـوو کارێک خۆشـمان نانمان دەخـوارد. مـانگی رەمـەزان سـەرانسـەر ئەو کـارەم دەکرد. کـا حـوسێن پێـی کوتم سـەری مـانگ مەعاشت بۆ دەستێنم لە نەقیب. بەڵێ رۆژی جێژن نەقیب چوارییێکە دینارێک لە حـەقی رۆژێکی کـارگـەرێک بۆی ناردووم. منیش نەمـویست، مـام حـوسێن گوتی کاری بۆ مەکە.

دیسـان کـەوتمەوە کـار پەیداکـردن، پاش زەحـمـەت و گـەرانێکی زۆر لە رەسـتـورانێکی دامـەزرام کـە ئاو تـێ کـەم و وەلات گـەسک دەم و کـاشی و عـەرزی ژوورەکان بە پەرۆیێکی نمناک بماڵم. مـانگی چوار دینار و خـواردنم بدەنێ و شـەویش لە سەربانی رەستورانتەکە بنووم. دەبێ ئەوە بزانرێ کە لە بەغـدا، هـاوینان دەرەجـەی گـەرمـا لە بـەینی چل و پێنـج و چل و هـەشت دەرەجـەدایە. منیش لەو دەمـەدا لەو رەسـتۆرانە بووم سـەعات پێنجی بەیانی هەڵدەسـتـام لە خـەو، گـەسکم هەڵدەگرت و دەمماڵی و لە پاشـان بـە کـوتە تەلیسـی تەڕ کاشیم دەماڵین. ئەوجار مێز و سـەندەڵیم رێک دەخستن، کە پتر

لە چل مێـز بوون و هـەریێکە چوار کـورسـی بوو. ئەوانەشم هـەمـوو بە پەڕۆی خاوێن دەتەکاند و دەممالّین.

٤٩- ئینجا لە سـەعـات هەشـتـەوە مـشـتـەری پەیدا دەبوون بۆ بـەرچایی خـــواردن. دەبوو مـن ئـاویان بـۆ بەرم و دوای خـــواردن قـــاپە بـەتاڵەکـــان هـەڵگرمـەوە و بیبـەم بۆ قـاپشـۆر. مـەخـسـووسـەن لە سـەعـاتی یازدە تا دوای پاش نیـوەڕۆ کــە وەخـتی نانـی نیـوەڕۆیە بوو، نە مـن وە نە گـارسـۆن یێک دەقـیـقـەش نەمـاندەتوانی بـە رۆیشـتن بـڕۆین. وەک بارگـینی عـەجـەمـان هـەموومان یۆرغە بووبووین. هـەموو بەری پێم کاوە کاوی بوو. لە سـەعات دوو تا دوو و نیـو خـەڵک نەدەهـاتن. دەیانگوت ئـیسـتـراحـەت بکەن. حـەتتـا لە ئاودەسـتیش نەیاندەهێشت ئاو بەخـۆدا کـەین، کـە ئاو هیچ قیمـەتی نییـە لە بەغدا. ئەوجـار بەو گـەرمـایە نـەیاندەهێشت لەبـەر سێبـەر دانیـشین، چ جا بنووین. دەیانگوت مـەبادا مشـتـەری بێن و بتـانبـینن، مـەنزرەتان پیسـە، بەو گەرمایە دەچووم لەبەر تاو لە سەربان رادەکشـام کە لاقم تۆزێک بحەسێتەوە، بەڵام لە ئارەقدا شـەتڵ دەبووم، لە سێ و نیوەوە دەبوو من ئەو هـەمـوو مێز و سـەندڵیـانە بـەرمـە سـەربان، سـەربانیش بماڵم. ئەمـجـار هـەمـوو شـتێک رێک بخەم بۆ گارسۆنان، ئاوپرژێنی حەوش و سـەربان دەبوو بکەم.

٥٠- ئەمـجـار دیسـان مـشـتـەری دادەبارین، ئاو تێ کـەم و قـاپی بەتاڵ هـەڵگرمـەوە و بێم لەسـەر خـەیابان، جگارەیان بۆ بکرِم، سـەرباری هەمـوویش بێگاری خاوەن رەسـتۆران و گـارسۆنان کە منیـان لە جیاتـی کلّفـەت و نۆکەر دەکـار دێنا و کـاری مـاڵە خـۆیان پێ دەکردم. ئەوە دەبوو هـەڵێم و هـەڵسـورێم تا سـەعات دوازدەی نیـوەڕۆیە. ئەمـجار رەسـتۆران چۆڵ دەبوو، دەبوو مێز و کـورسـییان هـەمـوو بێنمـەوە خوارێ و سـەربان گەسک دەمـەوە. پرزە و زبڵ و زاڵی ئارەق خۆران بخەمەوە ناو سندووقی زبڵەوە. ئەمـجار باغچەی حەوشی رەسـتـۆران ئاو بدەم، لە سـەعاتی دوو دەیانگوت: بـڕۆ بنوو دەهـاتم لە سـەربان

حەسیرە شڕەکەم ڕادەخست و جلە کۆنی خۆم دەکردە سەرین، ئەو دوو سەعاتە ڕادەکشام لە سەعات پێنج دیسان هەمان پەت و هەمان سنگ. کارەکەم دەستی پێ دەکردەوە. لە سەعات حەوت و نیوی بەیانی دەیانگوت وەرن نان بخۆن. من و قاپشۆر و شاگرد کەبابچی، کە ئەوە ئێمە تەبەقەی لە هەمووان پەستتر بووین یەکێ حەبێکیان لە رووحی شەکر بۆ دەخستینە ناو کوپێک چاوە یێکی سەموونێکی رەق هەڵاتووی دوێنێ کە ئیتر تازە کەس نەیدەخوارد و دەبوو فڕێ بدرێ دەیاندایێ.

٥١- لە بیرمە ڕۆژێک کە سەموونە ڕەقەکەم بۆ بەتەنیا نەدەخورا، دەستم برد دەسکێکم کەرەوز هەڵگرت (کە سێ دەسکی بە فلوسێکە) کە بیخەمە ناو سەموونەکەم، کابرای ساحێب رەستۆران چاوی لێ بوو، هات لە دەستی ستاندمەوە و سێ چوار جنێوی قەڵەوی تەحویل دام، ڕۆژێک بانگیان کردین کە وەرن کەباب بخۆن، بۆ ئێمە زۆر شتێکی عەجایەب بوو. باوەڕمان نەدەکرد، بەڵام کە چووین دیتمان گۆشتیان لێ بۆگەنیو بووبوو، بەجۆرێک لەبەر بۆگەنی نەتدەتوانی لێی نێزیک ببیتەوە، هەروەک سەگ تۆپی بێ و با بۆنەکەت بۆ بێنێ. هەر هەڵاتین، کوتمان بابە حاشا لەو کەبابەی کە پێی دەمرین. سەموونی خۆمان دەنێ و بەس. دیسان چەند جنێوێکمان پێ گەیشت، گوتیان ئێوە فێری فەقیری Feqîrî و شت خواردن بوون، گۆشت ناخۆن، سەموونتان دەوێ، ئاخر بۆیە خودا ناتانداتێ. نیوەڕۆیان و شەوانە پاش خەلاسبوونی مشتەری هەر یەکەی لە دەورێکدا وەک چێشتی مجێوەر تێکەڵ: برنجی رەقی بن مەنجەڵ، وردە گۆشت و ئێسک، باینجانی سووتاو و بیبار، خولاسە لەو هەموو مەنجەڵانە هەرچی مابووەوە، بۆیان لێک دەدان و یەکی سەموونێکیان دەدایێ و حەقمان هەبوو بەفراوی لەسەر بخۆینەوە.

ئێستاش بۆیە دیوانم لە دیوانی خۆم نێو ناوە "چێشتی مجێوەر" تا هەموو جارێ ئەوەم وەبیر بێنێتەوە.

٥٢- دوو مانگم بەو جۆرە رابوارد، سەری مانگی هەوەڵ هەر تەفرەیان داین و مووچەکەیان نەداینێ تا سەری مانگی دووەم، ئەوجار گوتیان، بەخوا نابووت بووین و پووڵتان نادەینێ، هەرچی داد و هاوارمان کرد، بێ فایدە بوو، قاپشۆرەکە چوو شکایەتی کرد. دوو پۆلیس هاتن دەستبەجێ خاوەن رەستۆران داینان و یەکی چارەکێک ئارەقی بۆ هێنان و خواردنی دانێ. بەخوا پۆلیسم پۆلیس بێ، وەرگەڕانە گیانی قاپشۆرەکە بە شەق و زللە بردیان بۆ حەبس. ئیتر ئێمە نەماندەوێرا فزەی بکەین. حەسیرە شڕەکەم پێچاوە و لەسەر شان بردمەوە لای تەکیەی غەوسی، ماڵی مام حوسێن، ئەمجار پاش چەند رۆژێک مام حوسێن دایمەزراندم لای سەید برایمی نەقیب کە ئەویش ئامۆزای سەید نەقیبی غەوسە، مانگی چوار دینار و خواردنم بدەنێ شەوانەش لە تەکیەی غەوس بنووم.

٥٣- ئەو سەید برایمە (٥٤٠) خانووی بە ئیجارە دەدا کە موڵکی خۆی بوو، باغێکی هەبوو خورما و پرتەقاڵ. ئەوساڵ من لەلای بووم بە حەوت هەزار و چوارسەد دینار بەئیجارە چووبوو، دەیانگوت: پێنج ملیۆن دیناری لە بانکدا هەیە، ئۆتومبێل و قەسری تو ئەندەر تووی و قەسری کوڕی هەر باس ناکرێ، کە چۆن بوو.

بۆ خۆی ژنی نەمابوو. نۆکەریش من و شوفێرێک و سۆفییەکی ئەفغانی و کوڕێکی هیندی و کڵفەتێکی جوانکەڵەی حیز و دوو پیرێژنی لەلا بوون، کاری من ئەوەبوو لەگەڵ کڵفەتەکە وەتاغی دانیشتن و نووستنی سەید برایم رێک خەین و وەختی نانخواردن دەبوو من نانی بۆ بەرم و لە بەرچاوی خۆی ماستاوی بۆ بکەم، چونکە من ئیختساسی بووم لە ماستاو دروستکردندا، هەموو چێشتەنگاوێک لەگەڵی سواری ترومبێل دەبووم، دەچووینە باغەکەی تا سەعاتێک دوای نیوەڕۆ.

٥٤- زۆر سەیر بوو ئەو باغەی کوتم بە ئیجارەی دابوو، هەموو رۆژێ دوو

سێ قەرتاڵەی خورما دەهێناوە، بەڵام نەیدەهێشت نە من نە شوفێر دەنکێک خورما بخۆین. کابرای باخەوان بەدزی ئەوی پێی گوتین هەموو رۆژێ دەسەرەی خۆتان بدەن بە من، خورماتان بۆ تێ کەم، چوون ئەو سەید برایمە ئەوەندە پیس و چرووکە، هەرچەند باغ لە ئیجارەی مندایە و ئەو هیچ زەرەر ناکا دیسان پێی ناخۆشە منیش بیبەخشم. ئەو دەوڵەمەندە رۆژانی جومعە سەد فلووس، فلووس، فلووس لەناو کیسەیێک دەکرد و بەفەقیرانەوە دەگەڕا یەکی فلووسێک یا دوو فلووسی دەدانێ. بەوە باسیان دەکرد کە زۆر سەخییە، کەچی ئەگەر هیندی و پاکستانی دەهاتنە لای چوار شایشی لێ وەردەگرتن.

نەیدەهێشت دە وەختی بێ کاریشمدا رۆژنامە بخوێنمەوە. دوژمنی خوێندەواری بوو، رۆژێک کوتم: ئەفەندی چ زیانی هەیە بۆ تۆ کە من رۆژنامە بخوێنمەوە؟ گوتی من نامەوێ عیلمی شەیتانی فێر بی.

٥٥- گەلێک رۆژان منداڵی کوڕەکەی دەهاتن، دەبوو من ببمە لەلەی منداڵان و بیانگێڕم و ئاگام لێیان بێ و ئەگەر ماندوو بوون بە باوەش هەڵیانگرم. بەڵێ نیسبەت بە رەستۆرانەکە حاڵم زۆر خۆش بوو، بەڵام قەدەرێک نەخۆش کەوت بە حەیاتم ترسەنۆکی وام نەدیوە بەو سەروسیما و ڕیش و پەشمەوە رۆژێ هەر دەگریا، دەیگوت دەمرم، هەر جارێک کە بچووبا ئاودەست دەبوو من و نوورییە، کچە جوانەکەی کلفەت بەتەختەوە هەڵی گرین لەبەر ئاودەست داینێین، هەر لە ئاودەست هاتبا دەر خۆی لەسەر تەختەکە ڕادەکێشا و دەمانهێناوە جێگاکەی خۆی لەناو باغچەی قەسر.

٥٦- شەوێک درەنگ کە دەگەڵی دەچوومەوە ماڵێ لە پێشەوە دەڕۆیشتم، چونکە لە تاریکی دەترسا، لە پلەکان سەرکەوتین دووپشکێکمان دیت و پێلاقەم پێدا دا و کوشتم. گوتی ئەوە چ بوو؟ کوتم دووپشک، ئیتر ببڕای ببڕای بوێرێ لەو پلیکانانە سەرکەوێ ئەبەدەن. ڕێگاکەی گۆڕی بەڕیزە

پلیکانێکی دیکەدا دەچوو. جا هەر بەمنی دەگوت، بەخوا راستە کورد لە هەموو میللەتێکی ئازاترن، سەد جاری لە مەجلیسان گێڕاوە کە ئەو نۆکەرە کوردەی من بە پێلاقە دووپشکی کوشت.

بەڵام لە ئاخر و ئۆخری مانگی سێهەمدا دوو خواردنمان زۆر کەم دەدرایە تێرم نەدەخوارد، رۆژێک بە مام حوسێنم گوت، بەڵام سەید برایم گوتی هەر ئەوەیە زیادی ناکەم. لەلای رۆیشتم مواجبی مانگ و نیوێکم لەلای بوو، کە زانی رۆیشتووم پارەکەی نەدامێ و گوتی: دەیدەمە پۆلیس عەسکەریی نەکردووە. بەخوا گوێم نەدایە، تۆزێک فێرە عەرەبی بووبووم پتر لە خۆم ڕادەی کار پەیدا بکەم.

٥٧- ئەمجار چوومە لای وەکیلێکی دادگوستەری ناوی عوبێد شاڵچی بوو. مانگی بە حەوت دینار و نیو و نانی نیوەڕۆیشی بۆ بێنم و بۆ خۆشم بخۆم، ئیدارەکەی چوار وەتاغ بوو، رۆژی خاوێنم دەکردەوە و نیوەڕوان دەیناردم بۆ ماڵە خۆیان نانی بۆ بێنم، ماڵەکەیان دوو مەرحەلەی ئوتوبووس دەچووم، پاشان بە بیست دەقیقە بەپێ دەگەیشتمێ. ئەویش چل فلووسی دەدامێ، حەقی رێگە، چل دەقیقەش بەپێ ئەوسەروسەر، بەو حاڵە نانم بۆ دێنا، لەو دەمەدا مانگی کانوونی ساڵی چل و هەشت بەسەردا هات کە میللەت قەیامی کرد بە زیدی پەیمانی پۆرتسمووت و بوو بە میتنگ و موزاهەرات. من رۆژانە پێش خاوێنکردنەوەی وەتاغەکان بەپەلە دەچووم ڕەگەڵ میتینگ دەکەوتم، ناکرێ باسی ئەو قەیامە تاریخییەت ئێستا بۆ بکەم، بەڵام دەزانی کە زۆر گەنج بەکوشت چوون و پەیمانێکی لە ئینگلستان بە مەرەکەب نووسرا، خەڵکی عێراق بەخوێن کوژاندیانەوە و پەیمانیان پێ هەڵوەشاند.

٥٨- رۆژێک لە رۆژان کە پۆلیس تەقەیان لێ کردین، کابرایێک لە تەنیشت منەوە بوو تفەنگیان لەسەر دڵی دا، کەوت من غارم دا هەڵی گرم و بیبەمە

پەس کووچەیەکەوە، کە من لەسەری داهاتمەوە لەپڕ بەهەموو هێزێکەوە قۆنداغە تفەنگێکیان لە مۆغرەی پشتم دا، کەوتم، کە دەستیان دا پیلم بمبەن، لەو دەمەدا دیسان جوانەکان دەستیان کردەوە بە خشت و بەردباران لە پۆلیسەکان. پۆلیس هەڵاتن و منیان جێ هێشت و کەلاکی کابراش بەجێ ما. بە لارە لارەوە چوومە ماڵە کاک حوسێن، لەوێ کەوتم پاش دوو ڕۆژ چوومەوە لای ئاغاکەم کوتم نەخۆش بووم بۆیە نەهاتووم، ئەگەر هەزار جنێوی پێ دابم کەمە، گوتی پێم وایە تۆ هەموو ڕۆژ دەچییە میتینگدان. بە هەزار سوێند کوتم شتی وا نییە، دوای چوار ڕۆژێک دیتم عەبدێکی ڕەشی ڕاگرتووە و منی دەرکرد، کوتم کە ڕۆژانە دەچووم نانم بۆ دێنا، بەڵام ڕۆژانی جومعە دەیگوت: بڕۆ مەیەوە تا ئێوارە. کوڕێکی دیکە هەبوو فەڕاش بوو لە مەحکەمە، تورکمەن بوو. ئەو ڕۆژی جومعە دەهات و من دەڕۆیشتم، ڕۆژێک پرسیم کوتم: بۆچ ڕۆژی جومعە دەڵێ مەیەوە و تۆ دێی؟ گوتی هەرچەند ئەو وەکیلە ژنی جوانیشی هەیە، بەڵام ڕۆژی جومعە قەحبە دێنێتە ئیدارەکەی تا ئێوارە من خزمەتیان دەکەم و دەزانێ کە تۆ کوردی و شتی وا قەبووڵ ناکەی، دەزانێ کورد هێشتا بۆنی مەدەنییەتیان بە لووتی نەگەییووە.

٥٩- دیسان بێ کار بوومەوە، لەو بەینەدا ڕەفیقی باش و خۆشەویستم پەیدا کردبوون. ڕەفیقێکم کە ناوی محەمەد ئەحمەد بوو ڕۆژێک پێی کوتم: ئەگەر بچیە شاری کووت لەوێ دەتکەن بە سەرعەمەلە و بە سەرفەعلەی قوڕەکاری ڕادەگەی، ڕۆژی بە چوار دینار و سەد فلووس و جێگەی نوستنیشت دەدەنێ، کوتم دەچم مانگی دوازدە دینار زۆرە بۆ من. کاغەزێکی دامێ بۆ موهەندیسێکی کورد لە کووت، لەوێ دامەزرام و ناردیانمە شارێک کە ناوی نەعمانییە. ئەو شارە ئاساری نەعمانی بنی مەنزەی کە بارامی گۆڕی بەخێو کردووە لێیە. ئیدارەی پۆلیسی ئەوێمان تەعمیر دەکردەوە. شەوێ لە یەکێک لە وەتاغە چۆڵەکاندا دەنوستم، زستان بوو زۆر سەرمام دەبوو مزگەوتی سونییانی لێ بوو، مەلای مزگەوت گوتی، وەرە لە

حوجرەیەکی مزگەوتدا بنوو.

شــەوانە بەڕەی مـزگــەوتم بەخـۆم دادەدا و چای گەرمم دەخـواردەوە ئیتـر لەدەست سـەرمـا خـۆم دزییـەوە دەبوو لە سـەعاتـی پێنجی بەیانییـەوە بچمـە سەر کار.

٦٠- فــەعلەی عــەرەبمـان هەبوون، ئەو فــەقــیـرانە بـە پێ خــاوسـی و بە کراسـێکی تەنکی درێژ لەو سەرمای بـەیانییەوە تا دوازدەی نیوەڕۆ یەکوچان کاریان دەکرد. لە سەعات دوازدە تا دوازدە و نیو وچانی نانخـواردنیان بوو. دەنکێکی ڕەش لەناو برنجدا هەیە پێی دەڵێن - داڕووجان- کە لە کوردستان فـڕێی دەدەن، چونکە هێندە تاڵە مریشکیش نایخـۆن. لەوێ ئەوە لە دووکـاندا دەفرۆشرا، فەعلەکان ئاردی ئەو داڕووجانەیان بەئاو دەگرتەوە وەک سـەولەی سـەگان دەیانهـاویشـتـە سـەر تەنەکەیەکی ڕەش، هەروا تۆزێک خـۆی دەگرت دەیانخوارد، لە دوازدە و نیـوەوە تا پێنج و نیو دیسـان کاریان دەکرد. هەموو ڕۆژێ بە سـەد و پەنجـا فـلووس دە شـرووتێکدا کە ئەوان فـەعلەی حکوومـەت بوون و قانوونیش دەیگوت: دەبێ فەعلە هەشت سەعات کار بکا و هیچ نەبێ، دەبێ دووســەد فـلووس وەرگــرێ. ئەمــجــار بەو حــاڵەش مــوهەنـدیس و سەرعەمەلە بەرتیلیان لێ دەستاندن کە کاریان پێ بکەن.

٦١- ڕۆژێک بە فـەعلەتییـەکی جحێڵم کە خـیزی بۆ ئەوانی دیکە تێ دەکرد گـوت: هـۆو کـابرا پیـرە مـاندوو دەبی، زۆری بـۆ تێ مـەکە، ئێـوارێ هـەمـوویان لێـیـان پرسـیم: تۆ لە کـوێڕا هـاتووی؟ چ مـیللەتێکی؟ کوڕە بـۆچی دەپرسی؟ گوتیان چونکە ئەوە جارێک لە ژیانماندا ببینین سـەرعەمەلەیەک جنێومان پێ نادا و دەشـڵێ ڕەحم بە پیـر بکەن. ئەگـەر یەکـێک چڵـێکی کـاهووی چوار فلووسیی خواردبایە و گەڵا پیسـەکانی فڕێ بدایە فەعلەکان گوێ پچڕانەیان لەســەر دەکـرد. شــەوێک مـن و وەســتــای بەننا و نەجـاڕ بە چراوە چووین شەوارەمان کرد. حەوت کۆترمان لە تەویلە کۆنێکدا گرت، فەعلەیەک پاڕاوە،

گوتی بۆتان خاوێن دەکەمەوە، سەروپێ و جەرگ و ریخۆڵەی ئەو کۆترانەم دەنێ.

٦٢- ئەو شەوە زۆر سارد بوو باران دەباری، نیوەشەو کە هەستام لەخەو چوومە دەر دەبینم وا چەپڵەرێزانە و گۆرانی گوتنە لە ژووری فەعلەکان. چوومە پێش پەنجەرە، گوێم هەڵخست، بە قامیشە ڕزیو ئاگریان کردووەتەوە و تەنەکەیان لەسەر دانابوو. ریخۆڵە و سەروپێی کۆتریان دەبرژاند و چەپڵەرێزان و گۆرانییان بۆ ئەو جێژنە بوو. ئیتر سەرما و سۆڵ و هەڵلەرزینەکەیان لەبیر چووبووەوە. گوێم لێ بوو، یەکیان گوتی: چی دی قامیش مەسووتێنن سبەی دەرمان دەکەن. یەکیان جوابی داوە گوتی: نا ئەو عەزیزە (ناوم عەزیز بوو لەوێ) کوڕێکی باشە، بۆمان دەپۆشێ، سبەی زوو راستی پێ دەڵێین.

٦٣- ڕۆژێک گوتیان، ئەورۆ سەرعەمەلەی دیکە لێرە نین، تۆ ئەگەر دوو سەعات ئیجازەمان بدەی، ئێمە بۆ خۆمان بەزم و ئاهەنگ دەگێڕین و کەیف دەکەین. ئیجازەم دان پێم وابوو بۆ خۆیان چێشتی برنج لێ دەنێن، پاش تاوێک کە هاتمەوە لایان دیتم ئەوە خورمای زەهدی کە لەبەر خراپییان کیلۆی بە هەشت فلووس بوو، لە پێش خۆیان هەڵڕشتبوو، دەیانخوارد، ئەوە ئاهەنگەکەتان خورما بوو؟ گوتیان بۆ ئەوەت پێ کەمە؟ یەکێکیان سوێندی خوارد و گوتی: لەسەر ئەم هەموو هەرزانییەش دوو ساڵە تێرم خورما نەخواردووە. سەدوپەنجا فلووس چییە بۆ نان و ئاوی عایلە و خۆم خەرج بکەم و چییان بۆ بدەم بە بەرگ؟ لە ساڵیشدا پتر لە دوو مانگ کارم دەست ناکەوێ. حیکایەتی وام بە هەزاران لەلایە کە خۆم دیومە ناتوانم بۆت بگێڕمەوە، بەڵام من هەموو رۆژ و هەموو شەو بۆ حاڵی ئەو بێ چارانە و هەزارانی دی لە فەللاح و فەقیران چەند جار دەگریام، دەتگوت ئاگرم تێ بەربووە، کوتم ناژیم لێرە ئەو حاڵەی ببینم، دەچمە بەغدا، هەرچەند حەولیان

لەگەڵم دا، موهەندیس گوتی مەڕۆ تۆ ئەمینی و لێم نادزی، ڕۆژە مەعاشت بۆ دەکەمە شەش سەد فلووس... نەمتوانی چاوم لەو حاڵە پەرێشانە بێ، سیپاڵم پێچاوە و هاتمەوە بەغدا.

٦٤- نێزیکەی مانگێک کارم دەست نەکەوت. ئەو پووڵەی لە نەعمانییە پاشەکەوتم کردبوو، هەموو چوو. کەوتمەوە موحتاجی و برسیەتی. لە پاشان ڕۆژێک هاولاتییێکم دیت، گوتی تۆ عەرەبی دەزانی، من دەستمایەی دووکانێکت دەدەمێ پێکەوە شەریک دەبین. ئەوە سەرە بەهاری ساڵی چل و هەشت بوو. دووکانێکی کتێبفرۆشی و وردەواڵەمان دانا لە بەغدا. ناومان نا "مەخزەن و لشوهەدا" بەناوی شەهیدەکانی قەیامی میللەت. دوکان قازانجی نەدەکرد، بەڵام نانی ئێمەی لێ پەیدا دەبوو. دوایە ڕەفیقەکەم گوتی، من دەیفرۆشم، لە مایەکەی شەش دینارمان زەرەر کرد. دیسان دەست لە گونان درێژتر بەرەڵڵا بوومەوە. ئەمجار پاش چەندێک جوولەکەکەی ئاواڵم گوتی، تۆ سەرڕەشتەی دووکانداریت پەیدا کردووە، ئەگەر موحەسیلینی کورد دەناسی ئەوانەی پوڵیان بۆ دێ بیست دینار سی دینار لەسەر یەک بۆ موخاریجی چەند مانگێک لێیان وەرگرە، دووکانێک دانێ. ئەوان وردە وردەیان دەدەیتەوە بەو حاڵەی سەد دینارم وەرگرت لە هەشت نەفەر موحەسیل. ئەمجار جوولەکەکە دەلاڵی بازاڕ بوو، کردمییە ئاشنای دووکانداران و بۆم بوو بە زامن کە شتم بدەنێ و ئەگەر فرۆشرا بیاندەمەوە. دووکانەکەم دانا دیسان هەر بە ناوی "مەخزەن و لشوهەدا" هەم وردەواڵەم دەفرۆشت و هەم کتێب.

٦٥- حیزبێکی فاشیست هەبوو کە حیزبی ئیستقلالیان پێ دەگوت، شەوێک ئەفرادی ئەو حیزبە هجوومیان کردە سەرم، شووشەیان شکاندم، کتێبەکانی دەستی چەپیان هەموو دڕاندن و مەخسووسەن ئەوەی بەقەڵەمی عەزیز شەریف و عەبدولڕەحمان شەریف بوو. هەڕەشەیان لێ کردم کە دەبێ ناوی مەخزەنەکەم بگۆڕم. بەڵێ ناوم نا "مەخزەن موختار" و تەرکی کتێب

فرۆشـیم کرد بەڵام دووکـانەکەم زۆر باش بوو، ئەگـەر باشـیش بـوو بۆ خـۆم هیچ ئیسـراحـەتم نەبوو، هـەر لە سـەعـات پێنجی بەیانی تا سـەعـات دوازدەی شـەو بەتاقی تەنێ لەوێدا بە پێوە رادەوەسـتـام، خـواردنیشـم ئەو چەند سـاڵە هـەر سـەموون و شـەربەتی پیس بوو، هێند زەعیف و لاواز بووبووم کە تووشـی نەخـۆشـیی سـیل هاتم، حـەوت رۆژان لە نەخـۆشـخـانەی بـەغدا نووسـتـم، لە پاشان دەریـان کردم، گوتیـان جێگەی نەخـۆشیی سـیلمان نییە. دووکانەکەم فرۆشت، قەرزی خەڵکیم دایەوە. نێزیکەی هـەشتا دینارم بۆ ماوە.

٦٦- تا ئەو دەمـە رەفیـقی زۆر باشـم پـەیدا کردبوون. بۆم کـەوتنە حـەولان پاسـپـۆرتێکیـان بۆ دروسـت کـردم و لەو دەمـەدا عـەلی حـەیدەر سـولەیمان کە کـوردێکە، وەزیری لەشـسـاغیی عـێراق بوو، برادەریان نارده لای واسـیتـەیان کرد، کە عەلی حـەیدەر لە سـەر حیسابی حکوومەت ناردمیە جەبەل لوبنان لە مـەسـەح بـەحـەننـەس (سـەنـاتۆر بەحـەننەس) نواندیانم. تـەبیـعـیـیـە بە ناوی عـەزیـز قـادر و کـەسـیش لـە حکوومـەتەوە نەیدەزانـی من کـێم. تەنهـا هـەر ئەوەندە کـە من نـەخـۆشـێکی عـێراقیم. دوو سـاڵ دە ڕۆژ کـەم، یانی لە ٢٣ی نۆوامـبری چل و هەشت چوومـە سـەنـاتۆری و لە سـێزدەی نۆوامـبری سـاڵی پەنجا دەرکەوتم وەزنم بیست کیلۆ زیادی کردبوو.

٦٧- ئەو دوو ساڵەش یەکبین لەسـەر تەختێک نووستبـووم. نەجووڵابوومەوە مـەگـەر وەختـی نانخـواردن یا مـیزکردن، لەبەر ئـەوە زگم زل بووبوو، هـەر لەو هـەمـوو نوسـتنە وا تەنبـەڵ بووبووم، کـە هێزی بەڕێدا رۆیشـتنم نەبوو، دەرد و داخـێکی، کـە مـن لەو سـەناتۆرییە دیـتوومـە بەتەنێ کـتێـبێکی دەوێ. بەڵێ هـەرچـەند لـەسـەر حـیـسـابی دەوڵەت بوو، بـەڵام لەگـەڵ چینـی هـەرە فـەقـیـر لە دەرەجە سێ بووم. خواردنمان سەگ بیخواردبایە پشیلە دەرشایەوە.

ئەوجـار بۆڵە و جنێـوی راهیـبـانـی مـەسـیـحی و بـەرتیل ئـەسـتـانـدنی خزمـەتکاران و مەحکوومییەتی زۆر و بێ مەعنا، ئەو دوو سـاڵە زۆرم عەزابی



رووحی پێ گەیشت، بەڵام لە عەینی وەختیشدا ژیانم زۆر پان و پۆڕ و بە تەجروبە بوو. کتێبخانەیەکی پتر لە دوو هەزار جڵد کتێبی باشی ئەدەبی و تاریخی و ئیجتماعی و سیاسیی تێدا بوو، کە هەر نەخۆشان بۆ خۆیان چەند ساڵ بوو کۆیان کردبووەوە و هەمیشە پیاوی باشیان هەڵدەبژارد بۆ مدیری کتێبخانە.

٦٨- ئەو کتێبخانەیە موڵکی نەخۆشان بوو، نە هی سەناتۆری، هەر نەخۆشەی مانگی بیست و پێنج فلووسی دەدا حەقی خوێندنەوە، ئەو پووڵە دەدرا بە کتێب و هەر نەخۆشێک کە بۆ خۆی کتێبی دەکڕی پاش خوێندنەوە دەیدا بە دیاری بۆ کتێبخانە. شەو و ڕۆژ دەمخوێندەوە ئەوجار پیاوی زۆر زانا و خوێندەوار لەوێ نەخۆش بوون، هەندێک ئینگلیسی فێر بووبووم، بە ڕاستی بۆ من ئەو فرسەتە مەدرەسەیەکی گەورە بوو کە زۆر چاوم کرایەوە، کاتێ دەرکەوتم لە مەسەح (سەناتۆری) زۆر داماو و پەرێشان بووم.

٦٩- حیکایەتێکی ویکتۆر هیگۆ هەیە، ناوی "بێ چاران"ە، بەعەرەبی ناوی "البؤساء"ە، تەرجومە کراوە، لەوێدا کابرایەکی ناوی جان وال جانە، لە پاش ئەوە کە نۆزدە ساڵ لەسەر کولێرەیێک کە حەبس کراوە، ئازاد بووە کە دێتە

دێیەیێک کەس رای ناگرێ، مەجبوور دەبێ شەوێ لەوێ لە بەر باران و لەناو قوڕ دەخەوێ، جا لە خۆیەوە دەڵێ: نازانم ئەوە چ حوڕییەت و ئازادییەکە دراوە بە من. جاران لە حەبسدا بەس نەبوو نانم هەبوو، شەویش لەسەر تەختێک دەنووستم و سەریشم سەربان بوو بارانم وێ نەدەکەوت.

منیش وام بەسەر هاتبوو، دەمگوت خوایە من جاران بە ساغی و بە چوست و چالاکی زۆرم کار دەکرد و ماندوو دەبووم و کەمم دەست دەکەوت بیخۆم، ئێستا بە نەخۆشی و تەمبەڵی دوکتۆر پێم دەڵێ: دەبێ کەم کار بکەی و زۆر شتی باشیش بخۆی، ئایا بە نەخۆشی لە مەسەح مابامەوە چاکتر نەبوو لەو لەشساغییە ناتەواوە؟ ئێستا چۆن کار پەیدا کەم و چۆن ئیسراحەت بکەم؟

٧٠- هاتمە شام، پووڵێکم هەبوو، دوو سەد و شێست و پێنج (٢٦٥) لیرەی سووری لەلای کابرایێکی دۆست دامنابوو، چەند جارێک لە لوبنانەوە کاغەزم بۆ نووسی کە بۆم بێنێ نەهات، پێم وابوو کاغەزی پێ نەگەیشتووە. کوتم ئەو پووڵە دەستێنمەوە و پێی دەچمە بەغدا، کە داوام لێ کرد هەیهوو گەزی چی و جاوی چی؟ نیمە کە نیمە و لەلام نییە. هەی دایکت چاک و بابت چاک، ئینسافت بێ، خۆ من بە پێ ناگەمەوە بەغدا... نەخێر مریشک هەر لاقێکی هەیە، هاوارم بردە بەر چەند دۆستێکم لە شام، چوونە سەری بەهەزار ناری عەلی سەد و شێست (١٦٠) لیرەیان بۆ لێ ستاندم و سەد و پێنجی خوارد.

٧١- گەڕامەوە بەغدا، سی و پێنج لیرە، کە دەبووە سێ دینار و نیو لە باغەڵمدا بوو، ئەویشم دا بە لیفەیێک و سەرینێک، چوومەوە ماڵێ مام حوسێنی خۆم، بەخێرهاتی پەری زادە، بەخوا هەشت نۆ رۆژێک مام وردە وردە مەشقی رۆیشتنم دەکرد تا لاقم فێر بێتەوە. رۆژێک مام حوسێن گوتی: برایم ناوێک هەیە عەکاسە، گوتوویە، بێ من کاری بۆ پەیدا دەکەم. چووم گوتی شێست دینارت دەدەمێ قازانج بە نیوەیی، چاکەتە کۆنی ئەمریکی

بکڕە و بیفرۆشـەوە. تاجری ئەوانەش جوولەکەیەکی سـابلاغی بوو، پێی کوتم ئەگەر بزانم خێرت بۆ دەکا من بۆ خۆم دەتدەمێ و تا نەیفرۆشی، پووڵم ناوێ و قـازانجیش بۆ خـۆت، بەڵام ئەتۆ کە نە خـەیاتی و نە ئـوتووکێـشی، زەرەر دەکەی.

٧٢- شـێست دینارەکەم هێناوە بـۆ کابرا، ئەمـجار و چەند رۆژێک لەگەڵ کوڕێکی کورد لە قاوەخانەیێک کارم دەکرد، گۆیا شـەریک بین ئەویش چیی لێ پەیدا نەبوو. دیسان ئـەو برایمی عـەکاسە گوتی: وەرە فێری عـەکاسیت دەکـەم، بۆ خـۆت بچـۆ لەسـەر خـەیابانان و کووچان کار بکـە، چەند رۆژێک حـەوڵی لەگەڵ دام و فێر بووم و دەزگایەکی کۆنی پیسی بۆ کڕیم و کەوتمە سەر خەیابانان.

چیت بۆ بڵێم؟ رۆژێ تا ئێـوارە پتر لـە سـەد منداڵی رەشـورووتم بەدوواوە بوو، کاروباریـان نەبوو، سـەیری منیـان دەکـرد، لە قـاوەخـانە نەیانـدەهێـشت دانیـشم، چونکە منداڵ عـاجـزیان دەکردن، زۆر کـەس عـەکسی پێ دەگـرتم پووڵی نەدەدامێ، دەبوو شەڕ بکەم. شەڕیشم نەدەکرد.

٧٣- ڕۆژی بارانـی کــارم نەبوو، رۆژی دیکەش هـەر لە بەیانیــیــەوە وەک کێربڕی منداڵان ئەو دەزگایەم لەسـەر شـان بەناو قـوڕ و چڵـپاوی زسـتـانی کۆڵانی بەغدادا دەگەڕام، دەتگوت شـانم هـاتە خـوار، لاقم سـست دەبوون. تا ئێـوارێ ئەگەر سـەدوپەنجا فلووس یان سەد و بیست فلووسم پەیدا کردبایە زۆر بوو، کە ئـەویش بەشـی نانی ویشک و حەقی جێگەی نووستنی نـەدەکرد. (ئەو دەمـە لە مـاڵی مـام حـوسـێن نـەمـابووم). زۆری لـێ وەڕەز بووم، ڕۆژێک دەزگاکەم هێناوە دامەوە بە برایم، کوتم ئەوە ناکەم. گوتی چی دەکەی؟ کوتم من هـەر فـێـری گـەسک لێـدان و کـاشی مـاڵین و خـاوێنکردنەوەی دیوار و شــــووشـــەم، تۆش یەکی وات دەوێ بە منـی بکە چیم دەدەیەی بـەزیاد بـێ. قـەرارمان کرد کە مـانگی چوار دینارم بداتێ. چوومـەوە سەر پەت و سـینگی زەمانی پێشووم گەسکی دە و ڕێکی خە.

## گوڵی پشکووتوو

ئەی گەلی کوردەکان براکانم
ئەی جگەرسۆزەکان رووح و گیانم

لاوە خوێن پاکەکانی چاپوک و ژیر
پیرەمێردانی خێوی هۆش و بیر

ئەی کەسانێکی ئەوڕۆ ئازادن
دەم بەخەندە و بەکەیف و دڵشادن

لە بڵندان دەبیندرێ ئالاو
لە گەرووی دوژمنانو کرد تالاو

هیچ دەزانن کە نیشتمانی کورد
بێشکەی ئابڕووی کوڕانی کورد

لە برازجانەوە بە سنجارا
هەر لە ئەنتابەوە هەتا زازا

قارس و بایز تەواوی ئەو خاکە
مەوتەنی کوردانی خوێن پاکە

ئێوە دەستن بەنیسبەت ئەو بەدەنە
دەستی رزگارە لەو هەموو وەتەنە

هەر لەسەر تا بەپێ وەتەن یەخسیر
دەستی هاتووەتە دەر لەژێر زنجیر

ئەوەی ئازاد و شادە یەک دەستە
کەچی سەرگەرمی خۆشییە و مەستە

چۆن دەبێ دەستی وا بە کەمتەرخەمی
راکشێ و بۆ بەدەن نەبێ ئەلەمی؟

دەبێ تا هێزی ماوە ئەو دەستە
تا رەگ و خوێنی خاوەنی هەستە

رابسێ رەها کا بەدەنی
کورد دەبێ گیان بدا لە ڕێی وەتەنی

کوردەواری بەهەشتی دنیا بوو
داخەکەم سەردەمێک بوو فەوتابوو

لە بەهاری سوڵح لە ئەم باغە
گولو پشکووتووە کە سابڵاغە

بە هومێدم کە ریشەئاژۆ کا
بە گوڵان کوردەواری تاپۆ کا

لاوە خوێن پاکەکانی خوێن شیرین
ئەو دوعایە دەکەم بڵێن (ئامین)

ڕەبی هەرکە لەبەر تەمای نەوتی
خاکی مەی کردە لەت لەت و زەوتی

نەوتی پێدا بکەین و گڕ بگرێ
گڕی زوڵمی لە گیتیدا بمرێ

## خوێندن

چەند ساڵێکە کورد یەخسیر و دیلە
لێوبەبار، غەمبار، کز و زەلیلە

لە هەستی و ژیان بەشێکی نەبووە
نێویان لە مێژووی زەمانە مەحووە

دەس رەنجی کوردی بێگانە بردی
کوردیش موحتاجی دەستی نامەردی

بە نەوتی کوردان ئەو دنیای دەوێ
کوردیش چۆڵەچرا هەڵدەکا شەوێ

دوژمن دەوڵەمەند بە ماڵی ئەوان
ئەوانیش ئێستا شوان و رەوکەوان

ساتێ بە ماشێن دەشتێ دەکێڵێ
کوردیش تا شەو دێ ناکێڵێ هێڵێ

ئەو لە دوو ڕۆژا خەرمانی کۆیە
ئەو سێ مانگ کووڕی گەوز و مەڵۆیە

ئەو لە کێو و کەژ رادەخا ئاسن
ئەو بۆی ساز نابێ سەرنێری گاسن

ئەو ڕێگاوبانی قیل و ئیسفاڵتە
ئەو لەسەر گوێلکان سەرگەرمی گاڵتە

باعـیـسـی چیـیـه؟ لـەبەر چـی وایە؟
بۆچـی گـەلی کـورد کـەوتۆتـە دووایە؟

ئـەگــەر بۆ شــەڕ بێ کــورد ئازاترن
بـە نـان و خــــوان بـێ لـەوان زیـاترن

دیـاره هـیـچ لا نـین ئـەو دوواکـــــەوتنـە
گــەورەتر ســـەبـەب هـەر نـەخــوێنـدنـه

ئـێـــمــــە نەزان و ئـەوان خـــوێندەوار
ئێـمـە نـۆکـەرین و ئـەو ئاغـا و سـەردار

ئەو بـە عــیلـمـی خــۆی وا بـە حـــەواوە
ئێـمـە لە جـەهـلا سـەرمـان سـووڕمـاوە

بە کــوردی خــوێندن دەرمـــانی دەردە
هـەر نـەزان نامـــەرد، هـەر زانـا مـــەردە

هـەرکـەس نەخـوێنـێ نۆکـەری خـەڵکە
بۆ هـەمـوو چەرخـان خـوێندن بەکـەڵکە

دەســــــتم دامــــێنو ئـەی پۆلـی لاوان
بخـوێنن، مـەکـەن تەقـسـیـر و تاوان

پـووشـی خــــەرافـــات بەدەم بـا دادەن
لــە بــاریــکــە ڕێـی ڕزیــوان لادەن

چـەند ســـــاڵە دیلـی تـەبـەڵـیی وانـین
خــەریکی کـەسـپی جــەهل و نـەزانـین

خۆشبەختی کوردان یاخۆ ڕۆژی ڕەش
لـە دەســـتـی ئێـــوەدا بزانـن ئێـــوەش

چوون بەمـــەردانـە، بەنـووکی قـــەڵەم
ڕزگـارمـان دەکـەن لە ژێر باری غـەم

بـخـــوێنن چاوم با ببـــینـە ســـەردار
دەنـا وەکـــو مـن پێـــو دەڵێـن هـەژار

## ئەدەبی کوردی سەر بەرەوژێر دەڕوا

چەندێک لەمەوبەر جارێک لە گۆڤاری "بڵێسە"وە پرسیارێک کرابوو، کە ئایا ئەدەبی کوردی لە چ بارێکدایە و چی دوای خستووە و چۆن پێش ئەکەوێت؟

جا وا بزانم هێندێک لە نووسەران وەرامیان دایەوە، بەڵام من بۆ کڵۆڵیم وەک کابرای کوردە گوتی: خەرمانم سوور کرد تا چووم لە دووی سەرکار کەو دە کونی کەودا دەنکی لێ بڕی. تا بیرم کردەوە چ ڕۆژێک دەستم بەتاڵ دەبێ و دەتوانم کاتێک تەرخان کەم و وەرام بنووسمەوە "بڵێسە"ی خۆشەویست کوژایەوە و هەر وەک گەلێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانمان هێشتا تام لە ژیان نەچێشتوو، بەکامی دڵ نەگەیشتوو جوانەمەرگ کرا. وا ئێستا دەمەوێ لە گۆڤاری "ڕۆناهی"دا کە هومێدێکی تازەیە و چاومانی ڕوون کردۆتەوە و هومێدەوارین بە تەمەنێکی درێژ و پڕ لە بەهرەوە بژی، بیر و ڕاوێژی خۆم لەو بارەیەوە دەربڕم. مامۆستای سەجادی وەک باوکێکی زۆر دڵسۆز و منداڵ خۆشەویست، کە لە هەموو شتێکا لایەنگریی کوڕی خۆی دەکا و هەرگیز هیچ کەم و کووڕی لەودا نابینێ وەرامی دابۆوە. مامۆستا شاکر فەتاحیش تا سەرێک بە ڕچەی ئەودا ڕۆیشتبوو، پاشان چاری پەرەپێدانی ئەدەبی کوردیی خستبووە سەر پیاوەتیی بێگانان و نانی هەنجنیبوو بە هیوای شۆربای جیرانان هەروەها دنەی خۆشمانی دابوو، کە پێویستە ڕێز لە نووسەران بنێین و زۆرمان خۆش بوێن تا بتوانن ئەوانیش بە دڵێکی خۆش و بیرێکی ئاسوودەوە گوڵ و گوڵزاری ئەدەبیاتی کوردیمان بۆ بنەخشێنن و بیگەشێننەوە. هەردوو وەرامەکان زۆر جوانن، هەردووکیش

دەتوانین بڵێین: ئاخ ئەگەر وا نەبا وەک سەجادی دەڵێ و خۆزیا وابا وەک شاکر فەتاح وتوویە ئێستا ئەدەبی کورد زۆر لە پێشەوە بوو، بەڵام داخەکەم هەرگیز ئاخ و ئەگەر و خۆزیا شین نەبوون و بەر و سێبەریان بە کەس نەداوە.

ئەدەبی کوردی ڕاستە نەچۆتە ڕیزی ئەدەبی جیهانەوە چونکە ئێمە ڕێگەی کوردی نووسینیان پێ نەداوین و چونکە خوێندەوارمان کەم بووە و چونکە گەل ڕێزی لە شاعیر و نووسەران نەناوە بەڵام: ئایا کام گەل و تیرەیەک هەیە لە جیهان، کە ئەمڕۆ لە هەموو بارێکەوە پێشکەوتووتر نەبێ لە سەد ساڵ یان ٥٠ ساڵ لەمەوبەری؟ چونکە دیارە هەرکەس بە ئەندازەی خۆی میراتێکی لە باو باپیرانەوە بۆ بەجێ ماوە و کوڕگەلیش لەسەر ئەو سامانەوە سات و سەودا و گردەوەکۆیانی کردووە و ئێستا هەم کەلەپوورەکەی پێشوویان ماوە و هەم لەسەریشیان داناوە، ڕێک و پێکیشیان خستووە و هەروا بەبێ وچانیش تێ دەکۆشن ڕۆژ بەڕۆژ پتری بکەن و پتر دڵخۆش و ئاسوودە بن.

من هەر بیر لەوە دەکەمەوە کورد هەر ئەو کوردە بووە، کە ئێستا هەیە. خۆ هەرگیز بەدرێژایی مێژوو ڕێگەی پێ نەدراوە بە زمانی خۆی بنووسێ، خۆ کەس ڕێزی لە شاعیر و نووسەری کورد نەناوە، ئەی خوایە بۆچی لە ڕابوردوودا پیاوی وەک مەلای جزیری و خانی و مەولەوی و نالی و کێ و کێمان لێ پەیدا بووە، لە سووچی مزگەوتان، لە بن شاخ و بەردان، بە نانی هەرزن، لەبەر ڕۆنگەرچەک، بە قەڵەمی قامیش و مەرکەبی قوومی-خانوو، ئەو ئەدەبیاتە بەرز و پڕ لە کاکڵ و بەتام و بۆنەیان بۆ نووسیوین و بەمیرات بۆیان بەجێ هێشتووین، کەچی وێستا ئێمەی کوڕانی ئەوان لە خانووی سپی و بەرزدا، لەبەر شەوقی کارەبا و مریی پلاوگۆشت و بەخۆنووسی پەنجاویەک و مەرەکەبی پلیکان، هەڕەی لە برەی ناکەینەوە و ناگەینە قولەقاپی ئەو ڕابوردووانە و یەکێکی وەک ئەوانمان لێ هەڵناکەوێ دەگەڵ

ئەوەش کە میراتەکەی ئەوانیشمان بۆ بەجێ ماوە و سی چل ساڵیشە کەم یا زۆر ڕێگەی کوردی نووسینیشمان پێ دراوە؟ ئا ئەمە نابێ وەک دەروێشان بخەینە ملی قەزا و قەدەرەوە، پێویستە تۆزێک بە سەر و گوێلاکی خۆماندا بێین.

هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کە شاعیرانی پێشوومان بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئەگەر شیعر بڵێن دەتوانن چاپی کەن پارەیان لێ دەست دەکەوێ و پێ دەژین. تەنیا سۆز و ئەوینێک لەدڵیان خزیوە و مێشکیانی ئاخنیوە جا چ بۆ یاری دڵڕفێن یان بۆ نیشتمانی لەت لەت کراویان یاخۆ بۆ پیری تەریقەتیان بووبێ کوورەی دڵیان وا جۆشی ساندووە ناچاری کردوون دەری بڕن. خەڵکەکەش دیتوویانە جوانە و بیستوویانە خۆشە، گۆرانییە مایەی ڕابواردنە، داستا و دەست و دەما و دەم وەریان گرتووە و داویانە بە یەکتر. خۆ ئەگەر خەلاتی ئەو بوێژەشیان نەکردبێ جوێنیشیان پێ نەداوە، جا لێرەدا دەبوو مامۆستا شاکر فەتاح نەیگوتایە ڕێزیان لێ بنێن دەبوو بیفەرمووبا جوێنیان پێ نەدەین. بە ڕاستی بەلای هەرە گەورەمان ئێستا ئەمەیە هەر نووسەرێک یان شاعیرێکی بەرز کە دێ پەیدابێ و بۆنی ئەوەی لێ دەکەی کە دەتوانێ خشتێک لەسەر دیواری ئەدەبیات دانێ و پەردەیەک لە ناو مەڵەکەی هەلاوەسێ، لەبەر جوێن پێدان و گاڵتە پێکردنی ئەم و ئەو، ناتوانێ سەر هەڵێنێ و خۆ بنوێنێ تا دەمرێ بە جاسووس و هەرزە و شێت و سەرسەری دوای دەکەون و ڕێی گەشەکردنی لێ دەبڕنەوە. جا ئەگەر مرد و دیتیان تازە دەگەڵ مردوو چ ناکرێ ئەمجا بە سەر و پۆڕیدا دێن و لینگی درێژ دەکەنەوە و دەیکەنە نەمر و دێنەوە چاو دەگێڕن کامە زیندوو و ماوە کە لەوان بالادەستترە بیدەنە بەر لیسی جوێن و پاشملە گوتن و بە زمانی ناساز بیکرۆسنەوە.

پیرەمێرد و فایق بێکەس و سەلام و ڕەفیق حیلمی و حوزنی موکریانمان

لەبیرن تا ژیابوون مراندبوویانن و کە مردن ژیاندوویاننەوە و پێیان دەڵێن نەمر. نووسەر و بوێژە چاکەکانی ئێستامان وەک گۆران و قانیع و سەجادی و شاکر فەتاح و شێخی خاڵ و ڕۆژبەیانی و کێ و کێ وا ئێستا لەو چەرمەسەرەدان و خەریکن بەدەرد و داخەوە بیانمرێنن و خۆیان لێ قوت کردوون کەنگێ لەناو دەچن تا چەپکە گوڵ بەرنە سەرگۆڕیان و پێیان بڵێن نەمر و ئەوەندە پارە لە میوانداریی بیرەوەرییان بەخت بکەن کە هەرگیز ئەو شاعیرانە ناویشیان نەبیستووە و ئەگەر هەر یەک لەوانە دەیەکی ئەم پارەی بووایە ڕەنگ نەبوو بمرێ. جا نازانم بوێرم وەک پیرەمێرد بڵێم ئەم دەردە گرانەمان لە حزب حزبێنەوە پێوە نووساوە یان نا؟

## لاساییی منالانەش

دەبینین لە دێیەک بووک ئەهێنن: سوار سوار بووە ڕمبازی ئەکەن، داوەت دەگەڕێ کەسک و سوور تێکەڵ بووە، شادییە، بووکێکی تەواو بە تارایی سوورەوە بۆ ماڵی زاوا دەگوێزرێتەوە. زاوایەکی زەبەلاحی چوارشانە گیڤەی سمێڵی دێ و دەچێتە پاڵ بووک. بەرهەمی ئەم هەرا و گرمە و بەزم و ئاهەنگە پاش چەند ساڵێک چەند منداڵێکی زیت و خونجیلانەیە.

منالیش لە گاڵتەی خۆیاندا لاسای ئەوان دەکەنەوە پەڕۆیەک بەسەر کچۆڵێکدا ئەدەن و یەکێکیش ناو دەنێن زاوا و چەند منداڵێکیش سواری قامیش دەبن لەقەستی ئەسپە و بووک ئەبەن، بەڵام پاش تاوێک بڕوانە هەر خۆشیان لەبیریان چۆتەوە چییان ئەکرد.

ئێمەش بیستوومانە ڕۆژئاواییەکان زۆر پێشکەوتوون، ژیانی پێشووی خۆیان تەواو گۆڕیوە، هەرچی هەیانە بە جۆرێکی باشتر تازە بۆتەوە و هاتۆتە ڕوو، ئەگەر بەرێ بە سواری کەر و ئەسپ و عەرەبانە سەفەریان دەکرد ئێستا سواری گەڕۆک و فڕۆک و کەشتی دەبن. دەسا با ئێمەش چاو

لەوان بکەین و بگۆڕێین، جا وەک فارسەکە دەڵێ: ئەگەر دەستت ناگاتە خانم کارەکەری چێشت لێنەریش هەر باشە. خۆ ئێمە لەدەستمان نایە باژێڕ و گوندەکانمان بگۆڕین و لە وزەماندا نییە بە گەڕۆک و فڕۆکی دەستکردی خۆمان بچینە ئەولاولا. دەسا ئەوی دەتوانین با ئەوە بکەین: ئەدەبەکەی خۆمان وەک هی ئەوان لێ بکەین. ئەگەر نەمانتوانی مەعنا و نیازی وەک ئەوانیش بێنین قەی ناکا هەر کەسم و بیچمەکە حەسابە، دە وەرن بڕوانین باوکم: کوا ئەوان لەسەر ڕەوتی فەعوولون فەعوول دەڕۆن؟ شیعری ئوروپایی نە قافیەی هەیە و نە وەزن. ئێمەش با لەسەر ڕەوتی ئەوان بڕۆین و زۆریش هاسانە. گوێ بگرە:

خۆشەویستەکەم
دوێنێ ئێوارێ درەنگێک
هاتم
لە ماڵ نەبووی
بەڵێ نەبووی لە ماڵ
دەزانی؟
ئەی دۆستی گیانی
لە ماڵ نەبوون چییە؟
ئاخ و داخ لە ماڵ
بەڵێ لە ماڵ
نەبووی لە ماڵ

دە چەپڵەیەکم بۆ لێ دەن وا دارم دا بە ڕۆحی شکەسپیریشیاندا، ئیتر چیتان دەوێ؟

بریا کەسێک بووایە بەگوێی ئەم تازە کوڕانەیدا بسرکاندایە و بیگوتایە

کاکە، ئەو کونەی تۆ دەستت پێدا کردووە جێ مارە، چوێلەکەی تێدا نییە. ڕۆژئاواییـیـەکـان کـە باری ژیانی خـۆیـان گـۆڕیوە، کـەریان گـۆڕیوەتەوە بە فڕۆک، بەڵام ڕەوت و هەوای شیعریان هەر هی هەزار ساڵ لەمەوبەرە. شیعر ئەوەیە گەل بە گۆرانی دەیڵێ، گەلەکانی ڕۆژئاوا گۆرانییەکانیان شیعری ئاوای دەوێ، باری ژیانیان گۆڕاوە بەڵام زەوقی گۆرانییان نەگۆڕاوە، هاتوون هەر لەسـەر کۆنـەکـەی خـۆیان زیادیان کـردووە و ڕێکوپێکیـان خـسـتـووە لە گۆرانیی ساکارەوە خستوویانەتە ناو مۆسیقاوە و لەسەر کاغەز دایانکوتاوە کە گوم نەبێ. بۆ نموونە لەناو لادێی ئازەربایجان گۆرانییەکی زۆر کۆن هەیە کـوچە باغی پێ دەڵێن کە لە جێی حـەیران و لاوکی ئێمـەیە. مـۆسـیـقـاری سۆڤیاتی هەر ئەوەیان تۆزێک دەسکاریی کردووە و بۆتە سیمفۆنییەک کە لە ئامریکا جائیزەی پێ وەرگیراوە.

تۆ کـە خـەیاڵی نووسـینی تازەت هەیە و دەتەوێ وەک خـوداپێـداوان بکەی زۆر بیـرێکی پەسندە، منیش لەگەڵتام کـە دەست لـە فەعـوولون فـەعـوول و مەفاعیلون فەعوولات بەر بدەی، کە ئەمە میراتێکی کۆنی دوابڕاوی عارەبانە لە بن عەبا و عەگاڵەوە بە سواری حوشتر بۆمـان هاتووە و بەسەتان ساڵە بە ملمـانەوە چەسـپـیـوە. بەڵام ئەگـەر ئەوت لە خـۆت تەکـاند و لە سـواری کـەر دابەزیت، ئەسپی ڕەسـەن و مـحـەندەکی خۆت لە بیر نەچێ و بەپێ ملی ڕێ بگری و بۆ ئەوبەری دەریایان بەتـەمـای ئەوە کـەسـێک لەوێ بەخـێـری خـۆی لەپاش تەرکی خۆی سـوارت دەکات، بەخـوا ئەگەر وا بکەی لە ئیشکانیش دەرچی لە ئاوا دەخنکێی.

بۆیە دەڵێم دەست لە کلکی هەوای شیعری عەرەب هەڵگرە چونکە پێم وایە لە زەوقی کـوردی گـۆرانیـبـێـژ و گـوێگر دوورە. تۆ کـە ئەوەم بۆ بەهەوای ئورووپایی بگۆڕییـەوە، بە سـەد هـەزار گوریسـیش بەزەوقی هیچ کـوردێکەوە نانوسێ.

هەر گەلەی پێودان و ڕێوشوێنێکی هەیە بۆ شیعر و گۆرانی، کە عەرەب پێی دەڵێن (عەرووز)، کورد لە عەرووزی خۆیدا لە هەموو کەس دەوڵەمەندترە. عەرووزە کۆنەکەی خۆت زیندوو بکەوە، خۆشت و ئەدەبەکەشت تازە دەبنەوە، ئەو هەزاران هەوای کوردییە کە لە گۆرانییەکانماندایە هەر یەکەی ڕەوتێکی شیعر و هونەرێکی جیاوازە، من چۆن بەتۆ دەڵێم تازە. من بە مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێم تازە، کە شیعرەکانی بۆ گۆرانیی هەموو گۆرانیبێژێکی کورد دەست ئەدا و لەگەڵ پتر لە پەنجا هەوادا ڕێک دەکەوێ. دەتەوێ تازە بییەوە بچۆ شیعری بە مەعنای تازە بە هەوای بەیتەکانی کوردی، لەسەر ڕەوتی حەیران و لاوک و لەشکری و خەزاڵ بڵێ، چی لە دڵتدایە بیخە ناو هەوایەکی کە کورد بە گۆرانی دەیڵێن تا بیبیسن و بچتە دڵیانەوە و بەم هۆیەوە باری ژیانی ناخۆشیان پێ بگۆڕە.

کوڕە سەیری لە هەمووی خۆشتر ئەمەیە: ئەگەر یەکێک لەو تازە کوڕانە بەدەستەوا پەسندی ئەوی تر دەدا دەڵێ شاگردی مامۆستا گۆرانە کە مامۆستا گۆرانیش خاوەنی فێرگەیەکی تاەیە لە ئەدەبی کوردیدا. دەسا قورعان بەحەقت، بە ساحێبت، من تا ئێستا شیعرێکی گۆرانم نەدیوە کە وەزن و قافیەی نەبێ. وە باوەڕیشم وایە کە گۆران خاوەنی مەدرەسەیەکی تازەیە بەڵام فێڵەکەی باش دۆزیوەتەوە، دەستی لە کلکی حوشترەکە بەرداوە و مەعنای تازەی خستۆتە ناو بەند و باوی کوردانەی خۆمانەوە. دە شیعرێکی بێ وەزن و قافیە- یان بە کوردی بڵێن بێ ڕەوت و پاشڵی مامۆستا گۆرانم نیشان بدەن و سەرم بشکێنن.

کاکی خۆم، ئەوانەی کە داتان هێناوە شیعر نین و لە ترسی گێرە ناوی خۆیان گۆڕیوە، پەخشانیش نین چونکە پەخشان پارچە پارچە و بێ مەعنا نابێت. ئەمانە وەک وشترمرغ وان ئەگەر دەڵێن بفڕە دەڵێ وشترم ئەگەر دەڵێن با بارت کەین دەڵێ باڵدارم.

له موکریان دەغڵێک هەیە سووریشە و وەک جۆ دەچێ ئەمە ناویان بۆ نەدۆزیوەتەوە پێی دەڵێن: "نە گەنم نە جۆ". جا ئەم نە شیعر نە نەسرانە چونکە ئەرک و بار گرانییەکی نییە هەر کەس سەری لە هێلکە جووڵاوە شاعیر و شاعیری تازە و پێشکەوتووشە، ئەگەر زۆریش لە سەری برۆین دەڵێ شاگردی مامۆستا گۆرانیشم وە هەر کەسیش پێم قایل نییە با سەری خۆی لە بەرد بدا و تێر ئاوی سارد بخواتەوە.

## ئەمجا شاعیری زۆر و شیعری بە پەلە

حاجیەکمان هەبوو بەڕەحمەت بێ دەیگوت کورد یان هێند شل دەڕوا لەدوای هەموو کەسەوەیە یان هێند خۆش دەڕوا کەسی پێ ڕاناگا. ئەگەر دەبێتە سۆفی چای ناخواتەوە دەڵێ سورە وەک شەراب دەچێ، ئەگەر فاسقیشە بەری بەیانی لە خورێنی شوشەیەکی پڕ ئارەق دەخواتەوە. ڕاستی دەکرد.

کورد یان نانووسێ وەک دەبینین بە هەزاران بەند و با و چیرۆکی هێژا و بە نرخمان لەناو چووە چونکە هەر دەماودەم گەڕاوە تا فەوتاوە. کەسێکی خوێندەوارمان ئەوەندەی نەتوانیوە سێ چوار ڕۆژ خۆی ماندوو کا و بیخاتە سەر کاغەز.

ئەگەر دەستیشی کرد بە نووسین بە یەکباز دەبێتە شاعیر و دنیا تێیدا شل و کوت بێ هەنگاوێک لە شاعیری نایەتە خوار، تەنانەت عەریزە بۆ حکومەتیش بە شیعر دەنووسێ. لە هەوەڵ ڕۆژی کە دوو پیت و لەتێکی ڕێک خست ئەوا دەست دەکا بە دەردی دڵ و دەڵێ: قەدری شاعیر نەماوە و بە خوا من و خانی و مەولەوی و نیزامی و سەعدی وەک یەک کڵۆڵ و بەدبەختین. لە بیرمە لە یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵ پرسیاری کە لەمەڕ ئەدەبی کوردییەوە لێم کراوە ئەمە بووە: ئێوە ئەو هەموو شاعیرەتان بۆ چییە؟ بۆچی نووسەری چیرۆکتان هێند کەمە؟ دەسا شیعر بەس بنووسن یا شاعیرەکانتان دەس کەن بە نەسر نووسین.

پتر لە پەنجا جێگا ئەمەیان پێ وتووم، منیش بە هەر درۆ و مینگەیەک بووە خۆم ڕزگار کردووە لە دڵی خۆشما ئەموت: ئێوە ئەگەر وا ئازان وەرن لە کوردستان ئەمە بڵێن تا بە شیعر جوابتان بدەنەوە و هێندە شیعرتان بەسەردا بخوێننەوە گێژتان کەن و بە شاعیری بەرێتان کەنەوە. بەڵێ شاعیرییەکە لەتام دەرچووە، خوای تۆ دەزانێ مریشک دەنوک بەعەرزدا بدات چاو و لووتی پێنج شەش شاعیری بەر دەکەوێ ئەگەر باوەڕ ناکەن لە مامۆستا گیوی موکریانی بپرسن، کە بۆ جوابی مەتەڵێکی هێندەی جوابی بە شیعر هاتبووەوە کە تەنیا هەر شیعری هەشتا و چوار شاعیری چاپ کردبوو جێگەی نەمابوو ئەگینا خوا ئەزانێ تا کوێ دەرۆیشت.

ئاهۆی شیعر وا بڵاو بۆتەوە و پەرەی سەندووە کە هەر بە لای پەخشانەوە ناچێ. خەڵکەکەش هێندەی شعر دیوە ئەگەر پەخشانێک دەبینن زۆر پێیان سەیرە. وا بە شیعری زۆر بەرغە بوون هەر بە پەخشاندا ناڕوانن.

جا شیعریش وەک گوتمان: نە گەنم نە جۆ. قوربان لەو ڕۆژەوە ئەم شۆڕشەی تەمووزە رووی داوە و بەری نووسین بەرهەڵدا کراوە وەک پاش بارانەی بەهارم دێتە بەرچاو، کە دەڕوانی بە هەزاران شەیتانۆکە ژیاوەتەوە و شاخی دەرێناوە و دەجووڵێتەوە. ئیتر ئەوە هەر پەڵەیە و هەڵەیە و شاعیرە و دەفتەرێکی چوار فلس بایی دەکرێ و بە شەوێک پری ئەکاتەوە و سبەینە ئەیباتە چاپخانە و دووسبەی لە بازاڕ فرکەی دێ و لە پشتەکەشی نووسراوە: مژدە: وا سیان چوارێکی ترم بەرێوەن ئەم ڕۆژانە گەورەتان ئەکەم و بۆتان لەچاپ ئەدەم.

ئیتر بڵێی کەس خەتی کەس بخوێنێتەوە یان کەس پێی وابێ لە خۆی باشتر هەیە و دەبێ پرسی پێ بکات، کەوا بێ عاسمان کۆڵەکەی دەوێ. جا لەپاش ل چاپدان و بڵاوبوونەوەی دەبینی تووشی نووسەرێک دەبێ و بە فیزێکەوە لێی ئەپرسێ: ئەرێ تۆ ئەمانەی منت پێ چۆن بوو. ئەویش خوام

ئەو خـوایە بلّێ پێـم باش نەبوو تا لە پاش جـوێندان و سـەر شکاندن بیکاتە پیاوی ئیستعمار و جاسووس و کۆنەپەرست.

ئەدەبی کـوردی لەپاش شـۆڕشی تـەمـووز کـەوا کـوڕەگـوێ بووە و پـەتی پساندووە و بۆتە کاسبیی ڕۆژانەی زۆر لە نووسـەرە تازەکانمان من نەک پێم وایە بەرەو باشـی دەچێ، بەڵکو پێم وایـە سـەربەرەوژێر خلـۆر دەبێتـەوە خـوا ئاگاداری بێ. ئامین.

بەڵێ گـەلێک لەمـانـە وەک شـەیتـانـۆکـەی پاش بارانن و ئەگـەر زەوی وشک بۆوە لەناو دەچـن. بەڵام تا زەوی وشک دەبێتـەوە ئەدەبی کـوردی زۆر لە نرخ دەکەوێ و خەڵکی دەرەوە لەباری دەبەنەوە بە چاوی سووکمان لێ دەڕوانن.

**ئەی چار چییە؟**

بە بیری من چار ئەوەیە بە هـەمـوو لایەک بەزەییمان بەخـۆمان و بە نیشتـمان و گـەلەکـەمـاندا بێتـەوە و بە گـەلەکـۆمـەکی دەست دەینـە بەربـاری خـواری ئەدەبەکەمان و ڕاستی کەینەوە. بۆ ئەمەش چەند ڕێگەیەک هەیە:

١- سـەبرێک و دوو فـوو: ئەو کـەسـانەی دەست دەکـەن بە نووسـین پەلەی ئەمـە نەکەن کە دەبێ هەر هەوڵ ڕۆژی نووسینیان لە چاپخـانە باوەشیـان بۆ کـرابێتــەوە. دەڵێن: هـەرچی زوو پێک بێ زۆر نـامـێنێ. با بنووسـن زۆریش بنووسن بەڵام بچن نیشانی نووسـەرە بەناوبانگ و باشەکانی بدەن و بە دڵ لێـیان داوا بکـەن کەم و کـوڕییان بۆ هەڵگرنەوە و ڕێ و شـوێنی نووسـینی باشیـان نیشـان بدەن. نـابێ لەوە شـەرم بکەن یان فـیزیان نەیهێنێ. چونکە ئەگەر خراپیان نووسیوە با تەنیا یەکێک یان دووان پـێ بزانن نەک بەخراپی لە چاپخــانە دەرکــەوێ و هەمــوو کــەس گـاڵتــەی پـێ بکـەن و لە ســایەی ئەوانیشدا بێگانە گاڵتە بە گەلی کورد و ئەدەبیاتەکەی بکات. من پێم وایە کـــەس لە ئێـــمـــە نایەوێ لە برنـادشـــاوی ئیـــرلـەندی تـێ پەڕێنێ دەبا لەو

بخـوێنینەوە کـە چلۆن تا بیـست سـاڵیش هەر نووسـیـویە و هیچ (دار النشر)ێک ئامادە نەبوو بۆی بڵاوکاتەوە.

هیچ کـەس لە پڕێک نـابێتـە کورێک، لە ڕۆژگاری پێشـیندا کـەسێک کـە دەیتوانی وشـە بهۆنێتەوە و هـومێدیان لێ دەکرد ببێتـە شـاعیر، دەبوایە بەلانی کەمەوە دە هەزار شیعری کۆن و نوێی لەبەر بکردایە. دەرسی عەرووز و قەوافیی بخوێندایە، هێشتا لەسەر ئەو حاڵەشدا لە دەیان نۆیان پووچەڵ دەردەچوون و لە کەل سەرنەدەکەوتن.

جـا من دەڵێم بۆ ئەوە دەم نەسـووتێ: سـەبرێک و دوو فـوومـان پێ دەوێ. کەم و پوخت بێ نەک زۆر بێ و بۆر بێ. هەشت بێ و لە مشت بێ نەک نۆ بێ و نەبێ. دەبێ لە نووسـیندا چاومان لەوە بێ کە ئەدەبی کوردی دەڕازێنینەوە و خـزمـەت بـە گـەل دەکـەین نـەک بۆیە بێ کـە زوو شـازدە پەڕ پڕکـەینەوە و بیـدەین بە پارە بۆ خـەرجی ڕۆژانەمـان. جـوبران خـەلیل دەڵێ: ئەو کـەسـەی بۆیە دەنووسێ پێ بژێ، نووسینەکەی بۆ خۆی ناژی.

٢- مـەعنا و بیری ورد: شـیعر هەر ئەوە نییـە وشـەیەک ڕێک خرێ و لێک درێ و پاشـڵ و ڕەوتیـار وەک یەک بچێ. ئەو کـابرایەی کـە وتوویە: "بـەژنت ڕەشـە ڕێحـانە لەناو پـەیینا چەقـیـوە- بێنە رەفـیـسکەت مـاچ کـەم هەناری حووحووی پێوە" لە باری ڕەوت و قافیەوە کەمایەسیی نییە بەڵام ماعنای تێ نەخـراوە. کـەوابـوو تەنیا وشـە لێکدان بەش ناکا و بـەو کابرایەش ناتوانین بڵێین: شـاعیر. شـیعر ئەو بـاریک بینییەیە کە خەڵکی ڕەمەکی ناتوانن بیری وا بکەنەوە و شـتی وا بڵێن. تۆ بڕوانە: بە هەزاران سـاڵە عـەرەب خـورمـایان هـەیە. کـەس بـە بیـریدا نەهاتووە وەک نالی بڵێ: یارەکـەی من وەک خـورمـا وایە شـیرینە و سنگی نەرمە و دڵی ڕەقە. بەم بیرە وردەیە دەڵێن شیعر، کە هەموو کەس ناتوانێ بیڵێ. جا کە بیری ورد هەبوو ئەمجا هەوایەکی ئاواز و گـۆرانـیی دەوێ و هـەروەها چەند وشـەی نـازک و لەبەردڵانـی پێ لازمـە تا بەهەمـوان، یەکتـر تەواو دەکـەن و دەتوانین نـاوی بنێین شـیعر، بیری ورد لە

شیعرا بووکە، هەوای خۆش و وشەی تەڕ و پاراو جل و خشڵیەتی. جل و خشڵی بێ بووک و بووکی بێ جل و خشڵ خۆی نییە.

٣- کۆنەپەرستی: دەبێ چاوێک لە گەلانی خوداپێداو بکەین، بزانین ئەوان دەگەڵ ڕابوردووانی خۆیان چۆنن ئێمەش وا بین. نابێ ئەدەبی کۆنمان لەبیر بەرینەوە و بڵێین دنیا تازە بووەتەوە و باوی ئەمانە نەماوە. دەبێ بیانخوێنینەوە و بەغاریش بەسەریاندا نەڕۆین و وردبینەوە و تێیان بگەین و بەشی خۆمانی لێ هەڵێنجین و لەگەڵ ئەدەبی تازەدا بیگونجێنین بۆ نموونە: جارێک کتێبێکم خوێندۆتەوە ناوی "منطق الطیر"ە، فەریدالدین عەتار لە چەرخی حەوتەمی هیجریدا نووسیویە، هەمووی باسی دەروێشایەتییە، ناواخنەکەی زۆر بەکورتی ئەوەیە:

"باڵداران لێک کۆبوونەوە گوتیان: هەموو تیرەی جانەوەرێک پادشایەکیان هەیە، بۆچی دەبێ هەر ئێمە نەمانبێت؟ کەوتنە مقۆ مقۆ کە کێی وا هەیە شانی هەڵبگرێ و بیکەینە پادشای خۆمان؟ پرسیان بە پەپوسلێمانە کرد گوتی: ئەو کەسەی بۆ پادشایەتی ئەگونجێ ناوی سیمرخە و لە کێوی قافە، ئایا دەتانەوێ پچن و ڕووی لێ بنێن کە ببێتە پادشامان؟ هەموو تێکڕا گوتیان ئامادەین و زۆرمان پێ خۆشە. کێوی قاف لە کوێیە تا بچین؟ پەپوو گوتی کێوی قاف زۆر دوورە حەوت دەریا و حەوت بیابانی لەپشتە. دەریاکان پڕ شەپۆل و مەترسی و بیابانەکان پڕ لە تۆز و ڕەملی گەرم و بێ ئاون، مردن لە هەموو لایەکەوە چاوەنۆڕمان دەکات، بە هەزاران نەهەنگ و هەژدیها لە دەریا و شکانیدا دەمی بۆ کردووینەوە هەڵمان لووشێ. ئەگەر گوێ نادەنە ماندوو بوون و برسیایەتی و مردن فەرموون دوام کەون با بچین. کەو-وەرامی داوە: من کابرایەکم زێڕ خۆشەویست و هەمیشە لەو کێو و کەژانە لە کانگای زێڕ دەگەڕێم بەخوا نایەم لەگەڵتا، شاهۆ وتی من سۆفیلکەم لەدەم ئاو دەژیم ڕۆژێ چەند جار خۆم ئەشۆم و دەسنوێژ ئەگرم. بەخوا ئەم تۆز و خۆڵە بۆ من نالوێ. کۆتر هەڵی دایە: من دەبێ هەموو مانگ

دوو منداڵ بەخێو کەم، من بڕۆم کێ گەنم و دان بۆ منداڵم دێنێ و کێ بەخێویان دەکا؟ ناتوانم بێم.

ئیتر هەر باڵدارێک بڕ و بەهانەیەک پەیدا دەکا و بۆ پادشا واز لە لە ژیانی هەمیشەییی خۆی ناهێنێ جگە لە چەند باڵدارێکی ڕووت و پووتی بۆری چڵکن، کە ئەمانە هیچ خۆشەویستییەکیان لە ژیاندا نییە و شتێکی وایان لەپاش بەجێ نامێنێ چاویان لە دوو بێ، دەڵێن ئێمە ئامادەین گیانی خۆمان ببەخشین و هەژدیها و نەهەنگ قووتمان بدا، تەنها بەهومێدی ئەوە کە چاومان بە پادشای خۆمان بکەوێ هەموو شتێکمان لەلا هاسانە".

جا ئەمە کورتەی کتێبێکی چوار سەد پەڕەیە، کە بۆم باس کردن. کتێب ئەوەندەی باسی فیداکاری و خۆ بەختکردن لە ڕێگەی نیازا تێدایە کە هەر مەپرسە کە ئایا ئێوە لەگەڵ من نین؟ کە ئەم کتێبە بۆ ئەوە دەبێ بەشی هەزار شیعری تازەی لێ هەڵێنجێ؟ عەتار کە بۆ نیازێکی گوتووە تۆ بیخە سەر نیازی خۆت و بۆ نیشتمانپەروەریی دەکار بێنە.

دەسا با کۆنە فڕێ نەدەین و بڕوانین پێشینیان چییان بۆ نووسیوین لێیان بخوازینەوە و نەخش و نیگارێکی تازەی بە بەردا بکەین و بەهرەی لێ وەرگرین، ئێستاش سەدی سەد ئەدەبی ڕۆژئاوا لە ئەلیازەی هۆمیرۆس و لە تەوراتەوە سەرچاوە هەڵدەگری. تۆ بێنە دیوانی مەلای جەزیری بخوێنەوە و تێ بگە ئەو ئەوین و دڵدارییە بەسۆزەی کە ئەو بۆ دڵبەرەکەی دەکار کردووە تۆ دەرسی لێ وەرگرە و بەو سۆزەوە دڵداری نیشتمانت بە، وەک مەم بمرە بۆ زین، بەڵام با زینەکەی تۆ کوردستان بێ، ئازیزی مەولەوێ کەسێک بووە با ئازیزێ تۆ هەموو کوردێک بێ. حەبیبەکەی نالی با ببێتە هەستێ ئازادی لەلای تۆ. ئەگەر ئێمە دەست لەم کۆنەپەرستییە هەڵگرین و تازەشمان ئاوا نەگەنم نەجۆ بێ، بەخوا وەک کوردەکە لە هەردوو چێژنان بێبەشین.

٤- لێکۆڵینەوە: دەڵێن کەس نەیدیوە کۆتەڵێک بۆ (ناقد)ێک چەقابێ. بەڵام گەلێک کۆتەڵ بۆ شاعیر و نووسەران بەرزکراوەتەوە و تاشراوە، ئەمە بە

ڕواڵەت ڕاست دێتە بەرچاو بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەو گەلەێ ناقدی ئەدەبیی نەبێ شاعیر و نووسەری هەرگیز تێدا هەڵناکەوێ. باخچەیەک ئەگەر سەرپەرشتیی باش نەکرێ و باخەوانێکێ زانا و بەسەلیقەی لەسەر نەبێ، کە هەمیشە بژاری بکا و گیا بۆگەنە و فریزێ لێ فڕێ بدا، باوەڕ ناکەم ئەو گوڵزارە گەشە بکا و ببێتە سەیرانگایەکێ خۆش و بەرچاو.

بەڵێ با نەڵێن باخەوانەکە جوانە و بۆنێ خۆشە بەڵام هەموو کەس دەزانێ ئەمە کارزانیی باخەوانە، کە گوڵی جوان و بۆنخۆش هەیە و گیا و گژی پیس و بۆگەن فڕێ دراوە.

گوڵزاری ئەدەبیاتی کوردیش بژارچنی وای دەوێ کە چاوی لێ نەتروکێنێ و کەمتەرخەمیی تێدا نەکا، پیسی لێ فڕێ بدا و جوانیشی نیشانی خەڵک بدا. هەتا ئەو بژارکارەش پەیدا نەبێ هیچ هومێدم نییە ئەدەبی کوردی بێتە بەرچاو و پەرەبستێنێ. پێویستە بەلانی کەمەوە دوو کەسی زۆر باش و بەهێز لە نووسەر و شاعیرە بەناوبانگەکانمان خۆیان و قەڵەمیان تەرخان بکەن بۆ بژارکردن و لێکۆڵینەوە. هەر نووسینێکی کە تازە دەردەچێ چل پشکنی بکەن و بژارچنی لێ وەکارخەن و فریزووی لێ دەراوێن و دەوری گوڵان چۆڵ بکەن تا ڕێگەی خۆنواندنیان ببێ. ئیتر نابێ چاویان لەوە بێ ئەم نووسینە هی کێیە یان کێ گوتوویە؟ کاسەجیرانەتی بۆ جیرانان نەبەن، ڕوویان لە کەس نەنیشێ. گوێ لە گلە و گازنی ئەم و ئەو نەگرن، بە گوناهبار و تاوانداریش هەر نەڵێن عافەریم. دەبێ خراپان ئیعدام بکەن بۆ چاوترساندن و باشان خەڵات بکەن بۆ دڵخۆشکردنی باشی تر.

ڕەنگە لە وەرامی ئەمەدا بڵێن نووسەری ئێمە ئەمە فێر نەبوون. ئەگەر لێیان بکۆڵینەوە تووڕە دەبن و جوێنمان پێ دەدەن. ئێمە سەری ئازای خۆمان لە پریسکەوە بپێچین؟ بەڵێ ئەمە ڕاستە تووشی دەردی سەرییەکی زۆر دەبن. بەڵام من دەڵێم: نووسەری دڵسۆزی وا لە سەریان پێویستە ببنە (ناقد) کە ئەدەبی کوردی بە هی خۆیان دەزانن و ئەدەبیاتە تازەکەمان وەک

منالّی خۆیان تماشا دەکەن، ئەو کەسانەی منالّیان تووشی کوان و کەچەلّی دەبێ و دەرمانی دەکەن، منالّەکە دەگری و دەست ئەوەشێنێ و جوێن دەدا. بەلاّم دایک و باوکی منالّ خۆشەویست گوێ نادەنێ و دەرمانی هەر دەکەن تا چاک دەبێتەوە. منالّەکەش ئەگەر گەورە بوو عەقلّی پەیدا کرد دەزانێ باوک و دایک کە ڕۆژی خۆی ئێشاندوویانە قازانجی ئەوە بوو. لە جوێندانەکەی خۆی زۆر پەشیمان دەبێتەوە و بە دلّ سوپاسی ئەو دەرمانکردنە دەکا. پێم وایە ئێمە چەند بژارکارێکی وا دلّسۆزمان دەوێ دەرمانمان بکا و لەشساغیی ئێمە بە قازانجی خۆی بزانێ و هێندەش پشووی لە سەرەخۆ بێ تا گەورەمان دەکا و ئێمەش هەتا هەتایە سوپاسی دەکەین. وە هەتا چەند کەسێکی وامان بۆ پەیدا نەبێ نابێ چاومان لە ئەدەبیاتێکی باش و پوختە بێ.

سووچێکی زۆر گرنگی تریش لە ئەدەبیاتیدا هەیە کە ئەویش گۆرانی و مۆسیقایە. بەلاّم ئەو لایە چونکە سەر وە ڕادیۆیە و ڕادیۆش هی خۆمان نییە و ناتوانین دەسکاریی بکەین و چاکی کەین، ئەوانەی کە ڕادیۆکەشیان لەدەستدایە هیچ قازانجیان لەوەدا نییە کە بەهرەیەک بەگەل بگەیەنێ لەبەر ئەوە ئەم باسەم دواخست بۆ ڕۆژی خۆی کە نازانم ئەو ڕۆژەش دەبینم یان نا؟

هومێدەکەم: کە بە چاوێکی لێ بوردنەوە تماشای ئەمانە بکەن و بزانن کە بە دلّسۆزی نووسیومن.

***

ئەم وتارە یەکەمجار لە گۆڤاری ڕۆناهی، ژمارە ١ سالا ١ چریا ئێکی، ١٩٦ (ل:٥٩-٧٦)دا بلاّوکراوەتەوە ئێمە لە کۆواری مامۆستای کورد ژمارە ١٤مان وەرگرتووەتەوە.

## نه وا سوێر ، نه وا بێ خوێ

باوک مەلا بوو، دەبوایە بەچکەی مراوی مەلەوان بێ، پیلی گرتم و دامیە دەست مامۆستا و نامیە بەر خوێندن، بەرنامەی خوێندن وەک ڕۆژ ئاشکرایە چییە؟ سەدان ساڵە، هەرچی هاتووە و ڕابردووە هەر ئەمەی خوێندووە، خودا یەکە و نابێ بە دوو، هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە و هەر شتێکە و وەک بنێشتە خۆشکە جووراوە و جاوراوەتەوە و هەڵگەڕان و وەرگەڕانی بەسەردا نەهاتووە و هەر بە مۆری ماوەتەوە:

جزمی عەممە و تەبارەک بە حینجە و بەڕەوانی "ئیننەهو کانە تەووابا"[1] مریشکە ڕەشەی سەوابا، لۆ مامۆستای کەبابا، مریشکی ڕەشمان بە قیرەقیرِ گرت و لۆ مامۆستامان برد، قافیەی "یەمنەعوونە لماعوون[2]" دەگەڵ پارویک سابوون یەکتر دەگرنەوە، جلکی چڵکنی مامۆستا شۆرا، جزمە تەواو بووە، ئاهەنگە، بانگهێشتنی مامۆستا و هاودەرسانە، گیسکی بەلەمسیش لە ڕێگەی ئەم سەرکەوتنەدا خوێنی خۆی بەخشی و گۆشتەکەی کرا بە نەخشی سەر سینی ساوەر. ئەمجارە نۆرەی وردە کتێبە: سمایل نامە و ناگەهان، سوڵتان جومجومەی ڕەحمەتی، سەنگ تراشە گێل و ماڵوێرانەکەی کێوی توور و شەڕی باغەوان و ماری بێ کلک و دووپشکی کلک پان و بێ ئامانیی شێخ سەمیع، ماشەڵڵا کوریژگە زۆر پێشکەوتووە و کاتی ئەوەی هاتووە، پێ بنێتە حەوت خووانی ڕۆستەم و دەرزی دژوار و حەستەم بخوێنێ.

دەی کوڕم، بیسمی للاهی ڕەحمان ڕەحیم[3]، (بێ) حەرفی جەڕە، ئیسمی

پێ مەجرووره، جار و مەجروور موتەعەللیقە بە...؟ دەبێ ببوورن ئێستا لە بیرم نەماوە بە چییەوە بوو. موزاف و موزافوئیلەیهی[٤].. یێکیش هەیە، دەبێ لە بەریان کەی و سبەی گوێت لێ دەگرم، ئەگەر وەک ئاو ڕەوانت نەکردبوو، گوێت دەگرم و بەم گۆچانە وات بێزار دەکەم ئەگەر دەرسیشت لە بیر بچێتەوە ژانی لەشت هەرگیز لەبیر نەچێتەوە.

خوایە هاوار، بیسمی للا، دەزانم بیسمی للایە و ئەگەر ماناشی نازانم لە ترسی تاریکایی و جنۆکە هێندەم گوتووە هاتووەتە بەرم، ئەمجا ئەم جارِ و مەجرووره چییە لێی پەیدا بووە؟ موتەعەلليق چ قەرزێکی لە سەریەتی؟ موزاف و موزافوئیلەیهی دەبێ ناوی کام جرِوجانەوەر بن؟. کێ دەوێرێ بپرسێ: مامۆستا جارِ و مەجروور بە چی دەڵێن؟ نیازت لە موتەعەلليق و جووتەی موزافان چییە؟ ئەمجار کێ دەڵێ: مامۆستا خۆی دەیزانی، ئەوانە بەری چ دارێکن؟ خۆی وای خوێندووە و تۆش دەبێ وای فێر بی و برِایەوە. فێر نابی؟ کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە.

جوان نییە پیاو مەدحی خۆی بکا، بەڵام من لێرەدا ناچارم، جوان بێ و جوان نەبێ، تۆزێک بە خۆمدا هەڵبڵێم.

لە زەمانی منداڵیمدا- یاخوا بێ چاوێنی بم- تا بڵێی زیرەک بووم، ناوبانگی بلیمەتیم بەهەموو گوندەکەماندا گەرِا بوو، گوندەکەمان بیست ماڵێک دەبوو پیرێژن نەبوو نەزانێ: ئەم کورِە ڕیوەڵە و ملباریکە چەند لە خوێندن زیت و وریایە و ئەگەر باسی من بکرایە دەیانگوت: خوشکم ئەو تڵفە- دار و بەرد گوێی کەرِ بێ- هەڵکەوتەیە کە هەر لە ئێستاوە دەزانێ بەنی لەرزوتا با بدا و بە چەقۆ دەمی گورگ ببەستێ، ئەوە ئەگەر بمێنێ و بگاتێ بە خوا تەلاقی سێ بەسێش چا دەکاتەوە. تەنانەت کەسوکارم زۆر جار ئەسپەندەریان بۆ دەسووتاندم و کووژەکەی شین و نوشتەی چاوزاریان لەسەر شان درووبووم تا نەفەس و چاوی پیس کارم لێ نەکا..

جا ئەو ڕۆژە کە هەوەڵ دەرزی (عەوامیل)م خوێندبوو تێشی نەگەیشتبووم لەسەر گوێسوانەی بانێک هەڵویستا بووم، دەستێکم نابووە بن کەوشەوە و بە فیزێکەوە سەیری کۆمەڵێک نەخوێندەوارم دەکرد خەریکی ناڵکردنی ئێسترێکی تۆڕ و چەمووش بوون، ناڵبەندەکە دارێکی دوو لکی هێنابوو، بەنێکی کشت و دوو بادی لێ پێچا بوو، خستبوویە لیچی ئێسترە بۆزەوە و جەڕەبابەی دابوو، تا لە کاتی ناڵکردندا لە جووتە هاویشتن و گازگرتن بکەوێ.

زیرەکی بۆ ڕۆژێکی وا نەبێ بۆ کەنگێ باشە، باوەڕ دەکەن یان ناکەن کەیفی خۆتانە، بەڵام سوێندتان بۆ دەخۆم: بەبێ ئەوە کەس پێم بڵێ من هەر بە زیرەکی خۆم هەڵم هێنا کە ئەم دار و پەتە جاڕ و مەجرووڕەکەی دەرزی منە، کەوا بوو، موتەعەللیق بزمار و ناڵ بارەیە و موزاف و موزافوئیلەیەهیش ئەوە دیارە: یان کلکە، یان یاڵە چونکە موویان تێدایە، ئەگەرچی لە پاشان بیستمەوە کە نەخوێندەوارە بەسەزمانەکان بەو دار و بەنە دەڵێن: لەواشە، بەڵام من هەرگیز نەمسەلماندووە و ئێستا و ئێستاش هەتا ناڵبەندێک دەبینم، کە لچ و لێوی یەکسمی باداوە و دەم و فلچی بەو دەردە بردووە، من جاڕ و مەجرووڕم دێتەوە بیر و تەواو بە زیرەکیی ئەوسای خۆم دەنازم.

باشە، ئەوا من ئەو ئاگر پارەیە بووم کە هیچ شتێکم لەبەر حاسیە نەدەبوو، منداڵی دیکە چۆن لە وزەیاندا هەبوو ئەو مەتەڵۆکە دژوارە هەڵێنن و بە دەستییەوە دانەمێنن؟

دەترسم پێم پێ بکەنن، ناهەقیشتان نییە، بەڵام ئەگەر بە وردی بیری لێ بکەینەوە و بە درشتی لێکی دەینەوە، وا بزانم قوڵپی گریانمان لە ئەوکدا گیر دەخوا و خەم و پەژارە بەر بینگمان دەگرێ.

وەرن با پێکەوە ئەو کارەساتە بەسەرکەینەوە و ئاوڕێک لە بنج و بناوان بدەینەوە، بزانین چۆن تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشە کراین و بەو دەردە براین و

چۆن تا ئێستاش لەم قوڕە شێلەدا ماوینەوە و هەر لێی دەرنەچووین.

وا نزیکەی چارەکە چەرخە، گەلی کورد لە خەویشدا خۆی بە سەربەستی نەدیوە و دەرفەتی پێ نەدراوە دڕوێک لە قالبی خۆی دەربێنێ، بێگانە دەستیان بەسەردا گرتووین، هەموو مایەی ژیان و مان و تەنانەت مێژوو و زمانیشیان بەتالان بردووین، ناچاریان کردووین بە زمانی ئەوان بخوێنین و ئەوەندەی بۆیان لواوە بە ناوی ئاینەوە دەنا بە ناوی شەق و زللە و دار و گوللەوە زمانی زگماکی خۆمانیان لە بیر بردووینەوە، کاریان بە ڕادەیێک گەیاندووە، کە ڕەگەزی خۆشمان و زمانەکەشمان وا لە بەرچاو سووک و چرووک ببێ، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەلیشمان بۆ هەڵکەوێ بێز لە خۆمان و زمانمان بکەینەوە و بە تیتوش ئاوڕ لە خۆمان نەدەینەوە.

بە عەرەبی خوێندوومانە و تێ گەیشتووین، کە ئەو زمانە زمانی گۆڕەوشار و ناو بەهەشتە و لە دەشتی مەحشەریشدا ئەگەر نەیزانین لاڵ و پاڵین و دەس بەتاڵین و لەناو چاڵین، ئەگەر کاربەدەستەکانی کوردستانیش غەیرە عەرەب بوون و بە سەرمان ڕاگەیشتوون و تێ گەیشتوون کە گەلیان دەبێ بە زمانی خۆیان بخوێنن، گوێیان ڕاکێشاوین و بە زمانی خۆیان دەرزیان داداوین و لە بیریشیان نەچووە خوێندنە کۆنەکەمان بە یادگار بۆ بهێڵنەوە و ئەو ڕەقەن و بەردەلانەمان پێ بکێڵنەوە و لەناو دوو بەرداشا بمانهاڕن و نەمان پەرژێ بیر لەو بیرە بکەینەوە کە تێی کەوتووین و تێدا نوقم بووین.

تەواو وەک دەرزە مێژوویییەکەی من، ئەوان جاڕ و ئێمە مەجروور و مەسلەش موتەعەللیقە بە هیچ فێر نەبوونی ئێمەوە و موزاف فارسی و تورکییە و موزافوئیلەیهی نەحوە عەرەبییەکەیە و کەسیش نەیتوانیوە مانامان بە کوردی بۆ لێ داتەوە، چونکە مامۆستاکانیشمان نەیانزانیوە کوندە لەکوێ دڕاوە.

تۆپی زەوی خولایەوە و تۆزێک بەرەو ئێمەش خزی و لە سووچێکی

تەنگەبەری ئەم کوردستانە هەراو و بەرینەدا توانیمان ڕێگەی کوردی خوێندن بکەینەوە و کەم تا کورتێک نیوە ئاوڕێک لە خۆمان بدەینەوە، لاوانی کوردی دەست و دڵ گەرم و خوێندەوار- خوێندەوار بە زمانی بێگان- کە زمانە زگماکەکەی باب و باپیرانی خۆیان وا لە بەرچاو کەوتبوو، لایان وابوو لە زمانە مردووەکانە و هەر بەشی شوان و گاوان و دەشتییەکانە و "ڕووی مەجلیسی یارانی نییە" و چڵکە هەورێکی هاوینە و هومێدی بارانی لێ ناکرێ و ئەوەندە لاواز و داڵ گۆشتە ئەگەر مارمێلکەشی بە گەروودا کەی نابووژێتەوە و خۆی بەسەر کاغەزەوە ناگرێ. هاتن چاکی مەردایەتییان لێ بەلادا کرد و هەرچی زمانی بێگانەکەیە و هەرچی زمانی شوان و گاوانە خۆماڵییەکەی خۆشمانە بە گەسک و بێڵ ماشتیان و ناشتیان و سەرلەنوێ کەوتنە کار و زۆر بە کارامەیی زمانێکی سەربەخۆی ئەوەندە سەیر و سەمەرەیان بۆ ئیجاد کردین کە سەری فیل و نەهەنگیشی تێدا گێژ دەبێ، کوردییە و کوردیش نییە. تەرجەمەی عەرەبییە و تەرجەمەش نییە، و عەرەبیش نییە، ئەدی چییە؟

دەڵێن: مەلایێک لە دەرزی (ئەحمەدی)دا بە منداڵێکی گوت: نەجل و وەلەد چی؟ ڕۆڵەیە. منداڵ پرسی: مامۆستا (چیرۆڵە) بەچی دەڵێن؟ مامۆستاش لێی ئاڵۆزا و فەرمووی: کوڕم (چیرۆڵە) شتێکی گرمووڵەی جوان و حەنتیکەیە لە بازێران دەست دەکەوێ. لە پێشدا دەمانزانی شکڵ چییە، هەقی شەرعی بەچی دەڵێن، دەشمانزانی نیاز لە جامیعەی عەرەبی و دیفاعی مەدەنی چییە، بەڵام شکڵ بکرێ بە "ئێسک" و هەقی شەرعی "مافی پڕۆژەیی" بێ و جامیعەی عەرەبی "مزگەوتی عارەبان" بێ و دیفاعی مەدەنی کرابێ بە "بەرەوانی باشی بۆزغی" تۆ دینتان لە "چیرۆڵە" سەیرترن یان نا؟ جا ئەوە هێشتا باسی "حەیتە" و "ڕاژە" و (فلّقە کۆن) و (لاکێشی تەریبی) و چەند شتی لەوە سەیرترم بۆ نەکردوون. شیرم لە سەرت دابێ، تەپ و تۆز و هەرایەکە سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە، کوڕە وەرە بمکوژە. کاغەزی

کاغەز ئاسایی بابەڵباب و جەدد و عابادی کورد بوون و بە کوردی ژیاوە کەچی فرێمان داوە و کردوومانە بە "تیانووس؟" لەسەر قافیەی ئۆقیانووس، شاعیر، شاعیری کڵۆڵ و نەگبەت نیوەی خەڵکی دنیا دەزانن ئەو ناوە بۆ چ ماڵوێران و چارەڕەشێک دانراوە کوردەکەش پێی دەگوت شایەر کرا بە "هۆنەر" گوتمان باشە، "بوێژ"یان بۆ دۆزییەوە پیرۆز بێ، کرا بە "هەستیار" دەنگمان نەکرد، وا ئەم ڕۆژانە سەرلەنوێ ناوکی بڕاوە و بانگیان بە گوێدا لێ داوە و ناویان ناوە "هەڵبەستێنەر"، ئەگەر خوا نەیکوژێ بە دوو ساڵی تر وەک وشتری عەرەب خاوەنی سەد و پەنجا ناو دەبێ.

ئەو تۆزەی بە نموونەم هێنانەوە، تنۆکێکە لە دەریایێک و چڵە کایەکە لە بەرانبەر چیایەکدا، ئەگەر قۆشە و دراوێکی لە خۆمان زیادمان هەبێ و بەوردی بە شوێن ئەو وردە کتێبانەدا بگەڕێین کە لە پاش یازدەی ئازارەوە لە پەستا و بەبێ وچان دەخرێنە بازاڕەوە و کات و تاقەتیشمان هەبێ بیانخوێنینەوە، ئەوسا دەردەکەوێ چەند ماڵوێران و برینداریین و کۆنە برینمان چەندی وەبن داوە و بە هیچ داو و دەرمانێک چاری ناکرێ و کەس نییە پێی بچارێ.

برا کوردەکانی کوردی نووسی خۆشەویستم، ئەیزانم ئێوە لە دڵپڕی و دڵگەرمیی خۆتانەوە دەڕوانن و دڵسۆزیتان هەڵی ناون کە ئەمە بکەن، تازە تۆزێک لە بەندی گرانی زمانی بە زۆر سەپاوی بێگانە ڕزگارتان بووە و دەتانەوێ هەرچی زووە بە یەکجاری کوڵ و کۆی دڵی خۆتان بڕێژن و ئەم ڕێگە دوورەی کە مەودای لە هەزار ساڵ پترە بە ڕۆژێک و بە شەوێک بیبڕن، واتا ئێوەش لە شارەوە بە نووکی قەڵەم شۆڕشتان بەرپا کردووە و شۆڕشەکەش زۆر پیرۆزە، بەڵام دەبێ بزانن، هەر شۆڕشێک ئەگەر بە ڕێکوپێکی نەڕوا بەڕێوە و شۆڕشگێڕان هەموویان ئاگایان لە یەکتر نەبێ و هەر کەس هەر کەسە و پاشاگەردانی و بەرهەڵدایی بێ، سەر ناگرێ و چیی

لێ ســەوز نـابێ، ئەگــەر شــۆڕشگێــڕان گــوندێکی خــۆیان ئازاد کــرد و مـەکتـەبێکی تێدا بوو، ناشێ بیـڕووخـێنن چونکە دەسکاری داگـیرکـەرە، گەرەکە بیکەن بە فێرگە بۆ مندالانی ئازاد و بەهرەی لێ وەرگرن، پیاو نابێ لە داخی خـەڵک سـەری منداڵی خـۆی بشکێنێ، ئەم پەلە و هەڵپـەیەمـان لە فڕێدانی وشـەی بێگانە و داتاشینی بێ سـەرە و بەرەی وشـەی تازە بابەت و نارێک و لـە شـان گـران و ئاگـا لە یەک نەبوون و رێک نەکـەوتنی نووسـەران لەسەر ئەو وشانەی، کە هەر کەسە بە شەو لە ماڵەوە بە تاریکی ڕێکی دەخا و بە ڕۆژ ئەیخـاتە بازاڕەوە، زیان بە منداڵی کـورد دەگـەیەنێ و سـەریان لێ دەشێوێنێ و هـەر وەک لەوە دەچێ، کە پیاو مـەدرەسـەی پێشووی گوندەکەی بڕووخێنێ.

من دەڵێم با تۆزێک لەسـەرخۆتر بڕۆین و زۆر لە سەرەنگرێ بوون بترسین، با نەخوێندەوار و دەشتەکییـەکانمان بکەینە مـامۆسـتای زمان و بـە لامانەوە شــەرم نەبێ، کـە لامـان وابێ ئەوان لە شـارسـتـانی خـوێندەوار باشـتـری دەزانن، ئـەو وشــەی دەمــانەوێ لـە جـیـاتـی وشـەی بێگانـە بینووسـین لەوان پرسـین و ئەگـەر ئەوان نەیـانبـوو با جـارێ هەر ئـەو کـۆنەیەی چەند سـاڵە بیستـوومانە و فێری بووین، دەکاری بکـەین و وەکاری خەینەوە تا ئەو ڕۆژەی کە فـەرهـەنگێکی وامـان بۆ دەرەخسێ هـەمـوو زاراوەکانی زمـانەکەمانی تێدا جێ دەکرێتـەوە و هـەمووی لە جێیەکا کۆ دەکرێتەوە، ئەوساش چەن کـەسێک لە زانایانی کوردیزانی بـەڕاستی لە دەوری یـەک کۆ ببنـەوە و ناوی لە بار و ڕێک بۆ ئەو وشـانە بدۆزنەوە، کە لە کوردییە خـۆمـاڵییەکەدا دەس ناکـەوێ و کـارێکی واش نەکـەن، کە لـە کۆنەکەی فـێری بووبووین گرانتـر بـێ و کورد نەتوانێ زووی فێر بێ.

با بە دەوروبـەری خـۆمـاندا بڕوانین تا بزانین فـارسـەکـان و تورکـەکـان و هیندی و پاکسـتـانی بە هـەزاران وشـەی عـەرەبییـان لەلایە و دەکاری دێنن و

دەیخــوێنن و یەکــتـری پـێ دەدوێنن و هیـچ زیانێکیش بە عــەمـر و مــاڵیــان نەگـەیشـتـووە، هـەر عـەرەب بۆ خـۆی بـە سـەدان وشـەی کوردی و فـارسـی و ئاشـووریـی هێناوەتە ناو زمـانـی خـۆیەوە و کەسـیش پێی ناڵێ پشـتـی چاوت برۆیە.

برا گــیــان، وەک بـرایێـکی بچــووک هـاوارتان لـێ دەکــەم و دەس دەبەر پشـتـێنتـان وەردێنم، بەزەییـتـان بە منداڵە کـوردەکاندا بێـتـەوە و تۆزێک لەو گەرم و گوڕی و دڵپڕییـە دابەزن باشـترە، چونکە من بڕوام وایە، کە ئەگەر نووسـینە کوردییـەکەمـان بەم ڕەوتە بڕوا، کە ئێسـتـا گرتوویەتە بەر، دارێکە بەر ناگرێ و سـەر لە خوێندەوار و نەخوێندەواریش دەشێـوێنێ بەڕاستی ئەم سەربەستییە لە داتاشینی وشە و ئیجادکردنی زمـاندا دەگەڵ خوێندنی سـەد سـاڵ لەمەوبەرماندا نەک هەر جیاواز نییـە، ئەگەر بوێرم دەڵێم هێشتا خۆزگە بەو، ئەگەر ئەو بێ خـوێ بوو، دەکرا تۆزێک خوێی تـێ بکەین و بخورێ، بەڵام ئەمـەی ئێسـتـامـان زۆر سـوێرە و جـەرگ دەبڕێ، دەسـا دەغـیلتـان بم، نەوا سوێر و نەوا بێ خوێ، با وانەبێ ئەگەر بیچێژین بیرێژین.

پەراوێز:

١. انه کان توابا.

٢. یمنعون الماعون.

٣. بسم الله الرحمن الرحیم.

٤. "مضاف و مضاف الیه".

نووسەری کورد ژمارە ٢٥

## منالّانمان هان بدەین

لە ڕۆژگارانی پێشوودا ئەگەر باسی کابرایەک، یان کارێکی لە شانان گران کرابا دەیانگوت: لە شەمووی منالّ خوێن تالّتر و نالەبارترە، نیازیش ئەوەبوو کە خوێندن و چۆنی قوتابخانە بۆ مندالّ کارێکی گران و چەتوونە و دژی ئاوات و ئارەزووی ژیانی مندالّییەتی.

بەلّام بیریش لەوە نەدەکرایەوە کە بۆچی ئەو خوێندن و قوتابخانەیە وا لەو مندالّە بووەتە دێوەزمە و زیندان و لێی تۆقیوە؟

با ئێمە بیدەینە بەر چاوی خەیالّمانەوە، مندالّێکی شلک و ناسک و خۆنەگرتووی کورد براوەتە قوتابخانەیەکی ڕەش و تاریک و خراوەتە بەر دەم و دەستی مەلایەکی گرژ و ڕووناخۆش و جنێوفرۆش و زۆر بیژووی ڕیش درێژ و بێ بەزەیی، دەرگا لەسەر منالّ داخرابێ، دار فەلاقەیەک، بە دیوارەوە هەلّواسرابێ و هەژ نۆ شوولّی درێژ و تەڕ لە بەردەمی مامۆستای بەڕێزدا ڕیز کرابێ و بە تووڕەیییەوە تێی ڕاخوڕن: وەرە دەرسەکەت بلّێوە، دەرسیش کام دەرسە؟ دوێنێ بە زمانێکی ڕەق و تەق و دژوارێکی وەها کە نە مامۆستا خۆی و نە باوکی مامۆستا خۆی و نە باوکی باوکی مامۆستاش سەرەودەرەی لێ دەردەکا شتێک بەو منالّە گوتراوە و ئێستا لەسەریەتی بەبێ ئەوە مەعنای بزانێ ئەبێ وەک تووتی لەبەر بیلّێتەوە و ئەگەر بە هەلّەدا بچێ کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە. من نالّێم هەر منالّ و بەس، بگرە فیل و دێویش بێ، خواخوایەتی گوێ لەم قیڕوهۆڕە نەگرێ و چاوی بەم بەزم و ڕەزمە نەکەوێ.

سـوێندی کەسم لەسـەر نییە هـەر من خـۆم کاتـێ جزمی عـەمەم دەخـوێند و حینجـەم دەکردەوە، جگە لەوە کـە لەسـەروسیمای مامـۆسـتـام دەترسام، جگە لـەوە کـــە لە دیمـەنی قـــامــچـی و دار لەرزم لـێ دەهات، زۆرجـــار وشـــەی دەرسـەکـانیـشـم لێ دەبوونە مـار و دووپشـک و خـەریک بووم لە ترسـانیـان فـەراقی ڕەش بکەم. بۆ نموونە هـەر لە خـۆوە لە (عـەین واو عـو) ئەترسـام، لام وابوو جندۆکـەی لێ دەردەپەڕێ. ئای کـە ڕقم لە بیل فـەلەق هـەڵدەسـتـا، زیل جیننە و ئەلخەن بووبوونە دوژمنی خوێنم و حەزم دەکرد بیانخنکێنم.

بەڵام ڕۆژێک لـە سـیـپـارەکـەمـاندا تەواو نازانم لە کـامـە سـوورەتدا بوو تووشی وشـەی (حەسیر) هـاتین باشم لە بیرە من و هـاودەرسەکانم تێکڕا لە تریقـەی پێکەنینمـان دا و تـەواوێک دڵمـان خـۆش بوو. ئای ئای، خـۆ ناوی حەسیر لە قورئانیشدا هـەیە؟ مامۆستاش لەو دۆزینەوەی ئێمە بۆ یەکەم جار بزەیەکی هـاتە سـەر لێـوان و بەوە خـۆشـیـیـەکەمـان لێ بوو بە دوو خـۆشـی. هـەرچەندە حـەسیرەکـەی ناو سـیپارە ڕایەخـە سـەدپارەکـەی ماڵی خـۆمـان نەبـوو، بەڵام چـونکە هـەر لـەمـــێـژ بوو ئەو نـاوەمـــان دەزانی و ئـەو ڕۆژە لە خـوێندنا تووشـی بووبووینـەوە تەواوێکمـان خـۆش دەویست و کـردبوومـانە بنێشتە خۆشکە و لە زارمان نەدەکەوت.

سـاڵ هـات و سـاڵ چوو بـە سـەری پیـری جـارێک لە جـاران بـەسـەرهـاتی دەرسـی حەسیرم وەبیر هـاتەوە و زۆرم بیر لێ کردەوە.

وای تێ گـەیشـتم، ئەگـەر بمانەوێ منـاڵـمـان لە خـوێندن وەڕەز نـەبێ، ئەبێ دەرسـەکانی لەو وشـانە پێک هـاتبـێ کە خـۆی بەر لە خـوێندن بیسـتوویەتی و ڕەوانی کـردووە و دەگەڵیا ژیاوە، ئەبێ ئەو کەسـانەی کتـێب بۆ منـاڵ دادەنێن و هیم و بنـاغەی دوارۆژی بۆ دادەڕێژن، ئەم مـەبەسـتە دە بەرچاو بگرن و زۆر بە وەسـتـایـانە پەند و ئامـۆژگـاریـی پەروەردەکـردنی منداڵ بخـەنە نـاو وشـەی دڵبـزوێنـی منـاڵانەوە و دەرمـانی دەردی نەخـوێندەواری لەناو هـەنگویندا بە

قورگی شاگردەکانیاندا بکەن.

بەڵام لە کاتێکدا کە ئەم خەیاڵانەم دەکردەوە لە پڕ دێوەزمەی ناهومێدی لە بەردەمم خۆی قوت کردەوە و بە تەوسەوە پێم پێ کەنی: ئەی هەژاری ماڵوێران بیر لە چی دەکەیتەوە کوردی خوێندنی چی و؟ منداڵ پەروەردەکردنی چی؟ کوا زمانت تا بخوێنی؟ لە هەموو کوردستاندا تەنیا لە تەنیا مەڵبەندێکی بچووکدا، گوایە کوردی بەدەرس ئەوترێتەوە ئەویش بە ناشکوری نە کوردییە و نە دەرسە و نە لێت دەگەڕێن منداڵت فێری زمانی خۆی ببێ. بڕۆ بڕوانە کتێبە دەرسەکانی کوردی وشە بەوشە و ڕست بەڕست لە زمانی بێگانەوە بەجۆرێکی وا وەرگەڕاوون کە خۆزگە بە زمانەکەی بێگانە بخوازی.

بیانخوێنەوە تا تێ بگەی کە هیچ شاگردێکی کوردی خوێن حەز ناکا گوێی لێ بگرێ و دە دڵی بگرێ. چونکە گەلێکی بێ کەس و کەساسین و تێکۆشینمان بە هیوای جیرانانە و دڵسۆزێکی خۆمان نییە، بەزەیی پێماندا بێتەوە و بەری بەرهەڵداییمان لێ بگرێ و وشە و ڕستی تازە بابەتی وات بۆ خراوەتە ناو کتێبی کوردییەوە هەزار خۆزگەت بە بیل فەلەق و ئەلخەنەکەی پێشوو. بیر بۆ کێ ئەکەیتەوە، کێیە گوێت لێ بگرێ؟

کەچی لە پڕ شیعری مەلای کۆیەی نەمر گوێی زرینگاندمەوە، زۆر بووە بەرخێکی لەڕ و لاواز بووەتە خەرتێکی دووگ زەلام و قەڵەو، یان منداڵێکی سیس و مردۆخە بووەتە پیاوێکی توندوتۆڵ و و پتەو. باشە ڕاستە ئەمڕۆ بێکەس و کەساسین و چاولەدەست و دەرۆزەکەرین، بەڵام ئاخۆ ئەم گەلە مەزنە هەروا دەبێ و هەر وا دەمێنێ. نەخێر ئەو ڕۆژە هەر دێ کە ڕۆژی بەختی لە پشت هەوری نەگبەت بێتە دەر و تەمی خەمی لە بەرچاو بڕەوێ و ئەویش وەک گەلانی خوداپێداوی تر بێتە دەر و بێتە بەر و سەرکەوێ و بەخۆدا بێت و گەشە بکا و برەو بستێنێ و ناوبانگی دەرکەوێ، منیش ئەو

ڕۆژە دەڵێم نە ئیستە، دیارە گەل تا ئازاد نەبێ ناتوانێ بیری ژیانی خۆش بکاتەوە، بە لێوی دادڕاوەوە گۆرانی ناگوترێ، پیاو دەبێ هێندە پیاو بێ خۆی دە پێناوی ئازادیدا بەخت کا و بە هەر بارێکا بۆی دەلوێ باربووی کۆمەڵی ئازادی دواڕۆژی کورد بکا. با من هەر لە ئێستاوە دەست پێ بکەم و دەستەچیلەی خۆم دانێم، ئەو ڕۆژە کە کورد ئازادانە خەریک دەبن کتێب بۆ مناڵەکانیان ڕێک بخەن تا لەمن باشتر دەستبەکار دەبن بڕواننە ئەو کۆششەی ئێستای من و ئەگەر بەهرەیان لێ دیت زۆر بەختەوەرم ئەگەر بەکاریش نەهات دەزانن درێغیم نەکردووە و هەر ئەوەندەم لەدەست هاتووە.

لەپاڵ خۆمدا بڕیارم دا لە کتێبی بێگانەی ئەوانەی زمانەکەیان دەزانم و لە فۆلکلۆر و وردە چیرۆکی کوردەواریی خۆمانەدا گوڵبژێرێک بکەم و بەرامبەر بە تەمەن و پلەی خوێندەواریی مناڵ، بیانهۆنمەوە و بەپێی توانام لە هەڵبەستی ناو کتێبی مناڵاندا کەلێنێک پڕ کەمەوە، لێرەدا ئەمەم بە دڵا هات: گەلۆ من وا چل ساڵێک لە ژیانی منداڵیم دوور کەوتوومەوە، کوا لە بیرم ماوە کە مناڵ چیی پێ خۆشە؟ کەوابوو لە هەمووی باشتر ئەوەیە هەرچی بۆ هەر جۆرە مناڵێک ئەنووسم لە پێشدا لە مناڵەکەی تاقی بکەمەوە، ئەگەر پەسندی کرد، ئەوا دیارە لە کارەکەما سەرکەوتووم و ئەگەر خۆی لێ بووارد و تێ نەگەیشت دیارە نەمزانیوە چم نووسیوە.

هێنام کوڕێکی چوار ساڵان و کوڕێکی هەشت ساڵانی خۆم کردە کەیخودا و ڕیشسپیی خۆم و هەوەڵ تاقیکردنەوەم بۆ خوێندنەوە:

**زەنگی مشکان**

کۆوەبوون مشکی ماڵان
لە نەنک و مام و خاڵان
کلک باریک و چاو زیت
لمۆز درێژ و گوێ قیت

بیریان گەڕ و گزی بوو
زەنگوڵێکیان دزیبوو
گوتیان: بێ هەست و چرپە
دەیخەینە کلکی گورپە
هەر کاتێ دەرچێ بۆ ڕاو
زەنگوڵە دەیکا بە قاو
بە خۆشاردنەوە فێرین
گورجی خۆمان وەشێرین
لەبەر ئەو دەنگە زەنگە
مام گورپە کاری لەنگە
ناتوانێ مشکێ بگرێ
بۆ خۆی لە برسان دەمرێ
ئیتر دەژین وەک پاشا
لە کەندووی نیسک و ماشا
هەڵمەت ئەبەین وەک شێران
بۆ بژیوی جوتێران
هەمبانان دەدڕێنین
کەشک و نان دەقرتێنین
ئەگەر نەما پشیلە
مشکان تلی للی لە
مشکێ چاویلکە لەچاو
زۆر جیهان دیدە و گەڕاو
سمێڵی سپی و درێژ

وریا و زۆرزان و کەم بێژ
دار گۆچانێ لە دەستا
هەستا لە کۆڕ هەڵوێستا
وتی ئەی برا و خوشکان
پیر و ڕیشسپی مشکان
مێشکو کۆن و رزیوە
بۆ ئەو زەنگەو دزیوە
ئێستا کێ وا ئازایە؟
خۆ باوێتە بەڵایە
بیخاتە کلکی پسیک
ئیتر نەخرتە و نە جیک
مشکان کردیان بڵاوە
زەنگیش لەو ناوە ماوە
کەوتە دەستی منداڵان
گوتیان تاڵان هەی تاڵان

***

هەر کارێ دەست پێ دەکرێ
بیری دواڕۆژی نەبرێ
وەک زەنگی مشکی لێ دێ
داخوا بەهرەی بۆ کێ بێ ..

هەر کە دەستم پێ کرد بە ناوی مشک پێکەنین، خۆ کە گەیشتمە کلک باریک چاو زیت، تریقانەوە، مام گورپەیان خۆش دەویست. کاتێ گوتم: بۆ خۆی لە برسان دەمرێ، کوڕە چکۆڵەکە هاتە ناو قسەکەمەوە و گوتی: بابە بچم نانی

بۆ بێنم. مشکی گۆچان بە دەست و سمێڵ درێژ و هەمبان دڕاندن و کەشک قرتاندن و زۆر شتی تریان بەلاوە زۆر خۆش بوو، گورجێک ئەگەر نەما پشیلە مشکان تلی للی لە- یان لە بەرکرد. ڕەوتی شیعرەکە لەگەڵ بەند و باوی منالاندا یەکتر دەگرێتەوە گوێم لێ بووە کیژۆڵەی خۆشناو هەڵبەزیون و گوتوویانە: دووم دووم حەلاجی، چوومە مارێ مامی حاجی، هێلکە و ڕۆنیان لێ نابوو، بەشی منیان نەدابوو. ئەو وشە و ڕستی چیرۆکەکەیان لێ دروست بووە هەمووویان بیستووە و دەیناسن و من وەبیرم هێناونەوە و لەو ئەزموونەمدا سەرکەوتم و بەڵگەشم ئەوەیە کە هەموو ڕۆژ بەربینگیان دەگرتم: دەی بابە هی تریشمان پێ بڵێ. ئەم جارە نووسراوێکی جوبران خەلیل جوبرانم بۆ وەرگێڕان کە دەڵێ:

**ڕێوی بە فیشاڵ**

سەر لەبەیان تاو هەڵات
مام ڕێوی لە کون دەرهات
لە سێبەری خۆی ڕوانی
بە درێژایی و بە پانی
خۆی ئازا هاتە بەرچاو
دەستی کرد بە چاو و ڕاو
گوتی: وا بۆ ڕاو ئەڕۆم
هیچ نەبێ شێرێک ئەخۆم
گەلێ کردی ملۆمۆ
تا ڕۆژ هاتە نێوڕۆ
سێبەر گەییە بەرسنگی
هیچی نەکەوتە چنگی

دیتی زۆری برسییە
دەیگوت تەماح باش نییە
هەر مشکێکم دەس کەوێ
بەسمە ورگم دەسرەوێ
خەیاڵ جێی نان ناگرێ
شێر بە ڕێوی ناخورێ

لێتان ناشارمەوە ئەوەی جاری دووەمم ئەوەندەی زەنگی مشک لە چکۆڵەکە خۆش نەهات، بەڵام گەورەترەکە و یەکی لەویش گەورەترم کە پۆلی شەشی سەرەتایی بوو، لە بەریان کرد و بە گۆرانییەوە دەیانگوتەوە. ئەمە خستمییە سەر ئەو بیرە کە دەستی خۆمی لێ بووەشێنم و لە قەدەر منالیی ئەوان سروودێکی نیشتمانییان بۆ دانێم و کوردستانیان لە بەرچاو شیرین کەم، ئەمەم بۆ نووسین:

**کوردستان بەهەشتە**

زستان ڕۆیی سەرما نەما
دەرچووین لە ناو مژ و تەما
سەری کوێستان خاڵ بەڵەکە
جەژنی مام ڕێوی و دەڵەکە
قاو و قیژە لەو بڵندە
بە کۆمەڵ دەفڕن باڵندە
بەبێ وچان بەبێ وەستان
گشتیان دێنەوە کوردستان
پرسیمان لە قورینگ و قازان:
هۆ لالۆی گەڕیدەی چازان

ئێوه زەوی زۆر گەڕاوون
له زۆر جێگادا زۆر ماون
له هەوار و شار و دێیان
کوێ خۆشتره له گش جێیان؟
پێیان گوتین: کەسی خالآن
شەکەت بووین له لاق و بالآن
جیهانمان گش پشکنیوه
وەک کوردستانمان نەدیوه
جێ نین خۆشتر له نیشتمان
کوردستانه بەهەشتمان

هەموو مناڵه کوردێک دەشتەکی بێ یان شارستانی ناوی قاز و قورینگ و کوێستان و خاڵ بەڵەک و هاتنەوەی باڵداران له گەرمێنەوه دەزانن. دیسان ڕەوتی شیعرەکەش هەر لەو بابەتانەیه که مناڵ خۆیان ئەیڵێن، بۆ نموونه کاتێ حاجی لەقلەق تەشریف دێنێتەوه، مناڵ دەیکەنه هەرا و دەڵێن:

له عاسمانان چەرخ و فەلەک، لەسەر عەردی کوچک و کەڵەک، ماندوو نەبی عەبا بەڵەک.

واتا زۆربەی منداڵی کورد، که بەزاراوەی سۆرانی ئەدوێن زۆربەی وشەکانی ناوئاخنی شیعرەکەیان له پێشا بیستووه و ڕەوانیانه و تۆ که بەدەرس پێیان بڵێی هەر ئەوەندەت لەسەره وەبیریان بێنییەوه. دەتوانی ئەوەنده ئەرک بکێشی بڵێی لالۆ لەگەڵ خاڵ یەکن. جیهان دنیایه، که ئەم ئەرکەش زۆر کەم و هاسانه.

جا من لەسەر ئەو بیرەی خۆم ڕۆیشتم و هەشتا و دوو چیرۆکم ئاوا هۆندووەتەوه و هەزار بەیتێکی گرتووەتەوه.

بەڵام وەک گوتم هەمووی بۆ منداڵی زۆر بچووک نییە. بەشی هەموو جۆرە تەمەنێکم داوە و ڕەوت و کێشی هەڵبەستەکانیش پلە بەپلە گۆڕاوە، بۆ ئەوە شاگردی کورد لەو کێشە جیاوازانە شارەزا ببێ، کە بۆیژانی پێشوومان شیعریان پێ وتووە.

زۆر بە هومێدم ئەگەر مامۆستایانی پەروەردە و زانست ئەم بیرەی منیان پێ پەسند بێ، ئەوانیش لەبەر خۆیانەوە خەریک بن لە دەرسەکانیاندا و لە دانانی کتێباندا ئەم ئاکارە ڕەچاو بکەن و چاویان لە دوارۆژی منالآنی کورد بێ و بیانەوێ باش و پوخت فێربن و پێشینەش وتوویانە: شاگردی زیرەک و زانا کردەوەی جوانی مامۆستای دەردەخا.

هەتا جارێکی تر لەسەر ڕووپەڕی ئەم گۆڤارە بە یەکتر دەگەینەوە بەخواتان ئەسپێرم.

کۆواری پەرورده و زانست
ژمارە ١ ساڵی ١٩٧١

## له دەمی نەهەنگا

دەڵێن: ئەگەر وردە گۆشت و بەرماو لە کەلێنە کەڵپی نەهەنگدا شەوێک بمێنێتەوە لێی دەبێتە ژەهر و دەیکوژێ. جا لە دوای خواردنی نێچیر دەم دەکاتەوە و مەلێکی بچووک دەچێتە ناو زاریەوە و ددانەکانی داژنێتەوە و بەو بەرماوە دەژی.

مەلم مەلێکی بچووکم        بێ هێزن باڵ و دەنووکم
بێ ناوم لەناو مەلاندا        ئاوارە لە چیا و تەلاندا
ئەگەر هەوا گەرمە، سەردە        جێگەم تەڕاش و بن بەردە
کەس بەسەرم ناکاتەوە        کەس ئاوڕم لێ ناداتەوە
وەکو پووشێکم لەدەم با        شەماڵ دامنێ، زریان دەمبا
باشو نەمخوا، باز دەمگرێ        ڕێگەم پڕ لە کۆسپە و گرێ
لە ژیانمدا خۆشی نەدیو        لانە شێواوم، بێ بژیو.
بە ناهومێدی سوڕ ئەخۆم        نازانم بەرەو کوێ ئەڕۆم؟

دامەزراوم لەلای نەهەنگ        چینە و دانم کەوتۆتە چەنگ
دەمی بۆم داچەقاندووە        گەوی لیچی ڕەواندووە
پێک هاتووین: ددان ئاژن بم        لەناو کەڵپان بەرماو چن بم
من نەبم دەمی بۆن دەگرێ        من یاریدەی نەدەم دەمرێ
جێم باشە خوا نەیشێوێنێ        بەڵام. تاکەی وا دەمێنێ؟

نەهەنگی ئاغـــام زۆرخـــۆرە    بێ بـەزەیە، خـــــــاوەن زۆرە
ئەگــەر جـارێ لەم چینەم دا    مـچـوڕکـێکی هات بەدەمـدا
ئەگـەر گـەرم داهات گـیـانی    گۆشت مـەلی بەدەرمـان زانی
ئەگـەر لە جـوابی پرسـیـارێک    دەمی بـەیەکـــا دا جـــارێک
منی کــڵــــۆڵ چبێ چارەم؟    ئای کــــە هـەژار و بێ چارەم

کۆواری نووسەری کورد، ژمارە ١ ساڵی ١٩٧١

## بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە

زۆر لە مێژ ساڵە لەناو کوردەواریی خۆماندا پرسیارێک دەماودەم و دەستاودەست دەکا، کە ئاخۆ بۆچی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندەکانمان کە زیندوون کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە و کەس بەهیچیان نازانێ، کەچی کە دەمرن و لە دەست دەچن، دەگەڕێنەوە سەریان و شینیان بۆ دەگێڕن و کۆڕی شەپۆڕیان بۆ دەبەستن و چاکیان پێ هەڵدەڵێن و خۆشیان دەربارە دەبێژن و فرمێسکی گەرم و گوڕیان لە دوو هەڵدەڕێژن؟ لە ڕاستیدا پرسیارەکە تا ئێستا بێ وەرام ماوەتەوە و هەر یەک بە جۆرێک لێکی دەداتەوە، من لام وایە کوردیش وەک هەموو کەسێ تر دەزانێ بێ شیعر ناژی، چیرۆکی چاکی بەلاوە خۆش و پەسندە. بەڵام بەو مەرجە کە بە خۆڕایی دەستی کەوێ و بیبیسێ و زیانی ماڵیی لێ نەکەوێ.

شاعیر و نووسەر دەبێ کات و ساتی بۆ نووسینەکە تەرخان کا و ئەویش وەک هەموو ئافەریدەیەک خواردن و لانەی دەوێ و ئەبێ ژیانی ڕۆژانەی پەیدابێ.

ئەمجار بۆ ڕەنێوهێنانی بەرهەمەکەشی ناچارە داوای یارمەتی لەم و لەو بکا. ئەمەش بۆ ئەو ئەم و ئەوە دەری ناهێنێ و کابرای خاوەن پایە با حەزیش لە شیعر بکا، بەڵام حەز لە پارە پتر دەکا و شیعری بە خۆڕایی پێ خۆشترە لەوەی کە بیکڕێ.

جا بۆ ئەوە لەو نیاز و مەبەستەیدا سەرکەوێ دەست دەکا بەخراپە گوتن و

ڕەخنەلێگرتنی ئەو شاعیرەی کە ڕەنگە کاری بکەوێتە لای و ڕژدی و چنۆکیی خۆی پینە دەکا. بەڵام ئەگەر ئەو شاعیرە یان ئەو نووسەرە مرد (وەک دەڵێن مانگا مرد و دۆ بڕا) تازە داوای هیچ لە کەس ناکا و ئەوی لە ژیانا کردوویە بەبێ نرخ بژاردن بۆ هەموو کەس ماوەتەوە، ئەوسا هەموو کەس بەبێ ترس لە زیان دەتوانێ بڵێ: زۆرم خۆش دەویست و خۆشم دەوێ و چاکی گوتووە و زۆر بەردڵم دەکەوێ و نووسەرێکە هەرگیز نامرێ و ئەگەر بە زیندوویی کولیتێکی نەبوو ئێستا وا لەناو دڵماندا دەژی و جێگەی زۆر گەرم و خۆشە و هەموو دنیا بۆی بە پەرۆشەوەیە.

ئەوجا هەر ئەو پیاوە مەردە، با دەداتەوە سەر زیندووەکان و گەڕ دەو نووسەرانە دەهاڵێنێ کە هێشتا دەمیان دەجوڵێ و خواردن و بەرگ و خانوویان دەوێ و چاویان لێ دەقوچێنێ و دەمیان لێ دەکاتەوە و بە جڕ و جونگ و خشت و خاڵیان ناو دەبا و پاڵیان پێوە دەنێ، بە کورتی و بە کوردی ئەگەر وردی لێک دەینەوە دەزانین کە ئاکارێکی زۆر نانەجیبانە ملی گرتووین، دەمانەوێ، شاعیر و نووسەرمان دڵمان خۆش کەن و ئامۆژگاریمان بکەن، بەڵام نۆکەری بێ خەڵات و بەراتمان بن.

حاجی قادرمان بە پێخاوسی و بێ چۆغە و کاڵەک لە باڵەک سوڕاوەتەوە و سەرباری ئەوەش خەڵکی کۆیە شاربەدەریان کردووە و بەکافر و پیاوخراپیان داناوە و خەڵکی سولەیمانی نەدەچوونە جێژنی نەورۆزێک کە پیرەمێرد بۆی ساز دەکردن و هەزار درۆ و بوختانی بە خووت و خۆڕاییان بۆ هەڵدەبەست، بێکەس لێفەیەکی نەبوو بەخۆیدا دا دەچوونە سەیری قڕەی خۆی و خێزانی لەسەر لێفە، بەڵام کەس نەبوو دەست بەرێ پارەی لێفەیەک بدا، گۆران ئەگەر لە بەندیخانەدا نەبوایە، دەبوایە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای بۆ نانی ڕۆژانە بپێوایە، گوایە ئەو ڕۆژگارە کەس نەبووە لە شیعر سەری دەرچێ و تامی هونەر بکا؟ بەڵێ هەبوو، بەڵام وەک گوتم: ئەگەر بیانگوتایە

ئێوە باشن دەبوایە یارمەتیشیان بدەن جا بۆ ئەوەی خۆیان لێ بدزنەوە و بۆیان ماندوو نەبن و بەهانەیان پێ دەگرتن و خۆیان لە چنگ ڕزگار دەکردن، لە زەمانی ئەواندا شاعیر و نووسەری پێش ئەوانیان هێناوەتە پێش چاویان و ناویان بەڕێزەوە هێناون و ڕاوەستاون تا یەکێک لەو زیندووانەش مردووە و ئەوسا گورج هەستیان بە بلیمەتی و گەورەیی ئەویش کردووە و گوتوویانە، ئەشەدەم بیللا شاعیرێکی گەورە و نەمر بووە، ئەوانەی ئێستا ماون خوێڕی و تۆڕین، بۆ ئەوە نابن پیاو بیانناسێ.

حاجی قادر پێغەمبەری کوردایەتیمان و پیرەمێرد گەنجینەی ئەدەبیاتی بۆ جێ هێشتین و بێکەس دەرسی ئازایەتیی داداین و گۆران دەسکە گوڵی سەر سەبەتەی ئەدەبیاتی کوردە و پێویستە کۆتەڵیان بۆ برازێنینەوە و پەیکەریان بەرزکەینەوە و شینیان تازە بێتەوە و ئاکاریان و کرداریان لە بیر کورد نەچنەوە و لەلای بێگانە و خۆ شانازییان پێوە بکەین.

ئەگەر شاعیریش بووبێ دەبێ چەقەڵی کوردستان بێ، چەقەڵ بەزیندوویی پەنجا فلسێک ناکا، ئەگەر مردوو مۆمیا کرا نرخی ٢٥ دینار.

ئای سەد خۆزگە ئەم گەلە نەجیبەمان لەو ئاکارە نانەجیبانەیەی ڕزگاری دەهات و وای لێ دەهات بەبێ لە ڕوودامان بە چاکی بگوتایە چاک، جا با زیندووش بوایە قامکی دەچاوی خراپ ڕابکردایە، جا با مردووی مۆمیاکراویش بوایە، خوا گەورەیە، هیچ دوور نییە، ئەو ڕۆژەش بە چاو ببینین کە بە زیندی سەر کورتەباڵا و درێژان لێک جیا کەینەوە و هەر بە مردوویی لینگی هونەرمەندانمان لە بەریەک نەکێشینەوە، بە هومێدی ئەو ڕۆژە.

کۆواری هەولێر، ژمارە ٤

## حەللەق ، مەللەق

هەژار بۆ گاڵتە شیعری حوڕی نووسیوە

مامە گیان سەلاوی بۆندار
پیرۆز بێ قەنەفە و کورسی
گەر لە بچووکی خۆت ئەپرسی
ماوم بەلام بە لارە لار
نەگۆڕاوم هەروەک پێشووم
وەک زوو دیوتم هەر بێکارم
هەر نەدار و نالەبارم
بێ نان و بێ بەرگ و تێشووم
مامە گیان ئەو کاتە لە چیا
پێکەوە دەژیاین لە ئەشکەوت
ڕانک شرۆڵ و کلاش چەوت
لە هیچ شت لێک نەبووین جیا
برای یەکتر بووین ئەو رۆژە
دەتفەرموو ئەگەر ئازاد بین
لە سووچێک بە مافێک شاد بین
دەتکەمە دەرزیی بەرکۆژە

بەناو ئازادیمان وەرگرت
تۆ هاتیە شار و ئەفەندیت
کەس نازانێ چۆن و چەندیت
خانووی شەش حەوت قاتت سەر گرت
(یانصیب)ت بردۆتەوە
قاسەت لە پارە ئاخنیوە
زۆربەی زێڕە و کەمی زیوە
منیشت لەبیر چۆتەوە
عەریزەم نووسی بۆ خانوو
چونکە خانوویان سووتاندوم
لە زەوی دەریان پەڕاندم
بێ جێن منداڵ و کەیبانوو
لەسەرت نووسی: نات کەوێ
زەوی و خانوو لەکوێ بێنم
چۆن سەری حوکمات دێشێنم
بۆخۆت بژی لێرە و لەوێ
گۆتم بێ جلکم بێ تینم
مەدرەسەی دەوێ زارۆکم
فەرمووت: دە بەردە بەرۆکم
نابێ جاری تر بتبینم
دەردی تازەت پێ دامەوە
پاش ئەو هەموو دەردەی چێشتم
بە مارسیدس بەجێت هێشتم

پاپەتی و پیادە مامەوە
بێ ئەمەک بە خوێنی ئاڵم
کورسیی بەرزم بۆ تۆ کڕی
تۆش چڵمی خۆت بەمن سڕی
تۆ سازی و من ژیان تاڵم
با وابێ مامە، با وابێ
با خوێن بەهای من فیڕۆ بێ
هەرچی من کردم بۆ تۆ بێ
با ئەو قەرزەی من فەوتابێ

کۆواری هەولێر، ژمارە ١ ساڵی ٢

## کتێبمان چۆن چاک دەبێ

برایانی خۆشەویست و بەڕێز:

وەک بیزانم کۆبوونەوەمان لە شەقلاوە بۆ ئەوەیە، کە لە هەموو لایەکی کوردستانی ئازادەوە گەلێک لە مامۆستایانی زانا و دڵسۆز و کوردپەروەر گلەییان لەو کتێبە مەدرەسییانە هەیە کە بە کوردی داندراون و بە منداڵە کوردان دەخوێندرێن، بە تایبەتی زۆربەی ڕەخنەکانیان ڕووی کردووەتە ئەو کتێبە کوردییانە کە ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە تەرجەمە کراون و هیچ تامی کوردی نادەن و هەر کتێبە چەند تۆمەیە و داڕشتنی ڕستەکانیان وەک عەرەبی هاتوونەوە و سەر لە منداڵی کورد دەشێوێنن و جگە لەوەش وشەی داتاشراوی وەهایان تێ خزاون کە کەس نازانێ بەریان بە کوێوەیە، ئاشکراشە هەر تەوس و توانج و پلارێک کە ئاڕاستەی ناوەڕۆکی ئەو جۆرە کتێبانە بکرێ چاری ناچار سەرێکی دەشاقەلی کەوای دیراساتی کوردی دەگیرێ و تەشک و داوێنی وەزارەتی شوئوونی شیمالیش دەگرێتەوە.

جا بۆ چاری ئەو بارە نالەبارە و بۆ وشکاوهێنانی ئەو بۆرە گلی و گازندانە، وەزیری شوئوونی شیمال ئەم ئاهەنگەی پێک هێناوە و کتێب نووس و کتێب وەرگێڕ و فێرکار و دەرس بێژی لە شوێنێکدا کۆ کردوونەوە و ئازادی کردوون، کە هەر کەس هەرچی هەیەتی بەناو گۆرکی وەرکا و بە هەموو لایەک تێی وروکێن و لەبەر یەکی هەڵتەکێن و زۆر بە وردی شیی کەنەوە و بەکاوەخۆ بیر و بڕوای خۆیانی دەربارە دەربڕن و بەرهەمی ئەو

وتوویژە ئازادەش هەمووی کۆ کرێتەوە و بەدانستە کاوکۆتی لێ بگیرێ و لە کەو درێ و گێژە و کرێ و بنژیل و زیوان و گورگەی لێ جیا بکرێتەوە و پوختە و پاراوەکەی تاق بکرێتەوە و بەراوێژی هەموو لایەک کامی باشە و شیاوی کارپێکردنە بکرێتە پرۆگرام و پەیرەوی بکرێت و بەهرەی لێ وەربگیرێت. کاتێ پێمان رادەگەیەنن کە وتوویژ و گفتوگۆ لەمەڕ ئەم باس و خواسە گرینگ و هێژایەوە ئازاد و بێ لەمپەرە، مانای وایە هەر رەخنەیەکی کە لە و بارەوە هەمانە و هەر پێشنیارێکی بۆ لابردنی ئەو کۆسپە دژوارە بە بەر بیرماندا رادەبرێ، دەتوانین زۆر بە راشکاوی و بەبێ رووده‌روایسی و رووبینی و مەرایی و بەبێ خاترانە و کاکە و برالەی دۆستانە، بیخەینە بەردەم ئەم کۆرەوە و رووممان لەم و لەو نەیەشێ و بە رواڵەت ئافەریم و ئەشەدەم بیللا نەڵێین و پاشملە و لەبن لێوانیشەوە پرتە و بۆڵەمان بێ و لە بابەنا و کون و کاژێراندا بەچپە و سرتە مل لە مینگە و فینگە بنێین.

برایانی بەرێز دەگەڵ ئەوەدا کە بەرمنەتی کاک سامیم بۆ ئەو هەلەی بۆی رەخساندووین تکای هەژارانەشم لە ئێوەی بەرێز ئەوەیە، کە دوارۆژی مندالانی هەموو کوردستانتان لە بیر بێ و بەرژەوەندیی ئەو نەمامە بەنرخانەی، کە هیوای دوارۆژی کوردستانن دەبەرچاو بگرین و ئەو سەتان هەزار کیژ و کورە کوردانەمان لە چەند برادەرێکی شەخسیی خۆمان خۆشتر بوێت و چیمان بەلاوە هەق و راستە با دەریبرین و نەبینە شەیتانی لاڵ.

با ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرمان (د.خ) لەبیر نەچێ کە فەرموویەتی: "هەق بڵێ هەرچەندە دژی خۆشت بێ".. با هەر کەسە بە گوێرەی بیر و بڕوای خۆی، هۆی نەخۆشی و ئاهۆ لە کوێدا دەبینێ دەستنیشانی کا و دەرمان و چارەشی چۆن بە دڵدا دێ بیدرکێنێ، شایەد لە ئەنجامی ئەو لێدوانە هەموانییەوە شتێکی زۆر بە کەڵک و سوود بێتە بەرهەم و لەم خەم

و دڵخـورتیـیـه ڕزگـاربین و لـەو تەنگەبەرە دەرچین، خـۆ ئەگـەر بیـر و بڕوای یەکـێکی وەک منـیش نەزانانە و بێ بـەروبووم بێ، یان ئەنجـامی کـۆم بوون و چارە دۆزینەوەکـەشـمـان دەکـار نەکـرێ و تەگـەرەی بێـتـە بەر و ڕەنج بەخـەسـاریش بـین ئێـمـە هیچ نـەبێ ئەرکی خـۆمـان پێک هێنـاوە، ویژدانی خۆمان ڕازی کردووە، عەرەب گوتوویانە:

(على المرء أن يسعى لما فيه نفعه وليس عليه أن يساعده الدهر)

ئەو باسـەی کە بە من سـپێراوە لێی بدوێم ئەوەیە، کە ئایا تـەرجەمـەکردن دەبێ چـۆن بێ؟ مـن بەر لەوە کـە وەرامـی ئەم پـرسـیـارە بدەمـەوە نـاچارم پێـشـەکی چەند شـتـێک لەخـۆم بپـرسم و پەرسـڤی خـۆم بـدەمـەوە و ئەوسـا بێمەوە سـەر باسـی تەرجەمە.

ئایا زمـانەکـەمان تێری نووسـینی هـەمـوو پێداویسـتـەکانمان دەکا؟ ئەگـەر نەیکـرد دەبێ بۆی قـەرز کـەین؟ لە کـێی بۆ قـەرز کـەین باشـە؟ ئەگـەر قـەرز نەکـەین و بۆ خـۆمـان بۆی داتاشـین چۆنـی داتاشین و کێ دایتـاشـێ؟ ئەم گیروگرفتانە چۆن ڕەها دەبن؟

ناچارم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم گیـروگرفتانە کە لە کوێوە هـاتوون و بۆ کوێ دەچن هێندێک بەرەودوا بگەڕێمەوە.

وەک هـەمـوومان دەیزانین ئەم بە کـوردی نووسـین و بە کـوردی خوێندنەمـان کـە لە کـوردسـتـانـی عـێـراقـدا دەست پێ کـراوە لـەو ڕۆژگـارەوەیە، کـە ئیمـپریالیسـتـە داگیرکەر و دەسـتپیسـەکان پێیان نایە ئەم وڵاتە پـاکەوە و لە چنگ تورکی مـوسـڵـمـانی هاوئاینمـانیـانی دەریـنـاین و بۆ خـۆیان دەمیـان تێ ناین و بۆ فریودان و دڵخۆشکردنی کوردان گـەلێک بەڵێنی چەور و شـیـرنیان پێ داین، بەڵام لە باتی هـەموو سـوێند و پەیمـانێک تەنها و تەنها ئەوەندەیان کرد کە ڕێگەیان داین لە مـەڵبـەندی سۆراندا بـە زمانە زگمـاکـەکەی خـۆمـان بنووسـین و تا پـۆلی پێنجـەمی سـەرەتایی بیـخـوێنین و لەوسـاوە خـوێندنی بە

کوردی هەتا قۆناغێکی دیاریکراو شان بەشانی زمانی عەرەبی لە عێراقدا بوو بە باو و بە ڕەسمی ناسرا.

پیاوانی زانا و ڕوناکبیر و کوردپەروەری ئەوسا، کە لەو مەڵبەندەدا بوون ئەگەر نەشڵێین هەموویان زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی شاری سولەیمانی بوون، سولەیمانی ئەو بنکە بە تیشک و تیریژە بوو، کە بۆ یەکەمجار بە پانەوە خوێندن و نووسینی کوردی گەشەی تێدا کرد و بەخۆدا هات و بەشێکی باشی لە وڵاتی سۆران وەبەر خۆ دا و بەهرەی پێگەیاند، کتێب بە کوردی نووسران و چاپ کران، ڕۆژنامە و گۆڤار دەرکران و سروودی شاگردان بوو بە کوردی و هەتا ئێستاش ئەو جموجۆڵ و چالاکییە هەر لەبرەودایە و هەرەمەی هێز و پێزیەتی و هەتا ئەمڕۆش ڕۆشنبیر و خوێندەواری خەڵکی شاری سولەیمانی شۆڕەسواری ئەم مەیدانەن و دەتوانم بڵێم ئەو کۆشک و تەلاری بە کوردی نووسینەمان بە وەستاکاریی ئەوان بەرز بووەتەوە.

بەڵام پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێ: ئەگەر بنچینەی دیوارت لارە کۆشکت بگاتە حەییوقیش خوارە، جا من یان دەبێ چاوم خێل بێ یان چاویلکەکانم خۆی نەبێ: تۆزێک خوار و خێچی لەو کۆشکە بەرز و تەرز و بەشان و شکۆیەدا دەبینم و بەخەیاڵیش کە بۆی چووم دەڵێم:

ئەو ڕۆشنبیرە ژیر و دڵسۆزانەی ئەو سەردەمە لە خۆشیی مژدەی ئەو ئازادیی زمان و قەڵەمە کە لە پڕ دەستیان کەوتووە ئەوەندە بەدڵگەرمی بە پیرییەوە چوون و بۆی کەوتوونە پەلە و لەزیان لێ کردووە، کە هەتا زووە و لە دەستیان نەچووە دە کاری بکەن و کاری لێ بکەن و ڕێگەی پەشیمانبوونەوە بۆ داگیرکەر نەهێڵن.

ئیتر نەیانپەرژاوەتە سەر ئەوە، کە بیری زۆر لە دارشتنی بناغەیەکی ڕێک و لەبار و پتەو بکەنەوە و هیم و بنچینەکەی تۆزێک ئامال خوار داندراوە و

هەر چین و مورەیەکیشی کە لە دوایە وەسەر خراوە هەر لەسەر ئەو پێودانە بەرەو ژوور چووە و کەمێکی لاری پێوە دیارە.

بە بیر و بڕوای لار و هەژارانەی خۆم لام وایە، دەبوایە لە پاش ئەوە کە مزگێنیی بەڵێنی ئازادیی کوردی خوێندن جاڕ دەدرا. خوێندەوارە لە زەبر و گەل پەروەرەکان بەر لەوە کە تاکە دەرسێک بە کوردی بڵێنەوە یان تەنیا ڕووپەڕێک بە کوردی بنووسن، کۆڕێکی هەراویان بەستبا و لە دەوری یەک و دوو کۆ بووبوونایە و لەوە دوابان کە هەیاران: ئێمە بۆ ئەوە لەم کێس و دەرفەتە زێڕینە ئەوپەڕی بەهرە وەرگرین چی بکەین چاکە؟ لەسەر ڕاوێژی پاری زۆربە پرۆژەیەکی ڕێکوپێک و پلانێکی تەکوز و لە باریان دەبەر چاو بگرتایە و لەسەر پرۆگرامێکی دووربین و دووروەخوێن بڕۆیشتنایە و مێژووی گەشەکردن و بەخۆداهاتنی زمانانی دراوسێ و دوورەدەستانیان لەبەر خۆ ڕانایە و بیانکردبانە سەرمەشق و لەوانەوە هەموو شت فێر بووبوونایە. وا بزانم ئەوسا بۆیان دەردەکەوت کە زاراوەی تەنیا شارێک لە شارەکانی کوردستان لەوانەیە ئەوەندەی وشە لەناو خۆیدا کۆ نەکردبێتەوە کە بەتێری بەشی لێدوانی هەموو پێداویستییەکانی باری ژیانی گەلێکی سەربەخۆ بکات، ئەودەم ئەگەر وایان بیر لێ بکردایەتەوە لەباتی ئەوەی کە لە بێگانە قەرز کرێ یان وشەی ناقۆڵا و ناهەنجار داتاشرێ و هەڵەشەییی تێدا دیاربێ، ئەو کۆمەڵە هۆزان و پسپۆڕانە وێ دەکەوتن و هەموو وشەی هەموو ناوچە کوردنشینەکانی عێراقیان کۆ دەکردەوە و هەر لە ئەلفەوە هەتا یێ دەیانکردە فەرهەنگێکی لەبار و هاسان بژیو و لە دەستان خۆش و ئەو فەرهەنگە دەبووە هەنبانە بۆرینەی ناو ئەفسانەکان و وشە و بێژەی هەمەچەشن و جۆری زاخۆ و شنگال و عەقرە و مزووری و بارزانی و سوورچی و خۆشناوەتی و هەولێر و کەرکووک و خانەقین و شارەزوور و شارباژێری، تێدا کۆ دەبوونەوە و ئەو چاخە هەر نووسەرێکی نیازی شیعر هۆنین و پەخشان نووسینی دەدڵ بگرتایە بۆ هەر شتەی چەند ناوێکی

جیاوازی بەدەستەوە دەهات و ئیتر وەک کەچەڵی ناو گندۆران تێ دەشیشا کامی بە وەزن سووک و بەقیمەت گرانە و کیهەی جوان و لەبار و لە دەستان خۆش و لەسەر دەم ڕەوانە هەڵی دەبژارد و بە نووسراوەکەی دەسپارد و گەندەڵ و دەغەڵ و لەشانان گران و ناڕەسەنەکانیشی بەدەلاقە هەڵدەپەساردن و خۆی لێ دەبواردن. وەک هەمووومان دەیزانین زمانی عەرەبی لە سایەی ئەم گردەوە کۆییییەوە وا بەر فرەوانە. بەڵام بەداخەوە ئەو دەمە ئەو کارە نەکراوە و تا ئێستاش کە ئێستایە فەرهەنگی زمانەکەمان کە بەردی بناغەی نووسین و خوێندن و هۆی هەرە گرینگی گەشەکردنی ئەدەبیاتە وەک پێویستە ڕۆشناکیی نەدیوە و تەنانەت ئەو فەرهەنگە نیوە و نیوەچڵانەی کە بەزاراوە جیاوازەکانیش بڵاو کراونەوە لەلایەن نووسەر و کتێب دانەرە بەڕێزەکانمانەوە زۆر بەڕێز نەگیراون و بەوردی نەخوێندرانەوە و دەکار نەکراون و بەهرەیان لێ وەگیر نەهێناون. گەیشتووینە ڕادەیەک کە هەر کوردێک زانی خەت بنووسێ لای وایە کوردی هەر ئەوەندەیە کە ئەو لە گەڕەکە ماڵەکەی خۆیان فێری بووە و هەرچی خۆی بە منداڵی لە نەنک و خاڵی نەبیستووە کوردی نییە و بەکار نایە. ئەنجامی ئەم هەر کەس هەر کەس و من منەیە کە مامۆستا کتێب نووسەکان هەر یەک بە هەوای خۆی دەنووسێ و هەر کەس بە یاری خۆی هەڵدەڵێ و کێش ڕازی نییە با گلەییی خۆی بکا، جا ئەم سێ چوکڵەی بێ فەرهەنگی و ئاگا لەیەکتر نەبوون و خۆ بەتەواو زانینە ئەوەندەی بەر لە نووسەر تەنگ کردووەتەوە، کە ناچار هەر کەس لە ماڵە خۆی ملی لە وشە داتاشین ناوە و باش و خراپ وا لێک دراوە حەزرەتی فیلیش سەرەوەدەرەی لێ دەرناکا. وەختە بڵێم جاروبارە وای بۆ دەچم کە (تعصبی ئیقلیمی)، یان بەدەردی خۆم گوتەنی شەڕە گەڕەک لەسەر ڕووپەڕی کتێبەکاندا وەبەرچاو دەکەوێ، کە ئەمەش بەلامەوە خەتەرە.

پێشینان دەڵێن: باری گەورە وشتری مەست هەڵی دەگرێ. وەک لە پێشدا عەرزم کردن سولەیمانی بۆ نووسین ڕابەر بووە و گومانم لەوەدا نییە، کە

هەموو کوردێکی ئەمەکزان خۆی بە قەرزداری چاکەی خوێندەوارانی ئەو شارە پیرۆزە دەزانێ، بەڵام دەکرێ عەرزیان بکەین هەر وەک مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و مەلا باتەیی و فەقێ تەیران و مەولەویی تاوەگەوزی و خانای قوبادیی کەڵهوڕ و سەید یاقۆی لوڕ و میرزا مستەفای سنەیی و میرزا شەفیع و وەفایی و حەریق و ئەدەب و حاجی قادر و سەتانی وا بە کورد دەزانین و شانازییان پێوە دەکەین چ دەبێ ئەگەر زمانەکەشیان لەسەر کوردی ئەدەبی یان ئەدەبی کوردی حیساب کەین؟ چ دەبێ ئەگەر کەلیماتیان لێ وەرگرین و دەناو کتێب و نووسراوەکانمانی بخەین؟ ئەو موتوربەکردنە زیانی چییە؟ من باوەڕ ناکەم هیچ زیانی هەبێ مەگەر بڵێین زیانەکانی ئەوەیە، کە زمانەکەمان زۆر دەوڵەمەند دەکا.

ئەو گلەیییەشم بەشی هەرە زۆری تەنیا ڕووی لە دوو مامۆستای کۆن و تازەیە، کە لەم بەینانەدا بەپانەوە هێرش دەبەنە سەر متوربەکردنی زمانی خوێندن و داوا دەکەن کە تەنیا زمانی سولەیمانی زمانی خوێندن بێ، بەڵام تێ ناگەم بۆچی فەرموویانە زمانی سلێمانی و نافەرموون: زاراوەی شارەزوور، یان شێوەی قەڵاچوالان؟ شاری سولەیمانی ساڵی ١٧٨٤ دروست کراوە و خەڵکی شارباژێڕ و شارەزووری تێ هاتووە، وابزانم تەمەنی کوردییەکەی سولەیمانی زۆر لە دووسەد ساڵ تێ پەڕیوە.

هەروەها ئەوەشمان نابێ لەبیر بچێ لە ئەنجامی کەمتەرخەمیی زۆرەوە، کە بەرانبەر بە ژیانی خوێندەواریمان کراوە: هێندێک لەو زانا کوردانەمان کە هەر بە زمانی بێگانەیان خوێندووە و شەهادەیان لە دەرەوە هێناوە لایان وایە زمانی کوردی چونکە زمانی باب و دایکیانە، فێربوونی ناوێ و هەر لە منداڵییەوە هەمووی دەزانن و لە خەڵکی کوردستانیشی باشتر دەزانن. بە بڕوای من ئەمەش زۆری مەترسی لێ دەکرێ،

من ناڵێم شەهادە نرخ و بایەخی نییە، دەزانم تا پیاو خوێندەوارێکی لە

زەبر نەبێ شـەهادەی نادرێتێ بەڵام دەڵێم کـەسێک کـە لە خـارج شـەهادە دێنێتەوە و بە زمانی بێگانەی خوێندووە، ڕێی تێ ناچێ لە کوردیدا بووبێتە بلبل.

چۆن عـەقڵ باوەڕ دەکا: کـوڕێک لە گـەڕەکی شـارێک لە شـارەکـانی کوردسـتان ژیاوە و لە تەمـەنی شـەش ساڵییـەوە تا بووەتە یازدە ساڵان بە زمانە کوردییەکەی شـارەکەی خۆی خوێندوویە و لە پۆلی شـەشـەمەوە بە عـەرەبی پێی خوێندراوە و لە سانەوییـەوە چووبێتە بەغدا و لەوێ ئاخافتن و خوێندنیشی هەر بە عەرەبی بووە و پاش کولیە تەواوکردن چووەتە ئەوروپا و بە زمانێکی بێگانە بە کورد باسی کوردی خوێندووە و شـەهادەی دراوەتێ و هاتووەتەوە، ئایا ئەو برادەرە کە هەمووی دە دوازدە سـاڵی تەمەنی مناڵیی لە گەڕەکێکی شارێکی کوردستان ژیابێ چۆن دەبێ کوردی لەو کوردە بنەجێیە باشتر بزانێ، کە هەموو تەمەنی لە هەموو کوردستـاندا ڕابرابێ و هەمیشە هەر بە کوردی دوابێ؟

ئاخۆ مامۆسـتای کوردیزانی وا لـە ئەوروپا دەست دەکەوێ، کـە لە کـوردی کوردسـتانی باشتر فێرە کوردی بووبێ و شاگردە کوردەکەی خۆی کردبێتە کوردیزانی بێ وێنە؟ ئەگەر هەیە بۆ ئێمە نایناسین؟ یان بۆچی کتێبێکیان بۆ فـێرکـردنی زمـانی کـوردی بۆ نەنووسـیـوین، کـە ئێـمـەی خـاکـەسـەریش بەهرەیەکیان لێ وەرگرین؟

من ناوی میر کامران بەدرخان و پرۆفیسۆر قـەناتی کوردێقم بیستووە کە شـەهادەی فێربوونی زمـانی کوردی دەدەن، بەڵام نەمبیسـتووە، کە زاراوەی سۆرانی لە سـۆرانییـان باشتـر بزانن، چونکە هەردووکیـان کـرمـانجن و لە شێوەی کرمانجی شارەزان.

جا من بەپێچەوانەی ئەو تەرزە بیرکردنەوەم و لام وایە: هەر کەس بیـەوێ زمـانی خـۆی فـێـربێ دەبێ لە پاش خـوێندەواربوون بچێ و بەناو لادێ و

دەشــتــەکی و ڕەوەندی کـوردســـتـانـدا بگەڕێ و زمـانـەکـەی خــۆی لە نەخوێندەواران فـێربێ. جا ئەگەر ئەو خـوێندەوارە لە زمانێکی بێگانەشدا شـەهادەی هێنابێـتەوە ئەوە نووری عەلا نوورە و دەتوانێ کـوردییـەکی زۆر پوخت و پاراو فێربێ و دەکاری بکاتەوە.

من بۆ چاکبـوونی نووسین و پەیداکـردنی زمـانی مـوشـتـەرەک لەلام وایە شـارەزایانی کوردیزان کۆ بکرێنەوە و دەناو خۆیاندا دوور لە شـەڕە گەڕەک زاراوەیەک لە زاراوەکـانی کـوردی کـە بەلایانەوە لـە هـەمـووان دەوڵەمـەندترە بکەنە تەخت و ئەوسـا وشـە جـوان و لە بـارەکـانی لەهـجـەکـانی دیکەی کوردسـتـانی تێـوە بدەن و پێی بنـەخـشـێـنن و خـشـت و خـاڵ وەلا بـنێن و بەو زوانە پاکژە کتێبەکانی مەدرەسە دابنێین و بەرەبەرە و پۆل بەپۆل موفرەداتی زۆر و جـیـاوازی لەهـجـەکـان فـێـری شـاگـرد بکرێ: لە مـاوەی دە تا دوازدە سـاڵدا زمـانێکی پوخت و پاراوی ئەدەبیی دەوڵەمـەندمـان بۆ سـاز دەبێ و هـەمـوو کـوردێکی خـوێندەوار بە نـووسین و پەیوین لێک نزیک دەکـەونەوە و تێک دەگەن و زۆر کـەمیش کـارمـان بە وشـەتـاشین و قـەرزکردن دەمێنێ. بۆ دەرخـسـتن و لێک جـیـاکـردنەوەی شـارەزا و نـەشـارەزاش مـن لام وایە دەبێ شۆڕشـی کوردسـتان و نوێنەری باری ڕۆشنبیریی گەلی کورد، کە وەزارەتی شـــوئوونی شـــیـــمـــالە هەوڵی ئەوە بدات کـە لە کـوردیزانە هـەڵبـژێراو و ناسـراوەکان کۆڕێکی ئەزمـوون پێک بێنێ و هـەر کـەس دەسـتـەبەر دەبێ، کە کـتێـبی مـەدرەسـە بنووسـێ دەپێشـدا لە بەردەم ئەو کۆڕە ئیمـتحـان بکرێ و هیچ گوێ نەدرێتـە پایە و مـایە و دەرەجـەی شـەهـادە و خـزمـایەتی و کـارت و ڕاسپاردن.

ئەو کـابرایە هـەر کـەس بێ ئـەگـەر هـونەری خـۆی نیشـان دا و بۆ ئەو کۆڕە دەرکەوت، کە کـتێب نووسین و تەرجـەمەکـردنی لە دەست دێ ئەوسـا کـتێبی بدرێتێ، ئەگینا ڕەفز بکرێ و خـاتری منداڵانی کوردمـان لە خـاتری ئەو پێ گرینگتر بێ.

تا ئێرە مەبەستم لەوە بوو، کە کتێبی مەدرەسەمان دەبێ چۆن بنووسرێ و کێ بینووسێ چاکە و چۆن بەهرە بە منداڵی کورد دەگەیەنێ و ئێستا دەتوانم لە بابەت چلۆنەتیی تەرجەمەوە عەرزتان بکەم، کە دەبێ چۆن بێ.

ئەو پێشنیارانەی کە خستمنە ڕوو ئەگەر پێک بێن بەبیر و بڕوای من نیوەی ڕێگاکەمان بڕیوە چونکە ئەو کەسەی کە تەرجەمەی پێ دەکەین دەبێ زمانەکەی خۆی زۆر باش بزانێ، وەک گوتیشم وەختێ زمانەکەی خۆی باش دەزانێ کە بە خوێندەواری زمانی نەخوێندەوارەکانی وڵاتەکەی زۆر باش فێربووبێ.

ئەوە بەشی یەکەمی، ئەو جار موتەرجم دەگەڵ ئەوەدا، کە زمانەکەی خۆی باش بزانێ گەرەکە ئەو زمانەش کە لێیەوە تەرجەمە دەکا زۆر باش بزانێ.

سەرەڕای ئەم دوو هونەرەش لە فەنی تەرجەمەش ئاگەدار بێ و بزانێ دەبێ تەرجەمە چۆن بکرێ. گەرەکە موتەرجم هەر مەبەستێک، کە تەرجەمە دەکا دەپێشدا بەبێ نووسین مەبەستەکە بخوێنێتەوە و ماناکەی تەواو بەدڵ و مێشکی خۆی بسپێرێ و ئەوسا ئەو مانایەی بە زمانەکەی خۆی بگێڕێتەوە و هیچ گوێ نەداتە ئەو کەلیمات و موستەڵەحاتانەی لە تەرجەمەکراوەکەدا هەبوون.

ڕۆشنتری بڵێم، موتەرجمی ڕاستەقانی ئەو کەسەیە کە لە وەختی تەرجەمەکردندا کوردێکی نەخوێندەواری عەرەبی نەزان بێنێتە بەرچاوی خۆی و وای دانێ، کە ئەو کابرا زمان نەزانە لێی دەپرسێ: مامۆستا ئەوەی تۆ خوێندتەوە تێم بگەیەنە چی بوو؟ بەو زمانە سادە و کوردانەی کە نەخوێندەوارەکەی پێ تێ دەگەیەنێ تەرجەمەکەی بخاتە سەر کاغەز، ئەگینا ئەگەر موتەرجم کەلیمە بە کەلیمە زمانە تەرجەمەکراوەکە وەربگێڕێتە سەر کوردی، ئەوە نەک هەر تەرجەمەی ڕاست نییە بەڵکو ماڵوێرانبوونە.

هەموومان بیستوومانە: کوردێکی خۆماڵی کە زمانی عەرەبی باش

نەزانیوە، بە میوانە عەرەبەکانی خۆی گوتووە: "هذا تسع حمار مالی یجیب ألکم أربع لیالي" هەمووشمان دەزانین نۆ تسعەیە و کەر حمارە و چار ئەربەعە و شەو لەیلە.. ئەویش نیازی وابوو، کە "ئەوە نۆ کەری منە چارشەوتان بۆ دێنێ" زۆر ساڵە بەو نوکتە خۆشە پێ دەکەنین و لامان وایە ئەگەر ئەو پیاوە لە تەرجەمەکردندا زۆر نەزان نەبوایە دەیگوت: "هذا خادمي یجبب ألکم چرچف"، ئیتر نەدەچوو وشە بە وشەی کوردی بکاتە عەرەبی.

بەڵام سەیرە کە ئێمە (دورة میاه عامة)مان کردە: خولی ئاوەکانی گشتی و (مرافق صحیة) کرابووە هەواڵەکانی تەندروستی و (جامعة العربیة) بوو بە مزگەفتی عەرەبان و هەزاران هەڵە و پەڵەی لەوانە گەورەترمان دیت و پێکەنینیشمان نەهاتووە.

هەر کەس زانی بە دوو زمان قسە بکات نابێتە موتەرجم، فەنی تەرجەمە زۆری پێ دەوێ، دەنا ئەگەر هێندە هاسان بوایە؟ بەلانی کەمەوە ئێستا ئیتر لە ملیارێک موتەرجمی کتێب لە دنیادا دەبوو. جا لێرەدا من دەڵێم ئەگەر بمانەوێ کتێبی منداڵی مەدرەسە چ دانراو و چ تەرجەمەکراومان، بکەونە سەر بارێکی ڕاست و ئاسایی و بۆ دوارۆژی ئەم کوردستانە بەهرە بدەن، پێویستە ئەم چەند شتانە بکرێن:

١- هەوڵ دەگەڵ جهازی شۆڕشی کوردستان بدرێ، کە بە هەموو توانا تێ بکۆشێ باری سەقافەتی کوردی وەک یەکێک لە مافەکانی ئۆتۆنۆمی بە خۆی بسپێردرێ و تەسلیم بە وەزارەتی شوئوونی شیمال بکرێ.

٢- ئەو کەسانە کە بە نووسەری کوردی باش ناسراون بکرێنە سەرپەرشتی کتێب دانان و هیچ کتێب نووسێک بەبێ پەسەندیی ئەوان کتێبی لێ نەکڕدرێ و پارەی تەئلیف و تەرجەمەی نەدرێتێ.

٣- ئەگەر ئیمکان هەبێ ئەوانەی کوردی باش دەنووسن هەر بکرێنە ئەندامی تەرخان بۆ کتێبی کوردی دانان و مەعاشیان بدرێتێ و ئەو مەلزەمە

بەشێست دینارە نەمێنێ، کە بە بڕوای من بەڵای گەورە لە ژێر سەری ئەو پارە زۆر و هەر کەس هەر کەسەدایە.

٤- بۆ فەنی تەرجەمە دەورات بکرێتەوە و گەنجی زیرەک و بە قابلییەت دەورە ببینێ و لە ئیمتحان دەرچن و ئەوسا لە ژێر سەرپەرشتی شارەزایاندا تەرجەمەیان بدرێتە دەست.

٥- وەزارەتی شوئوونی شیمال و کۆڕی زانیاری کورد بە هەموو توانا تێ بکۆشن هەرچی زووە فەرهەنگێکی کوردی بە کوردیی جامیع و داگر کۆ کەنەوە و لە چاپی بدەن. بۆ ئەوە هەموو وشەی زاراوەکانی کوردی بێتە بەردەست و ئەوسا کام وشەی هێژا و لە بارە بکرێتە ئامیتەی زمانی خوێندنمان و ناچار نەبین لەبەر پێ نەزانینیان بۆ خۆمان وشە داتاشین.

ئەوانە بوون کە بە بیر و بڕوای هەژارانەی مندا هاتوون لێم ڕوونە ئەوەی زانیومە دەرێغیم نەکردووە و ئێوەش ئەگەر قبووڵی بفەرموون مایەی بەختەوەریمە و ئەگەر فڕێشی بدەن ماڵی قەڵب سەر وە ساحیبیەتی لەخوا دەخوازم موەفەق بن.

## حاڵی عەرزم بووی؟

ئێمەش کوردایەتیمان کردووە، بۆ نەمانکردووە؟ ئەی گوایە ڕۆژی خۆی، لە بەچکەشێرانی هیوا نەبووین؟ هەموو ڕۆژێک حاڵی عەرزم بووی، سەرلەبەیانی سردووی ئەی کوردینە، ئەی مەردینە دوو شەش هاتییە خوار؟ مەترسە ئەویشم هەیە بەخوا هەتا ئێمە کورد بووین، حاڵی عەرزم بووی، کوردایەتیمان دەکرد، نازانم ئەو خەڵکە. دەی دەی دەزانم دووبارەت پێیە. وەرە خوار کێ بەقەد من مەناشیری بە دیوارانەوە نووساند؟ کێ بە قەد من شورتە و ئەمن ڕاوی ناوە؟ بەخوا بەشی خۆشمان، حاڵی عەرزم بووی، بە شاخ و کێوانیشەوە، ها ئەوەش بەیاز بۆ خاتری تۆ. کەچی ئێستا هەر قسە دێتە ناو قسەوە، ئەو دەڵێ من پێشمەرگە بووم، تۆ چ بووی؟ ئەم دەڵێ، حاڵی عەرزم بووی، من سنگم بە گوللەوە. بکێشە بکێشە دەزانم پێت نییە، نازانم ئەو خەڵکە بۆچ لایان وایە ئێمەمانان لەبەر سێبەری دارگوێز نووستووین و هیچمان نەکردووە؟ ئەی گوایە، حاڵی عەرزم بووی، پەروەردەکردنی.. ئەوا من بەم چوارە بەستم کەس نییە لەوانە بپرسێ: ئێوە لە چیا چیتان کرد و ئێمە لە شار، حاڵی عەرزم بووی، چیمان نەکرد؟ ببژێرە.. من حەفتا و شەش بووم، کەس تا ئێستا دۆمینەی لە کاکی خۆت نەبردووەتەوە، با تیزمان پێ بکەن و حاڵی عەرزم بووی، لیچمان لێ هەڵقرچێنن، چەند ساڵ و زەمانە ڕەنج دەدەین و لە دەرزگوتنەوەدا خۆمان پیر و کوێر کرد و توانا و جوانیی خۆمان لە دەست دا.. کاکە دوو چای جوان بۆ ئێمە و بزانە ئەم برایەش چ دەخواتەوە.

مامۆستا تەوفیق ئەمانەی بە سیرعەتی سەد کیلۆمیتر لە سەعاتێکا لە دەم دەردەپەڕین، نەمزانی لە کەیەوە ئەم باس و خواسەی دامەزراندبوو، وا دیار بوو دەمێکە لەگەڵ هاوڕێکەی وا خەریکی دۆمینەیە و بە دەم کایەکردنیشەوە، لەسەر ئەو فەرمایشتە ڕەنگین و پڕ لە پاکانەی خۆی دەڕوا و دەردی دڵ بە دەم بادا ئەدا. مامۆستا تەوفیق لەوانە نییە هەرچی جارێکی دیتبێ نەیناسێتەوە، هەرگیز دەگەڵ خەڵکی ڕەمەکیدا لێت ناگۆڕێ.. درێژە، باریکە، تۆزێکیش خواروخێچە، لووتێکی قەپۆزبەران و دەمێکی پەلی هەیە، پشتملی چلکن و بە گنجە، سەرێکی درێژۆکەی بێتووک و لووسی بەو ملەوە نووساوە، کە زۆر لە کەللەی سەری ئاوەڕووتکراوی پاچە دەچێ، ئەوانەی غەرەزێکیان دەگەڵی هەیە دەڵێن هەر زگماک کەچەڵ بووە، بەڵام وەک لە خۆیم بیستووە، هەر لە خەم و خەفەتی زەمانەی بێبەقا و تۆزێکیش لە ئەنجامی گرانەتاوە، تووک مانا بە سەرییەوە نەماوە، دەنا لە چاخی خۆیدا شانەی ئاسنیش لە کاکۆڵیدا شکاوە، جا وەک هەمووومان دەیزانین زۆربەی ئەم خەڵکە عەقڵیان لە چاویاندایە، وە لە هیچ و خۆڕایی پێستەسەری کەچەڵیان پێ سەیرە، ئیتر کەس ناڕوانێتە مێشکی پڕ بیر و باوەڕی ناو سەری هەڵکەوتە و بلیمەتان، مامۆستاش بۆ داپۆشینی ئەم دیمەنە جاران سەرە لووس و سپییەکەی دە خەنە دەگرت و دیمەنێکی شلەی پنۆکی جوانی پێ دەدا، بەڵام ئێستاکە بەناو "ساڵ"دا چووە و تاقەتی خۆ جوانکردنی نەماوە، سدارە لەسەر دەنێ و پیاو هەق بلێ زۆر لە سەرڕووتان بەویقارترە.

ئاشنایەتیی من و مامۆستا تەوفیق زۆر بە بنج و ڕیشە و لە مێژینە، وەک من لە بیرمە شازدە ساڵە دەیناسم، بەڵام وا دیارە ئەو بیری زۆر لە من تیژترە و لای وایە لە زەمانی کۆمەڵەشدا لەو سەرە پێکەوە دۆستی گیانی بەگیانی بووین و من لە بیرم نەماوە. واتا ئەگەر ئەو ڕاست بکا لێشم ڕوونە پیاوی درۆ نییە، بەو پێیە دەبێ تەمەنی دۆستایەتیمان خۆی لە بیست و ئەوەندە ساڵ دابێ. شازدە ساڵ لەمەوبەر کە بە حیسابی من بۆ یەکەم جار

و به حیسابی ئەو بۆ دووەم جار، یەکترمان ناسی، لە گەڕەکی (ساری کەهیە)ی کەرکووک، لە چاخانەکەی مام مارف بوو، کە چاخانەیەکی پەرپووت و هەژارانە و تەریک و لاکۆلان هەرزان و خۆماڵی بوو، ئێواران کە لە دوای کاری ڕۆژانە، دەگەڵ چەند کرێکارێکی دیکە لەوێ کۆ دەبووینەوە، مامۆستا تەوفیق هەمیشە گوڵی مەجلیس و نوقڵی سەر سینیمان بوو، تاوتاوێک کە تەواو بیزانیبا بێگانە بەدەرە و کەسی وای لێ نییە، نامۆیی لێ بکرێ، کتێبێکی یاساغی لە باخەڵ دەردێنا و بە بەرچاویەوە دەنا، ناوی کتێبەکە بە خەتی درشت ڕووی دەکردە ئێمە و تەواو لە متالادا غەرق دەبوو.

ئێمەی بەسەزمان کەسمان گومانمان لەوەدا نەبوو کە ئەو عەقڵەی لە پێلاوی مامۆستادایە لە سەری ئێمەدا نییە و ئەوی ئەو لەبەری ماوەتەوە خواردنی هیچ کامێکمان نییە، سەد خۆزگەمان دەخواست کە هیچ نەبوایە سەدیەکی مامۆستامان بزانیبا، لەو کاتانەدا کە لە خوێندنەوە پشووی دەدا و دەیدواندین ئەوسا بوو کە بلیمەتیی خۆی ڕادەنا و تێی دەگەیاندین کە ئەو ڕیشەی لەبەر هەتاو سپی نەکردووە، ئیمپریالیزم. فاشیزم، بیرۆکراتی، رادیکاڵی و هەزار وشەی وای بۆ ڕیز دەکردین کە ئێمە هەر دەبوایە بە واقوڕمانەوە تەماشای دەمی کەین و سەرمان لە کاروباری خوا سوڕبمێنێ و بەبێ ئەوەی دەنکێکی لێ تێ بگەین بەڵێ وایەی بۆ بڵێین. بەڕاستی بەلامەوە سەیر بوو ئەم کابرایە چۆن توانیبووی ئەو هەموو وشە ڕەق و تەقانە وا لەبەر کا و وا بەپەلە بیانڵێ و هەرگیز زمانی گرێ نەکا. با ئەوەشم لەبیر نەچێ هەوێن و سەروبنی فەرمایشتەکانیشی ڕستی (حاڵیی عەرزم بووی) بوو، کە زۆرجار هێندێک گوێگری گێل و هەرزەکار، دڵۆپەیان دەکرد و بەو تەکیە کەلامە شیرینەی پێ دەکەنین و مامۆستایان تووڕە دەکرد.

جا هەر وەک باسم کرد چونکە بە حیسابی ئەو من ئاشنای زۆر لە مێژینەی بووم و دووبارە بە دیداری یەکتر شاد و شوکر بووبووینەوە،

زۆرتری کات ڕووی قسەی دەکردە من و زۆر جاریش کە باسی ڕابوردووی پڕ لە شانازیی خۆی دەگێڕایەوە و ئەو قارەمانەتی و گیانبازییانەی بە گوێ هەڵدێنان کە لە زەمانی کۆمەڵەدا کردوویە، منی کڵۆڵی وەک شایەتێک دەستنیشان دەکرد و دەیگوت ئەگەر باوەڕ ناکەن لە فلان کەس بپرسن، دیارە لەو وەختانەشدا نەدەکرا بڵێم: ئاگام لێ نییە و ناچار بووم بەدرۆ وەباڵی بۆ بکێشم و بڵێم ڕاستە.

سەرت نەئێشێنم ئەوەندە هۆگری یەکتر بووبووین کە هەر باسی ناکرێ، زۆربەی کاتی بێکاریمان پێکەوە ڕادەبوارد، وردە وردە دۆستایەتییەکەمان گەیشتە پلەیەکی وا کە هیچ شەرمەحزووری و ڕووبینیمان لەناودا نەما و ئەگەر کەسی غەیرەمان لەلا نەبا، تەواو دوور لە دووڕوویی و ڕیابازی دەژیاین و لە بن پەردەی چاپ و چووپ و خۆگۆڕیندا خۆمان لە یەکتر نەدەشاردەوە و هەرچۆنێک بووین ئاوا خۆمان نیشانی یەکتر دەدا، جا ئەوسا بوو کە بۆم دەرکەوت مامۆستاش هەر بنیادەمە خۆمانەیە و ئەوانەی ئەو دەیانڵێ ئێمە تێ ناگەین، بۆ خۆشی مانای هەموویان نازانێ، بەڵام بە زیرەکی و بلیمەتیی خۆی، وای خۆ نیشان داوە کە خەڵک وا تێ نەگەن شەندە لە مەندە کەمترە و ئەوی ئەو ئەفەندی و مەفەندییانە دەمی بۆ دەبەن ئەویش دەیزانێ و لەوانیشی تێ پەڕاندووە، بۆ ئەوە ئەم مەبەستە باشتر ڕوون بکەمەوە، ناچارم (هەرچەندە بە زیانی خۆشم تەواو دەبێ) ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە.

ڕۆژێک کە هەر خۆم و خۆی بووین، بە تۆزێک منجەمنج و لاسەر خوراندنەوە عەرزم کرد: مامۆستا زۆر شت لەناو فەرمایشتەکانتدا دێنە بەر گوێم، هەرچەندە هەر گوتوومە بەڵێ وایە و خۆم وا نیشان دەدەم کە من لەوسەرییەوە دێمەوە و باشیان دەزانم، بەڵام دەبێ لێم ببووری زۆریش خەجاڵەتییە بۆ من ڕاستت دەوێ لە زۆریان هەر تەقەم لەسەرییەوە دێ و لام

وایە گوێزم بۆ دەبژێری.

حەرام ئەگەر تێ گەیشتبم چیت فەرمووە، ئەگەر لەبەرت گران نییە حەز دەکەم چەندێک لەو وشە ڕەق و تەقانەم بە کوردییەکی هاسان تێ بگەیەنی و لێم لە هەرا نەدەی، زۆر سوپاست دەکەم.

- وەک چی؟

* وەک: دیماگۆگی، کۆمپەرادۆر و بە تێکڕایی زۆربەی ئەو فەرمایشتانەیش تیک و لیزم و لیستیان بە کلکەوە هەڵاوەسراوە.

- بەخوا شتێکی سەیرە. ئەم وشانە، حاڵیی عەرزم بووی، حەزرەتی فیلیش نازانێ بەری چ دارێکن، مردووت مرێ.. سەری خۆت بە چییەوە دێشێنی؟ برۆ تۆش سایری ئەو خەڵکە بەبێ مانا زانین لە وەخت و بێوەختدا، بیانڵێ و بیانڵێوە تا پێت بڵێن زانا و فەیلەسووف، خۆ ئەگەر بتوانی، حاڵیی عەرزم بووی، چاوێلکەیەکی شووشەش بکڕی و بە بەرچاوتییەوە بگری ئەوە نووری عەلا نوورە، ئەمما ئەوە هەر بۆ تۆی دەڵێم، چونکە تۆم خۆش دەوێ، نەچی حاڵیی عەرزم بووی، خۆت شێت کەی و لەلای عالەم بڵێی مامۆستا تەوفیقیش ئاوا تێ دەگەی دەڵێم چی.

ئیتر خوا بتحەسێنێتەوە... لەو ڕۆژەوە مامۆستا تەوفیق کلیلی دەرگەی گاڵەدراوی ژیانی ناو کۆمەڵەکەمانی دایە دەستم و ئەو ئامۆژگارییە بەنرخەی ئەوەندەی لە دنیا تێ گەیاندم، کە لە هەموو ڕۆژگاری خوێندندا لە مەدرەسە فێری نەبووبووم، وا لەوساوە لە هەموو کۆڕ و مەجلیسێکدا باس لە هەر شتێکەوە بکرێ ئیتر بیزانم و نەیزانم خۆمی تێ هەڵدەقوتێنم و هەرچی لە دەمی هەر کەسەوە دەرچێ، هەر لە حەوا دەیقۆزمەوە و گورج لە خۆمەوە جوابێکی بۆ دەدۆزمەوە و بۆ ئەوەش کە تێم نەگەن و نەزانینەکەم پینە بکەم، کۆشێکم وشە و ڕستی ڕەق و تەقی بێگانە و دوورەدەست لەبەر کردووە و لە پەستا بەسەر و گوێلاکی گوێگرە خۆشەویستەکانیدا دەدەم و

گێژیان دەکەم و بۆ خۆشم هەرگیز گنج مانا چییە، نایەتە ناوچەوانم، ئاوا لە سایەی ئامۆژگاریی مامۆستای بەڕێزەوە، وام لێ هاتووە کە ناوبانگی زانایيم وەک کەری چەرچی سەر بەهەموو ماڵاندا دەکا و بیلاتەژبی پەرژینەکە بە گوڵ بێ، فەیلەسووفێکم ئاو لێڵ ناکەم.

بەڵام نامەوێ وا بزانن کە مامۆستا هەر لە وشەی ڕەق و خۆگۆڕیندا سەرکەوتووە و بەس، خوا هەڵناگرێ لە کوردایەتی کردنیشدا، هەر خۆی یەکە سوارەی مەیدان بوو، بە تایبەتی ئەگەر هەر دوو بەدوو بووینایە و یەک دوو پێک ئارەقی ئەبووکەلەبچەشی گیر بکەوتایە کە خۆی ناوی نابوو شیری شێران، ئیتر هەر مەپرسە، لە کوردایەتی کردندا چۆنی گوڵ دەکرد.

* کوڕم... برام.... کوردایەتی گاڵتەی منالان نییە... هەر دەمڕووتێک ڕاستەوە بێ، حاڵیی عەرزم بووی، سینگ داچەقێنێ و بڵێ شێلە وا و بێلە وا، ئەوە کوردستانە کوردستان.... ئەو کوردستانە دابەش کراو و حاڵیی عەرزم بووی، داگیرکراوە پیاوی دەوێ خوێنی دەوێ، هەزاران گەنجی وای دەوێ، حاڵیی عەرزم بووی، کفن هەڵگرێ و خۆی نەزری ئازادیی کوردستان بکا هەتا کوردستان بە یەکجاری لە ژێر باری، حاڵیی عەرزم بووی، دیلێتی دەرنەچێ، کەس نابێ ئاوڕ لە خۆی بداتەوە، وەک فەیلەسووفەکە، حاڵیی عەرزم بووی، دەڵێ پیاو دەبێ وەک مۆم بسووتێ و تاریکی لەسەر هەژاران بڕەوێنێ، ئەم مامۆستایەی خۆت کە لەبەر چاوتە مەدحی خۆشم ناکەم بە سەری تۆ نا، بەو سەرەی خۆم ئەوەی بۆ کوردم کردووە، حاڵیی عەرزم بووی، بە لەشکرێک ناکرێ، مامۆستا بووم... چنگێک مەعاشم وەرئەگرت بۆ خۆشت دەزانی ئەو دەم چەند هەرزانی بوو گوتیان لەو سەرە، حاڵیی عەرزم بووی، کۆمەڵە پەیدا بووە... شەقم لە وەزیفە هەڵدا، ئیلتیحاقم کرد، پێشمەرگە بووم برسێتی، تینوێتی، مەڵێ سەرخۆشە، سەرخۆش نیم... حاڵیی عەرزم بووی، شەڕ... هەرا بەراوبەرکردن... سەرما، گەرما... بۆ کێم

دەکرد؟ بۆ میللەتی خۆم، چەند جار منت بە جلکی پێشمەرگەوە دیوە، کەچی نازانم نیازت لەوە چییە کە دەڵێی لە بیرم نەماوە... قەیدی نییە... ڕۆژێک هەر بە بیرت دێتەوە ئاخ... سەد ئاخ... بەخوا ئەگەر کوردەکە خەیانەتی نەکردبا خوا ئەیزانێ ئێستە، حاڵیی عەرزم بووی، بە شتێکی دیکە دەبووین ، بەڵام داخەکەم کوردەکە هێشتا وای لێ نەهاتووە قەدری ئازادی بزانێ... ڕۆژێ هەر دێ کورد ڕێگەی خۆی بزانێ، ئەوسا چاوت لە مامۆستا تەوفیقت بێ بزانە چۆن، حاڵیی عەرزم بووی، خۆی دەردەخا هەرچەندە هێندێک کەسی تێ نەگەیشتوو لایان وابوو مامۆستا پیاوێکی خەیاڵاوییە و هەرگیز لە قون تەندوور وەلا نەکەوتووە و دەستی بە کلاوی خۆیدا گرتووە با نەیبا و وەک تووله نەمام دەگەڵ هەموو بایەکا دەلەرێتەوە و لە قسەی زل بەولاوە چیی دەباراندا نییە، بەڵام بە ئێمە چی؟ پێشینە نەیانگووتووە، ئامۆژگاری لە دیواریش نووسرابێ هەر باشە؟ من زۆرم بەهرە لەو فەرمایشتانەیەوە پێ گەیشتووە و بەو ئەمەکدارییەش لە پاش ئەو چەند ساڵە وا هاتووم دیدەنیی بکەم.

– مامۆستا گیان تەندروستیت لە چیدایە؟

* تەندروستیی چی و تەڕەماشی چی... لە سایەی ئەم منالانەی کە دەستیان پێ کردووە و کوردیمان، حاڵیی عەرزم بووی، لێ دەگۆڕن ئەوی دەشمانزانی لە بیرمان چووەوە، بۆ ناڵێی مامۆستا نەخۆشی یان ساغی؟

ئەمەی پێ ناوێ.. تۆ پێم بڵێ: ئەم بەینە لە کوێ بووی؟

بیستوومە بووبوویە پێشمەرگە؟ باوکم ببوورە. من کە باسی هێندێک پێشمەرگەم کرد، نیازم لە تۆ نەبوو من ناڵێم حاڵیی عەرزم بووی، پێشمەرگە درێغییان کردووە. قەدریان لەسەر سەرم بەڵام من دەڵێم پێشمەرگە خاوەنی ناوێکی بەرز و پیرۆزە، بەنیازین حاڵیی عەرزم بووی، ئازادیی ئەو گەلە لێقەوماوەی گیانی خۆی لەسەر بەری دەست داناوە... حەیفە خۆی

نەناسیٚ.. حـەیفـە نەبێتـە نموونەی دڵنەرمی و گەلدۆستی... حـەیفـە حـاڵیی عـەرزم بووی، کـاری وا بکا خـەڵکی گلەییی لیٚ بکەن، ناوێرم دەنگ بکەم... بـەڵام بۆ خـــــۆشت دەیزانـی هـێندێکی واتـان هـەیـە هـیچ ئـەو نـاوەی لـیٚ ناوەشێتەوە... یەکێکتـان لیٚ دەناسم چەند سـاڵ، حـاڵیی عـەرزم بووی، لای خـۆی خـوێندوویە چەند ڕۆژێک لەو سـەرە مـاوەتەوە و ئێستـا هـاتووەتەوە، بە سـەری تۆ نـا، بەسـەری خـۆم جـوابی سـڵاوم ناسێنێتەوە، قـەت باوەڕ ناکـەم، حـاڵیی عـەرزم بووی، فـیرعـەونیش ئەم فـیز و لە خـۆبایـیبـوونەی بووبێت، من دەڵێم ئەمە باش نییـە، ئێمە هـەموومان کوڕی ئەم ئاو و خاکـەین، لە سـەرمانە خزمـەت بە فـەقیر و بێدەسـەڵاتان بکەین... خۆ فشکردنەوە و کەشخـەلێدان، حـاڵیی عـەرزم بووی، بۆ پێشمـەرگە شتێکی جـوان نییـە، تۆش لات وانییـە؟ ئەوسـا کە ئێمـە پێشمەرگە بووین خۆت دەیزانی چۆن خـۆمان بە خزمەتکاری گەل دەزانی... لە جیاتیی ئەوە خانوو بۆ خـۆمـان بکەین، قۆڵمـان هـەڵکردبوو خانوومـان بۆ بێوەژن و هـەتیوان دەکرد.

ئەریٚ باسی چم دەکرد... هـا جا.. ئەوانە بە ئێمە دەڵێن:

چیتـان کردووە؟ بۆ نەهـاتن بۆ چیا؟. باوکم چۆن بێم؟ کۆشێک منـاڵی ڕەش و ڕووتم، حـاڵیی عـەرزم بووی، بـە ڕیشـەوە بووە... گـۆشت گـرانە... پیـواز، کووتاڵ پەڕیوەتە پشتی شێران، تەمـاتە... تەمـاتەی سەگبـاب حاڵیی عـەرزم بووی، هـەر باسی نەکـەین باشـترە، ئیـجار، لیـمۆن دۆزی، سـابوون، هـەرچی دەسـتی بۆ دەبەی وەک مار پێتـەوە دەدا... دەبینی ئەو شـتانەمـان بۆ هـەرزان کەن، ئەوسا چی بڵێن هەقتانە...

– مـامـۆسـتـای بەڕێز. مـن نەهـاتووم باسی سـیـاسـەت بکەین... دەمـەویٚ بزانم چـۆنی و لـەوەتا تەقـاعـود کـراوی، هـەر بە دۆمـینەوە خـەریکی یان ئیشـێکی تریش دەکەی؟ ئیش، ئیشی چی؟ ئەوی ڕاسـت بیٚ، جگە لە دۆمینە، کـەیفم لە خـوێندنەوەی مـەجەللەی کوردیش هـەیە، بەڵام حـاڵیی عـەرزم بووی،

ئەویش بۆ من مەسرەفێکە کەس نییە بڵێ: ها بە خۆڕایی بیخوێنەوە، قسەی خۆشمان بێ جارجار لە دەستی خەڵکی وەردەگرم... بەڵام قەت نایکڕم... باوکم تۆ حیسابی کە... هەر وردە و پردەی ماڵ.. حەمام، ئوتی، بنێشت، ئاو و کارەبا، دەرزی و دەزوویش پارەی تێ دەچێ... لە کوێ بێنم؟... چیم لە خۆم زیادە تا بیدەم بە مەجەللە، مەسرەفی نادی و چاخانەم هەر لەبیر نەبوو... مانگی چوار پێنج، حاڵیی عەرزم بووی، دینارم هەر لەوانە دەڕوا، تۆ دێیتە لام ساردێک، ئەم دێ چایەک و وێرێک حاڵیی عەرزم بووی، بۆ فلان و دەعوەتێک بۆ فیسار... ئیتر تاقە چل دینار لەم ڕۆژەدا بەشی چم دەکا؟ ئێستا دەزانم لە دڵی خۆتا دەڵێی واز لەو دۆمینەیە بێنە و ئەو پارەیەی لەوی سەرف دەکەی، بیدە بە کتێب و مەجەللە و بیخوێنەوە... بە سەری من وا نییە؟ ئەگەر وەک تۆ دەڵێی حاڵیی عەرزم بووی، وا بکەم ئەوسا وەختی بێکاریم بە چی ڕابوێرم؟ حاڵیی عەرزم بووی؟

* بەڵێ مامۆستا گیان حاڵیی عەرزت بووم... بەڵام تۆ ڕێگەت نەدام کە حاڵیی عەرزم ببی... خوا حافیز.

کۆواری نووسەری کورد، ژمارە ٣ ساڵی ١٩٧١

## بێگانەپەرستی

جا ئێمەی کوردی ماڵوێران بە ناشکوری خودا نەبێ، ئەگەر وەک گەلانی تری خودا پێداو، تا ئێستا بۆمان نەلواوە بە زمانی خۆمان بخوێنین و خوێندەوارە کوردە زانا و تێگەییوەکان بە زمانی کوردی بنووسن و ئەزموونی گەلانی ترمان بە کوردی تێ بگەیەنن و کتێبخانەی خۆماڵیمان، زۆر ئاوەدان و قەوغا بێ، دیسان نابێ لامان وابێ بە تەواوی بەشبڕاوین، گەلێک پەند و ئامۆژگاریی نرخداری کەونارامان، بە میرات بۆ ماوەتەوە، دەماودەم فێریان کردووین و نەفەوتاون ئەگەر بیانکەینە ڕێبەر و ڕێ نیشاندەر، کەمتر تووشی هەڵە دەبین و لە زۆر تەڵەی سەر ڕێگە خۆ دەرباز دەکەین. زۆر لە باپیرانی ژیرمان، ئەزموونی ژیانی خۆیان، بەچەند ڕستێکی لە شان سووک دەربڕیوە و هەر یەکەی گەنجینەیەکن، پێویستە سەریان دەینەوە و بەهرەیان لێ هەڵکرێنین و بیانکەینە مامۆستای خۆمان، بۆ نموونە فەرموویانە:

(هەر کەس بکا بێگانەپەرستی، ئاخری هەر دەهێنێ نوشوستی).

بێگانە بەو کەسە دەڵێن: خەڵکی وڵاتی خۆت نییە، نامۆیەکی لاپرەسەنە، وە زمانێکی تر داخێوێ، خووی ئاکاری ئیمانی، دەراوی زاری، دەگەڵ ئیمان و ڕەوشت و ڕەفتاری تۆ پێچەوانەن.

نەتیناسیوە، نایناسی، زاڵمە، دەست درێژکەرە، وڵاتەکەت داگیر دەکا، دەیەوێ هاووڵاتییانت، خزمانت، دەر و جیرانت، بکاتە بەندە و کۆیلەی خۆی،

بەروبووی وڵاتەکەی خۆت بەدەستی خۆت ڕەنێو بێنێ و بیبا بۆ خۆی. ڕەنجی ساڵی کوڕوکاڵی نیشتمانت بەرێتەوە وڵاتی خۆی، مایەی ژیانت تەنانەت زمانەکەشت لێ بەربەست بکا و بەیەکجاری بێ هەستت کا... ئەم جۆرە داگیرکەرانە ناویان لێ نراوە ئیستیعمار، کە بەڕاستی ژەهری مارن.... ئیستیعمار هەر ئەوە نییە قژی زەرد و چاوی شین بێ و لە ڕای دەریاوە هاتبێ، هەر هێزێکی دەستدرێژکەر بۆ سەر گەلێکی زەبوونتر ئیستیعمارە، جا با چاوی وەک قیل ڕەش بێ و تووکی بە ڕەنگی خەڵووز بێ (مەسەلەن بەعسی و سەدامیش و ئەوانەی وەکو ئەو دەکەن ئیستیعمارن).

ئەو داگیرکەرە بێ فەڕەی لە وڵاتەکەی تۆ خەفتاوە، دەزانێ زۆر هاسان نییە داگیری کا، دەزانێ کە دانیشتوانی وڵاتەکە بۆ پارێزگاری لە ماڵ و نامووس و گیانی خۆیان و کەسوکار و رواڵ و کاڵ و مناڵیان، بە گژیدا دێن و دەیکوژن، ئەو مەسەلەشی بیستووە گوتوویانە: دەسکی بیور لە دار نەبێ دار ناقەڵشێ....

دێنێ هەر لە خەڵکی نێوخۆی وڵاتەکە چەند کەسانێک بە پووڵ دەکڕێ و دەیانکاتە قوڵەچۆماغی دەستی خۆی و بەڵاگەردانی باڵای و بە گژ گەلی هاوخوێنی خۆیاندا دەکا و هەر لایەکیان بە کوشت بچن قازانجییەتی و دەبێتە مایەی سەرکەوتنی. نەقڵی کابرای خۆی بە بێگانە دەفرۆشێ، بەسەرهاتی کەوی ڕاوە، کڕیارەکەی لە دان و ئاو تێری دەکا و فێری دەکا: لە حەشارگەدا بخوێنێ و کەوەکانی هاوڕەگەزی بە دەنگی خۆیەوە بێنێ و دەنێو داوانیان هاڵقێنێ، بەڵام تاکەی قەدر و حورمەتی دەمێنێ؟ تا کەوی لەوی چاتریان گیر ناکەوێ، تا خۆی لە خوێندن ناکەوێ و لە کەو فریودان ناسرەوێ... هەر ڕۆژێکی پەکی کەوت: کابرا بە گۆشت کەو فێرەکە، دەگەڵ چەند کەوێکی گیراو سەری دەبڕێ و لەسەر پڵاوی دادەنێ، با نەڵێین کەو.... بڵێین تاژی، تاژیی ڕاوێ قەڵادەی ئاوریشمی خاوی پڕ زەنگوڵەی لە ملدایە،

ڕاو بۆ ئاغای نامۆ دەکا، بە پڕتاو هاتوچۆ دەکا، کەروێشکی سیخوار لە پشتی بە یەکەم هەڵپە بۆ دەگرێ، لە چەم مڵ و مۆی بۆ دەکا، پەلەوەری بۆ وەکۆ دەکا، زۆر خۆشەویستە لای ئاغا، ڕێگەی دەدەن لە دەوروبەری وەتاغدا بحەپێ و ڕاوێچکە بکا، بەرماو بخوا، هەمیشە تێر و تەسەل و تەڕ و بەل بێ، شەوانە بۆ حەسانەوە لەنێو قەڵاغدا وەرکەوێ، جێی گەرم و نەرمی بەرکەوێ، سەگەلی گوند هەموو ئێرەییی پێ بەرن، نەوێرن لێشی بمڕێن یا پارووی لە دەم برفێنن، ئاخۆ ئەو خۆش ڕابواردنەی چەند دەمێنێ؟ ئەگەر پیر بوو، ئەگەر چڕنووک و پەنجەی سوان، ئەگەر گیرگەی لەکار کەوت، ئەگەر دەم گەرمییەکەی نەما، چی بەسەر دێ؟.... کەس کاری بە تاژییەک نییە هەر سەولەخۆری سل کەر بێ، خوێڕی دەکرێ، تاژییەکی دەم گەرم و تازە لە شوێنەکەی ئەو دادەنرێ، ئەویش دەشێ بە پیری و بە زەمین گیری بقروسکێنێ و کەس بە ئێسکێک نەیلاوێنێ تا لە کەند و بوودڕێکدا بە ناهومێدی دەتۆپێ.... ڕەنگە ئێستە خوا نەخواستە یاخوا داروبەرد گوێی کەڕبێ، ئەگەر کاوراێ کورد زوان، لە کوردستاندا دەس کەوێ هەرچەند باوەڕ ناکەم هەبێ... خۆی بە دوژمنی داگیرکەر واتا بە هێزی ئیستیعمار فرۆشتبێ، ئەم وتارەی من بژنەوێ، لە ئاوێنەیەک بنەوێ و تەرحی خۆی وەبەرچاو کەوێ، بە ئاوەزی من پێ کەنێ و بزەیەک لێوی ببزێوێ و دەمی دڵی بورتێنێ: کە ئەم قسە قۆڕانە چین؟ خۆ من نە کەوم نە تاژیم، من زەلامم بە سوێڵم زەمین دەکێلم، زیت و وریا و خاوەن فێڵم، لە شوێن ژیانی خۆش وێڵم، مایەی خۆشیی ژینم دەوێ، چەک و ئەسپ و زینم دەوێ، گەر بۆ داگیرکەر کار نەکەم، باری لاری بۆ بار نەکەم وەکو خۆم گەرەکمە ناژیم، ئێستا وا لە سایەی ئاغام خوا نەیبڕێ دەوروبەرم لێم دەترسێ، کەس ناوێرێ، لێم بپرسێ بۆ وا دەکەم؟ خواردن زۆرە، دراو کۆمە دنیاکە بە کەیفی خۆمە.

بەڵام ئەگەر ئەو کوردە نەجیم زادەیە، هەر تۆزێک بیر بکاتەوە، ئاوڕ لە

دوارۆژ داتەوە و خۆی تەواو بەسەر کاتەوە رەنگە تێ بگا کە هەزار خۆزگەی بە تاژی. کەو یا تاژی دوو جانەوەری بێ بیرن، ڕاوکەر و بەڕاوگیراویش بیر لە تۆڵە ناکەنەوە و ئەوی ئەمرۆ بەسەریان دێ سبەی لەبیریان چووەتەوە، بنیادەم چی؟ کێ خراپەی دەگەڵ بکا لە بیریەتی.... ئەگەر گەل و خزم فرۆش ئەمڕۆش دەسـتـەڵاتی هەیە و ئازار و جەزرەبەی دەدا، کینەی لە دڵدا هەڵدەگرێ تا ئەو هەلەی، کە دەتوانێ تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە.

ئەو کابرا نەجیم زادەیەی کە دەبینێ بێگانە پشتی دەخورێنێ و دژی گەل و خزمانی خۆی دەکار دێنێ، دەبێ ئەوەندە تێ بگا کە قشقەڵە بە خۆڕایی پشتی نێرەکەر ناخورێنێ، ڕۆژێک دەبێ قشقەڵە هەڵفڕێندرێ و پشت خورێنی گیر نەکەوێ یا گریمان هەڵنەفڕێنرا و توانی خۆی سەقامگیر بکا و کەس نەمێنێ کشەی لێ بکا، بێگانەی وڵات داگیرکەر چۆن دەبێ ئەوەندە کەر بێ، پووڵ و پارە و پارووی چەور بدا بە نێرەزەلامێک، کە هیچ کاری پێ نەماوە. ئەگەر دار شەق و پەق کرا و سووتێندرا، هۆرە و کلکە تەور و تەشوێ فڕێ دەدرێ و دەکار ناکرێ، ئەوجا ئەگەر زەلامی خۆفرۆش کەرە، کاورای زەلامکرِ کەر نییە، باش دەزانێ ئەو کاورا خوێڕی و ناکەسەی کەسی خۆی بە پارە داوە، هەر ڕۆژێکی بێگانەیەک بەکرێی بگرێ و پارەی زیاتری بداتێ، دەیفرۆشێ و بەگژیدا دێ، بە دەردی "سەعدی" گوتەنی: دامێن تەڕێک تەماح بکاتە دایکی خۆی چلۆن، لە ژنی بێگانە دەپرینگێتەوە؟

لەم بارەوە لە کتێبی (المستظرف)دا چیرۆکێکی زۆر خۆش و پڕ کاکڵ هەیە، دەڵێ: شاپووری شای ئێران گەمارۆی شارێکی دابوو (ناوی شارەکە حەزەرە)، دیواری شار لەوە بەرز و پتەوتر بوو بۆی بگیرێ، کیژی پاشای شاری دوژمن چاوی بە شاپوور کەوتبوو، عاشقی بووبوو، وەڵامی نارد:

ئەگەر بەڵێنم پێ بدا کە دەمخوازێ وا دەکەم ئەم شارە بگرێ، بەڵێن درا، کیژ دەراوی هاتنە نێوی دەستنیشان کرد. لەشکر ڕژایە شارەوە، باوکی

کـچی پاشـای کـوشت و خـوێنی ئاپوورەی زۆر ڕشـت و کیـژەکەش بە مـراد گـەیشت و کـەوتە نێـو پەردەی بووکـێنی، شـاپوور هات لەگـەڵی بنـوێ، دیتی دۆشەک خوێناوییە، بووک لە وەرامی شاپووردا، کە پرسی ئەو خوێنە چییە؟ گـوتی تـاقـانە و نازدار بووم، دایک و باوکم بە شـیـر و هەنگوین و مـێـشک منیـان پەروەردە کردووە، لەشم ئەوەندە ناسکە بەلاسکە گوڵ و ڕێحانەی نێو پێخەفەکەم زامار بووم، شاپوور بانگی لە جەلاب کرد:

وەرە ســەری ئەم بێ ئـەمـەکــەم بـۆ ببـڕە، باوک و دایکی ئاوایان بەخـێـو کردووە بـە بێگانەی بە کوشت داون، سـبەی ڕۆژێ چۆن ئەمـەگی بۆ من دەبێ و بە کەڵەگایەکی دیکەم بەکوشت نادا؟

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست باپیرانمان بە خۆڕایی نەیانگوتووە:

"هەر کەس بکا بێگانەپەرستی ئاخری هەر دەهێنێ نوشوستی".

کۆواری سروە

خوشک و برایانی خۆشەویستی کوردم:

بۆ منی هەژار زۆر مایەی شانازی و بەختەوەرییە کە ڕێگەم دراوە لەم کۆبوونەوە مێژووییەدا بەشدار بم، تەوفیق و سەرکەوتنتان بەدڵ و بەگیان ئەوپەڕی ئاواتمە.

ئەوا ئەمڕۆ کە زۆربەی نوێنەرانی هێژا و رۆشنبیری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە دەوری یەک کۆ بوونەوە و دەربارەی چۆنایەتیی دوارۆژی گەلی کورد و خەباتی کوردانەیان دەکۆڵنەوە و پیلانی ئایندە بۆ خەبات دادەنێن و بەو هۆیەوەش بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی حزبە ئازادیخوازەکانی بەرەی کوردستانی هاتوون و لەو کۆبوونەوەدا بەشداری دەکەن. وەک لە قورعاندا هاتووە و (وەبیربێنەوە، وەبیرهێنانەوە قازانج دەدا بە خاوەن باوەڕان). منی هەژاریش دەمەوێ چەند شتێکتان بخەمەوە بیر بەڵکو ئەوە خوایە قازانجێکی تێدا هەبێ.

خوشک و برایانی بەڕێز، ئێستا هەر کەسێک لە یەکێکی ئێمە پرسیار بکا برا کورد چییە و چەندە و لە چ حاڵێکدایە؟ دیارە لە پێشدا چاوێک لە دەوروبەری خۆی دەکا کە نەوەکا لاپرەسەنێکی لاوەکی یان خاینێکی خۆماڵی گوێی راگرتبێ. هەرگا لەو بارەوەوە و خاتر جەم بوو، لە وەڵامدا دەڵێ:

کورد گەلێکی زۆر لە مێژینە و کەونارایە و لەوەتا گەمیەکەی نوح پێغەمبەر بەسەر چیای کوردستانەوە نیشتووەتەوە، کورد لە مەڵبەندی کوردستاندا نیشتەجێ بووە، برایم پێغەمبەریش هەر لە خۆمانە و فلانە شوێن پاژێک لە کوردستان بووە و فیسارە گەلی، کە ئێستا خۆی بە کورد نازانێ بینچە

کوردی خایس بوون. ئەوەندە خۆ هەڵدەکێشێ کە عوجی بن دەنەفیش دەستی بە قولەقاپەی راناگا.

ئەگەر کابرا بێژێ برا لە ڕابردوو گەڕێ. نان ئەو نانە ئەمڕۆ لە خوانە پێم بڵێ ئەمڕۆ لەم برانەوەی چەرخی بیستەمەدا حاڵی کورد چییە و لە چ بارێکدایە، ناچارە بڵێ ئێستاش ئەوی ماوین خۆ لە ٢٥ ملیۆن دەدەین و لەناو چەند دەوڵەتاندا داگیر کراوین و لە هەموو مافێکی رەوای مرۆڤایەتی بەش براوین و دەم لەپوش ماوینەوە و زۆربەشمان تاواوینەتەوە و لە حاڵێکداین کە هیچ گەلێکی ئەم سەرزەمینە خۆزگەمان پێ ناخوازێ. ئەوەی دەپرسێ ئاخر برام گەلێکی وا قەدیمی و بە هونەر و جەوهەر چۆنە تا ئێستا بەشبراو ماوەتەوە و بە سەتان گەلی لە ئێوەش کەم هونەرتر لەم چەرخەدا سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێناوە و ئاڵای سەربەستی و ئازادییان بەرز کردووەتەوە و ئێوە هەروا لەبن چەکمەی داگیرکەردا ناڵە و نووزەتانە و بێ دەرمان ماونەتەوە.

چاری ناچارە بڵێ خەتای ئەو دابەشکردنەیە کە داگیرکەرەکان نەیانهێشتووە هەموو هێزی خۆمان بەرەو ئازادی وەکار بخەین و لێ نەگەڕاون ئاور وەسەر خۆمان بدەینەوە. رەنگە ئەوەندە بەرسڤە بۆ ئەو پرسیارانە کەمێکی بێ خەبەر لە دەردی کورد قانیع بکا و توک و نزا لە داگیرکەران بکا. بەڵام بۆ منێکی کڵۆڵی نەگبەتی هەژار، کە هەر لە تەمەنی شازدە ساڵیمەوە ئاواتی ئازادیی زێدەکەم لێ بووەتە گەورەترین گرێی سەر دڵ و تێیدا پیر بووم لەسەر لێوی قەبرم و چەندین ساڵانیش بەوپەڕی ئازادی لەژێر بڕیاری پیرۆزی بارزانیدا رام بواردووە و تامی خۆشی رزگاربوونم چێشتووە، ئەو جۆرە جوابانە ناتوانن قانعم کەن و ناچارم پێ بە راستییەکی هەرچەند زۆریش تاڵ و تفتە دابنێم و بڵێم:

برای دڵگەرم و خۆشەویستم مەسەلێکی مەشهوورە: مریشک بۆ خۆی

خۆڵ دەسەری خۆی نەکا کەس ناتوانێ خۆڵی وەسەر کا. خەتای ژێردەست بوون و بەژێردەستی مانەوەت خەتای خۆتە و یان دەبێ بڵێم خەتای خۆمانە و بەس و کەسی تر خەتابار نییە. رۆژگارێک دەمانگوت سەردارە عەشیرەتەکان و شێخەکانی سەر بەرماڵ ماڵی ئێمەیان وێران کردووە. رێگە نادەن بخوێنین و خۆمان بناسین ئاخ ئەگەر ئەوانە نە دەمان و بەرمان بۆ بەرهەڵدا دەبوو بخوێنین و خوێندەوارانە یەکتری بدوێنین ئەوسا زۆر بەمانای رزگاری رزگارمان دەبوو. ئاغای سەرۆک هۆز و شێخی سەر بەرماڵ لە ئارادا نەمان و لینگیان هەڵکێشایەوە و خوا نەیبڕێ زۆر کەس خوێندەوارمان لێ پەیدا بوون و ئەمڕۆ بە هەزاران خاوەن شەهادەی بەرز لە کوردستانەوە سەری هەڵداوە و بە دونیای ژیاریدا بڵاو بوونەتەوە، بەڵام ئێمەی نەگبەت بەناشکوری خودا نەبێ هەر چرتەشمان نەکردووە و تەنانەت دەتوانم بڵێم هەزار خۆزگەمان بە زەمانی پێشوو کا کە هیچ نەبا بە خۆڕایی قەتڵ و عامیان نەدەکردین و نەیاندەگوت ماڵ سووتاو و ماڵ بڕیاو بەکۆی زوخاڵ بێ. خوا نەیبڕێ ئێستا هەموومان لامان وایە ئەو کوردی لە دنیا ماون خۆ لە بیست و پێنج ملیۆن نفووس دەدەن خوا شکور زۆر خوێندەوار و رۆشنبیری واشمان تێدا هەڵکەوتوون کە بەدڵ و گیان بۆ ئازادیی گەل و زێدەکەیان خەبات دەکەن، بەڵام سەیر چییە هەتا زۆرتر ماندوو دەبن کەمتر دەگەنە بستووی مراد؟ چونکە یەک نین. چونکە لە جیاتی هەوڵی خۆڕزگارکردن زۆر جار بەگژ یەکدا دەچوون و دەگژ یەکدا دەچن.. ئەگەر قەدیم بەرهەڵستەکانمان ئاغا و شێخ بوون ئێستا حزبەکان ئەو کارە دەکەن کە ئەوان دەیانکرد. هەتا شەڕی خۆبەخۆیی لەوێ راوەستێ کارمان بە هیچی تر نییە.

برادەرێک بۆی گێڕامەوە گوتی پێشەوا قازی محەمەد کە هاتبووە تاران چووە دیدەنیی ژەنەراڵ ئیحسان نووری، کە بووبووە پەناهەندەی ئێران، ئیحسان نووری بە قازیی گوت قوربان خۆت دەزانی ئەمڕۆ ئێمەی کورد لەو

دەشـتە لە بـن بەفر و باران مـاوینەوە و هیـچ ئەنوا و پـەنایەک شک نابەین. تۆ حـەول بدە چوار دیوارێک بـۆ کورد پێک بێنی و ببیتـە سـتـارێک بۆ ئەو گەلە لێـقـەومـاوە. ئەوسـا ئەگـەر لەبن پەنای رزگـاریمـان هات پێیـان بڵێ براکـان دیوارەکـانی بـەو رەنگەی زۆربەتـان قـۆڵی لەسـەر دەکـێشـن رەنگی کـەن.. سـووری دەکەن و زەردی دەکەن یا بۆیاخی شـینی تێ هەڵدەسـون بخـەنە بەر راوتەکبیری خۆتانەوە.

بریا ئەو فـرمایشـتە بـەنرخـەی ئیحسـان نووری دەکار هـاتبا، ئێمە شـەڕ و کـێشـەی فکر و ئیـدەمـان بخسـتـایەتە دوای ئەنوا سـازبوونـەکـە. کـەچی بەداخـەوە ئێسـتـا بەبێ ئەوە هیچ سـتـارێک و شوێنی حەوانەوەیەکـمـان ببێ، کێشـەمـان لەسـەر چۆنیـەتیی رەنگکردنی دیوار و دەرک و پەنجـەرەکـەیەتی. عەرەب دەڵێ: عەرشم بۆ ئیسپات بکە ئەوسا وێنەکەی بکێشە.

ئەگـەر بڵێـم خـەبات و تێکۆشـانمان بـەر گـوێی خـەڵکی دنیـای مـوتەمـەدن ناکەوێ راست نییە، بەڵام ئێمـە هـەرکەسـە لەبەر خـۆیەوە و هـەر حزبە بە پێی پرۆگـرامـێکی کـە بۆ خـۆی دای نـاوە خـۆ دەگـەیێنێـتـە ئەو رۆشنبـیـر و مـرۆڤـدۆست و نووسـەرانەی کـە لە ئەوروپا و سـایری وڵاتانی دەرەوە دەژین، چـی خـــۆی دەیەوێ ئـەوەی پـێ دەڵێ. ئەو دەردەکـــەوێ یـەکـێ تر لـە لایـەن حـــزبێکی ترەوە دەچێ و لـەباتی باسـی لێـــقـــەومـــاویی کـــوردی بـۆ بکا سـەروگوێلاکی ئەو کـەسـە دەکوتێـتـەوە کـە تازە لەلای ئەو دەرچووە. کـابرا هـەرچەندێ پیاوچاک و ئینسـانیش بێ دیارە دەڵێ برا ئەگەر ئێوە لێقەوماون و بەلای داگـیرکـەرانتـان لـەسـەرە و بە راسـتی و دەتانەوێ ئێـمـە یاریدەتان بدەین پێویستـە قسـەکانتان بکەن بەیەک و لە دژی یەکتـر نەدوێن، پێویستـە هـەر ماڵێک لەهـەر کوێ هـەیە جلکی چڵکنی لە ماڵی خۆیدا هـەڵخـا و نیشانی دەر و جیران و نامۆی نەدا.

خـوشک و برا خـۆشـەویسـتـە کوردەکانم. بەبـیـری هـەژارانەی من وا باشـە

ئێوەی زانا و ئازادیخواز، بەڕاستی ئەگەر نەشتانکرێ بەدڵ یەکترتان خۆش بوێ هیچ نەبێ بۆ بەرژەوەندیی کاری خۆتان کە لێم روونە ئازادکردنی زێدەکەتان ئەوپەڕی مەبەست و ئاواتتانە، لەلای نامۆ و غەوارە وا نیشان بدەن، کە ئێوە هەمووتان کوردن و هەموو یەکترتان خۆش دەوێ و هەرچی کوردی ئازادیخوازە برای خۆتانن.

خۆزێ ئێوە لە ئەوروپادا دارولنەشرێکی دەستەجەمعیتان دادەمەزراند کە لە هەموو حزبەکانەوە ئەدیب و نووسەرەکانیان بە هاوکاریی یەکتر لەوێدا کاریان دەکرد و بە بیر و بڕوای هەموو لایەکتان لە بەشی شکایەت و حکایەتی زوڵم و زۆر و چەوسانەوەیەک، کە دەربارەی کورد بەڕێوە دەچێ بەگوێی مرۆڤدۆستانی دونیاتان رادەگەیاند.. خۆزگە ئێوە بە تێکڕایی ئەو کارەتان دەکرد کە ئەنیستیتیوی کورد لە پاریس رەچاوی کردووە. ئەو رای گەیاندووە کە ئێمە مەرکەزێکی سەقافین و هەر کەس و هەر عەقیدە و بیر و بڕوایەکی هەیە دەتوانێ لەم مەرکەزەدا شرکەت بکات، بەڵام دەبێ شەڕی حزبایەتی و پێک هەڵبژاردنی سیاسی لە دەرەوەی ئەنیستیتیو دابنرێ. ئەوا دەشزانن کە تا ئێستا ئەنیستیتیوی کورد چەندی قازانج بە مەسەلەی کورد و خەباتی ئازادبوونی کورد گەیاندووە و کارێکی وای کردووە کە تەنانەت دەوڵەتە میواندارەکەشی کردووەتە خووگری خۆی و وەها خۆ قایم کردووە کە باوەڕ ناکەم بە هیچ بایەک بلەرزێ. دەجا ئێوەش لەم بارەوە شنگلێک لە خۆتان بدەن و هەوڵ بدەن کە لە باری سەقافی و رۆشنبیرییەوە بە یەک دەنگ، دەنگ هەڵێنن و دارولنەشری هەموانیتان با وەک ئەنیستیتیوی کورد بێ و ئەگەر بکرێ چاکتریش بێ.

هەر هێندە دەزانم هەتا هەموومان نەبینە یەک و بە زمانێکی بێ خەوش و راست گەلانی شارستانی نەدوێنین ناتوانین پێ بگەین و ناتوانین وا بکەین کە تێمان بگەن دەڵێین چی؟ و چیمان دەوێ؟

شاعیرێک دەڵێ: یەک موو دەپسێ بەڵام بەدەست بیهۆنەوە، فیلی پێوە بەستە.

خوشک و برایانی بەڕێز بەدڵ حەز دەکەم کورد لەم نەگبەتی و دیلیەتییەی تێدایە دەرکەوێ و ئەویش وەک گەلانی خوداپێداوی دیکە بتوانێ لە ماڵی خۆیدا بێ ترس و بێ خەم بژی و بتوانێ لە هونەر و کردەوەی دنیای ڕووناکیدا ئەویش بەشێکی هەبێ دەستەچیلەی خۆی بخاتە سەر. بەهومێدی ئەو ڕۆژەی کە بە ئاواتی خۆتان دەگەن. برای بچووکتان هەژار.

## بەزمی بەهار

مــزگــێنی دا بـه ســروه بای بـەهاری:
وا هـاتـەوه نـەورۆزی کــــــوردەواری

بە تیـشک تێک شکا: سـوپای کـرێوه
هەواری ڕۆژ گــەیشــتــه خــاکــەلێــوه

فــەرمــان درا بە ســەوزه ســەر هەڵێنێ
چیـدی لە بەندی خـاکی ڕەش نەمـێنێ

با دەرکــەون، گــوڵ و کــەســەر بنێــژن
بـا ڕۆژی ڕزگــاری بکەن بـه جــێــژن

شــەمــاڵ.. گــەواڵ گــەواڵ هەور بنێـرێ
ئاهەنگ و بـەزمی جـەژنی پێ بسـپێـرێ

***

حــیلکانەوه لـەو مــوژده ئـاودڕ و خــڕ
ڕەش بوونـەوه: ڕیشی سـپی چیـای چڕ

جلۆ گــەشــایەوه و بزەی لەســەر لێــو
پۆتراکی خـۆی رازانـدەوه، بە گـۆی زێو

هەور لە دەشت و شیو و پۆپە شاخان
کردی بە تۆپ تەقاندن و چراخان

مرواری بێ ژماری دادەباراند
لە دارودەر ڕووتی و نەداریی تاراند

شەماڵە، گاڵە گاڵیەتی و لەکارە
هەڵگرنەوە: شاباشی شای بەهارە

شینکە بە گەل لەگەڵ سەری دەرێنا
هەریەکە چەند قل و پەلی بە شوێنا

خڕی بەرۆک پڕن لە دەنکە باران
تازە و تەڕن بۆ کۆڕ و بەزمی یاران

نەورۆز مشتی پڕ گەڵای تەڵایە
هەر کارگە بێ بەڵا بێ، بێ گەڵایە

ئەگەر چی ساوایە بەهارو و باشە
لە چاوی بەد بە دووربێ گیا هەراشە

بەیەک یەکە و بە کۆ لە دەشت و دەردا
وەک کیژە کورد هەمووی گوڵی لەسەردا

شالوور و بولبول سەرەڕۆی ئەوینن
هەر چاوە چاویانە گوڵان ببینن

هەر مەلە بۆ گوڵی دڵی ئەخوێنێ
هەر گوڵە بۆ دڵداری خۆی ئەنوێنێ

نەرگــسی مـــەست لە زەردەزیڕە زیزە
بە جـوانیی خـۆی دەنازێ زۆر بە فـیـزە

وەنەوشـــە مل کــەچە لەحــاند پەپـووله
ڕێی داوە بێ وتەی مـــەلا و پســـووله

وا کـــیــژ و لاویش دەچنە دەر لە دێوە
لە ڕێوە تێک دەگـــەن ژوانگە کــێــوە

گــۆرمــزە، مــام ڕێواس و هـەندرێشن
بۆ دڵتـــەڕان بەهانەن و لە جــێــشـن

گۆوەند لە کەوشـە دوور لە وشکەسـۆفین
دەرفـەتـە: مـەم کـوشین و هەڵگڵـۆفین

شـادن بەیەک: مــەل و گـوڵ و دڵ و دڵ
بەیەک ئەگـەن لە بن دەوەن لەســەر چڵ

***

هەر من لە دووریی تۆ: هـەژار و دامــاو
دەڕوانمە ڕێگەکــــەت بە چاوی پڕ ئاو

بـەشـم هــەتـا لـەشـم لـە تـۆوە دووره:
هەنیسک و هەڵمژینی ئەشکی سـووره

خشـڵی گـوڵان، بەژن نەمامی چاو کاڵ
وەرە دەرمـــــخــــە لەو ژیانی وا تاڵ

مـن بـولـبــــــولـم لـه نـاڵـەدا بـەزانـدن
گـــەرم و گـــوڕیـی دڵم، دڵـی تـەزانـدن

بمـگەیـە، خـــۆ بنـوێنـە، دڵ بـســـتــێنـە
بـازاڕی گـــەرمی نـازی گـــوڵ بشـکـێنـە

## من و شیعر

مرخی شیعر خودادادی و تەبعی مەوزوون دەگەڵ منداڵ دێتە سەر دنیا. زۆر کەس لایان وایە شاعیری بە میرات لە باوکەوە بۆ مناڵ دەچێ، ئەم قسە زۆری ڕێ تێ دەچێ، هەرچۆنێک بێت، منداڵێ کە لەوانەیە ببێتە شاعیر، شیعری خەڵک ڕاست دەخوێنێتەوە، فەرقی لەنگ و لۆر دەکا، بەڵام لە مابەینی هونەر و شاعیردا، فەرق و جیاوازی هەیە، کەسێ کە هەڵبەستە دەڵێ و لەنگ و لۆری تێدا نییە، هونەرە، بەڵام وشەی شاعیر لە وشەی شعوورەوە هاتووە، واتا هەست، هەموو هەستێکی باریک و پڕ لە مانای ناسک، با مەوزوونیش نەبێ، دەتوانرێ ناوی شیعری لێ بنرێ، کەوابوو وشەی "هەستیار" بۆ شاعیر پڕ بە پێستە و وشەی هونەر بۆ "ناظم" ڕاستە.

گۆرانیبێژی خۆوێژی نەخوێندەوار هۆنەرن، کە لە هۆنینەوەدا لەبارن، جا منداڵێکی دەتوانێ فەرقی شیعری لەنگ و نالەنگ بکا، دەتوانێ حەول بدا و ببێ بە شاعیر، بەڵام دەبێ زۆری شیعری شاعیرانی جۆراوجۆر لەبیر بێ و زۆری متالای کتێبی هەموو جۆرە و ئاگەداریی تەواوی لە خەڵکی دنیای دەوروبەری خۆی هەبێ. بە کورتی وەک مێشەنگوین وابێ، شیرە لە گوڵان هەڵمژێ و لە پاش دەسکاری کردنێکی وەستایانە بە شکڵی هەنگوین هێقی بکاتەوە، ڕەنگە نەتوانم لەسەر ئەو باسە بڕۆم، چونکە مەسەلەیەکی زۆر گرینگە و زۆر لە پیاو عاقڵان قسەیان لێ کردووە، با باسی خۆم بکەم باشترە.

بابم تەبعی مەوزوون بوو، دەیتوانی شیعر بڵێ، بەڵام زۆری ڕق لە

شـاعیری هەڵدەسـتا و لای وابوو هەر کەس لە کوردەواریدا دەبێتە شـاعیر، خــوا نـان و دۆی دەبڕێ و بە ســـواڵکەری دەژی و بـە ســـواڵکەری دەمــرێ، مـیـسـالیـشـی بە حـەریق و مـەلا مـارفی کـۆکی دەهێنـاوە کە ئەو دوانەی لە نزیکەوە ناسـیـبوون، حـەریق کە مـردووە نـانی شـەوی نەبووە، مـەلا مـارفیش هەتا مـرد سـواڵنامـەی بۆ هەرە پیـاوی خـوێڕیش دەنووسی و ئـی وا هەبوو پارەی دە نانی بۆ نەدەنارد، کـە دەڵێم بابم تەبعی شیعری هەبوو جـار و بارە تاکە بەیتی دەنووسی جارێکیش فەقێ نامـەیان بە شـیعر لێ نووسیبوو، کە هێندێک قــەند و چایان بۆ بنێــرێ و بابم هـەر لـەســەر وەزن و قــافــیــەی شیعرەکانی ئەوان جوابی دابوونەوە:

عــەزیزم شــیـعــر و بەیتی تـۆ گـوتـووتە
هەمووی سواڵ و زەلیلی و هـات و هووتە
شـــتـــێکی زیادە قـــەند و چا براڵە
نـەپۆشـــاکـــە، نە پێـــڵاوە، نـە قـــووتـە
لـەباتـی ســـواڵـی ئـەســـپــابی زیادی
وەرە تـەرکـی کـــە، مـــایەی ئابڕووتـە
ئـەوا ناردم دەزانم تـەرکـی نـاکــــــەی
کـە خـووی بـەد دوژمنە و دایم لـە دووتە

ڕەنگە شیعری چاک نەبن، بەڵام زۆر لە وەزن و قافیـەدا ڕێکوپێکن و ئەگەر حـەولی دابا دەیتوانی شـاعیر بێ، مـامێکی دایکیشم کە ناوی "سـەید حەمـە سـەعـیـدی نوورانـی" و یەکـێک لە نـزیکانـی شـێـخـی بورهـان و مــەلایـەکی بەناوبانـگ بووە، شیـعری زۆرن و زۆریش شـیـعری چاکـی هەن، بەتایبـەتی قەسیدەیەکی کوردیی هەیە کە لەتە بەیتی سەرەتاکەی (پەرگەمای قەلبم ، بە ڕشتـەی مـیـهری مـەولا ڕۆنرا)یە زۆر بـە تەڕدەسـتی پەسندی شـێـخی خۆی

لەناو چوارچێوەی سنعاتی کەلاش چنیندا، جێ کردووەتەوە، بەو بەیتە دوایی دێنێ و دەڵێ:

با حەواڵەی پاشی مونکێر بێ سەری نووکی کەلاش
چونکە عەف عەف وا لە دەوری پادشاهی دین دەکا

جا ئەگەر تەبعی مەوزوون لە باوکەوە یان لە بنەماڵەی دایکەوە بە مناڵ بگا، یان هەر کەسە بە تەنیا بەشی خۆی وەرگرێ، من هەر زۆر بە منداڵی تەبعم مەوزوون بوو. زۆر زوو هەستم دەکرد فلان شیعر لەنگە و فلانە ڕاست و بێ زەدەیە.

تازە کوێرە سیواتێکم هەبوو، بابم دیوانێکی تورکیی پێ دەخوێندمەوە، شاعیرەکە "میر عەلی شیری نەوایی" بوو، من و ترکی؟ خوای تۆ دەزانێ وەک کەر لە داوەتدا بێ وابوو قەت یەک کەلیمەشم مانا نەدەزانی، جارجار لە خوێندنەوەدا گیرم دەکرد، ڕادەوەستام، دەیگوت بۆ نایخوێنییەوە؟ دەمگوت وابزانم تەواو نییە، تووڕە دەبوو: "هەتیو تۆ ترکی نازانی چووزانی ناتەواوی و تەواویی شیعرەکە چییە؟" بەلام کە خۆی تەماشای دەکرد دەیگوت: "بەڵێ لەنگە فلان کەلیمەی لێ دەرچووە، مەڵێ ناتەواوە، بڵێ لەنگە".

هەر زۆر بە منداڵی لە ترسی شەڕە شیعر نەوەک بدۆڕێنم، زۆر زۆرم شیعر لەبەر کردبوو، وام لێ هاتبوو کەم کەس بۆڕی دەدام. تەنانەت جارێک لە گوندێک ویستیان بۆ شەڕە شیعر بە گژ کوڕە مەلایەکم داکەن، وەک گرێوە ئەسپ هەر کەسە لەسەر هەڵبژاردەی خۆی دەبری. سۆفی عەلی ناوێک گوتی: ئەگەر کوڕی، مەلای دێ بردییەوە، مەڕێک دەدەم، ئەگەر ئەم کوڕەش بردییەوە مەڕێکم دەنێ. زۆر زوو سۆفی عەلی مەڕێکی بردەوە. شەوێکیش دەگەڵ چەند فەقێدا چووینە گوندێک بە ناوی (خورنج)، ئاغا

رووی خۆش نەبوو، دەیەویست جوابمان کا، بۆ بەهانە گوتی:

– ئەگەر بە شەڕە شیعر کوڕی من بۆڕ دەن ڕاتان دەگرم و زۆر بەخێر هاتن.

هەرچەند من لەوانی تر زۆر منداڵتر بووم، سینگم دەرپەڕاند و گوتم:

– من ئامادەم بە شیعری فارسی، یان هەر بە شیعری عەرەبی، یان هەر بە شیعری کوردی شەڕە شیعری دەگەڵ بکەم با بۆ خۆی بۆم هەڵبژێرێ.

قسەی خۆمان بێ درۆم دەکرد، شیعری عەرەبیم هەر لەبەر نەبوو، بەڵام هەتیوی ئاغا زۆر ترسا، وەک دەڵێن بە پەتیش نەیدەکرد، فسی خوارد.

نازانم گەلانی تر چۆنن، بەڵام هەر بەچکە کوردێکی دوو پیت و لەتێکی خوێند تووشی گرانەتای شاعیربوون دەبێ و لای وایە ئەگەر شیعر نەڵێ، هیچ کارە نییە، دەتوانین بڵێین ئەو کوردانەی کە دەرسیان خوێندووە سەدی نەوەتی خەریکی شیعر دانانن.

منیش هەر زۆر زوو تووشی ئەو نەخۆشییە بووم، ملم نابوو لە شیعر یان باشتر وایە بڵێم "مێعر" هۆنینەوە. باڕۆکە بووم و لاساییی قازم دەکردەوە. قەڵەم و دەفتەر بێنە و ڕەشی کەوە و ناوی شیعری لێ بنێ، بەڵام شیعر چ شیعر؟ یاخوا بە نسیبی دوژمنانت بێ. نەشمدەوێرا نیشانی کەسی بدەم نەوەک بمکەنە گاڵتەجاڕی خۆیان، بەڕاستی قسەی قۆڕ و بن شڕ بوون و خۆم پێم وابوو زۆر باشن، بەڵام خوێشم جیاوازیم لە نێوان دادەنان، هێندێکیانم پێ شاکار و هەڵبژاردەتر بوو، بابم بیستبوویەوە کە خەریکی شیعرم، جا وەرە جوێنم بۆ داباری و بە سوێندی درۆوە، ڕەش ببمەوە کە من گوناهی وام نەکردووە.

جارێکیان بە شیعر جوابی نامەی ئاغایەکم نووسیبوو، جگە لەوە کە کابرا زۆری تاریف کرد و ئافەریمی لێ کردم، بۆ خۆشم لە خۆشیان دەتگوت فڕیم، پێم وابوو هیچ مریشکێک هێلکەی وا دووزەردێنەی نەکردووە.

ڕۆژێک له ســابڵاغ لەســەر تاتەکــانی مـزگـەوتی شــا دەروێش لـەلای مــەلا مـارفی کۆکی دانیشتبووم و داوای شیعری تازەیم دەکرد کە لەبەری کەم، چونکە هەمــوو شـیــعـرەکــانیم لـەبەر بوو، وەک دابی عــەرەبی پێشــوو من بووبوومە ڕاویەی مەلا مارف، بە مینگە و سەرخوراندنەوە گوتم:

– مامۆستا، من شیعرێکم گوتووە، بۆتی دەخوێنمەوە، تکایە لەبەر خاتری من مەفەرموو باشە، ئەگەر پێت باش نەبوو پێم بڵێ.

پێ کەنی، گوتی: شیعریش ئەو سنعاتە رەزیلە، خاتر و ماتری دەوێ؟ دەی بزانم.

شیعرە هەرە باشەکەم کە جوابنامەکە بوو، بۆ خوێندەوە کە لێ بوومەوە گوتی:

– ڕۆڵەم ئەمە مێعریش نەبوو، زۆر منداڵانەیە، هەر ئێستا بیدڕێنە و خۆتی لێ نامۆ کە.

شـیـعـرم دڕاند و فـڕێم دا، پاش تـاوێک گـوتی: ڕاسـتی بڵێ هەمـووی هی خۆت بوون یا لە خەڵکیشت دزیبوو؟ گوتم هەمووی هی خۆم بوون.

گوتی: ئەگـەر ڕاست بکەی، دوو بەیتـیـان شـاعیرانـه و ڕێک و پێک بوون، ئەگەر وەک ئەوانە بڵێی بە هومێدم ڕۆژێک وەک خۆم لە برسان بمری.

جـــا ئەگـــەر خـــانم ئاوابێ، دەبێ قـــەرەواش چۆن ســـەگـــێک بن؟ ئەوە شـاکارەکـەمـە دەبێ بیـدڕێنم، گـووکارییـەکـانم چۆن؟ بێ سێ و دوو کـردن دەفتـەرەکانی دیوانە جوانەکەم ئاگر تێ بەردان و خۆم لە شیعر و شاعیری تەرە کرد و ببڕای ببڕای ئاوڕم وەسەر نەدایەوە.

ئەو ڕۆژگـارەی لە وشـتـەپە فـەقێ بووم، ڕۆژێک کـاکـە ڕەحـمـانی حـاجی بایزاغـا هـاتە حـوجرە تەرجـیـعـبـەندێکی لە شـیـعـری کوردی و کـوردایەتی خوێندەوە، کە زۆرم لەلا خۆش هـات، زۆرم حەول دا کە بیڵێ و بینووسمەوە،

گوتی خاوەنیان کە خاڵەمینە سوێندی داوم وانەکەم وەدەست کەس کەوێ، کە لەو ناهومێد بووم، بۆ خۆم کەوتمە گارە گار. تەرجیعبەندێکم دروست کرد کە ئەویش هەر لەلای خۆم مایەوە و بۆ کەسم نەخوێندەوە، چونکە لام وابوو ڕووی مەجلیسانی نییە، ئاخری ئەویشم لەناوبرد.

لەبیرمە لەو زەمانەدا کە شیعرم دەگوت، ڕۆژێک دەگەڵ فەقێیەک بەڕێدا دەڕۆیشتین، فەقێ دەمی لە شیعر وەردەدا و هەر باسی شیعری باش و شاعیرانی ناوبەدەرەوەی دەکرد، منیش فرسەتم هێنا و غەزەلێکم لە شیعری خۆم بۆ خوێندەوە، گوتی:

بەخوا شیعری چاکە ئەوە هی کێیە؟

گوتم: شیعری مستەفا بەگی کوردییە.

گوتی: هەی هەزاران ئافەریم. توخوا ئەوجاریشی بخوێنەوە.

دیسان زۆری لا خۆش هات. گوتم:

سا وەڵلا شیعری خۆمە.

گوتی: دادەی ئەمجاریشی بخوێنەوە.

ئەمجار کە خوێندمەوە، تفوویەکی کرد و گوتی: مردووت مرێ، کەی ئەمە شیعرە؟ ئەمە قسەی قۆڕە. بەڵام لە دواییدا کە بووبوومە ئەندامی کۆمەڵێ "ژێ- کاف" و دیتم کۆمەڵە بە ئاواتەوەیە شاعیری هەبن و هێندێک شیعری پەسندکراویانم دیت و لام وابوو منیش هەرچۆنێک بێت دەتوانم وەک ئەوانە بهۆنمەوە، لە خۆشەویستیی کۆمەڵە بامدایەوە سەر شیعر گوتن و بوومەوە بە شاعیری ناچاری و لەوساوە نازناوی شاعیریم بەسەردا سەپا.

بەرەبەری زستان بوو. چووبوومە شار و سەرم لە کۆبوونەوەی برادەرانی حیزبی دا، تێ گەیشتم کە کاک هێمن هێندێک سروود و شیعری بۆ نووسیون، چەند شیعرێکی شاعیرانی عێراقیشیان پەیدا کردبوو، گوتیان:

زۆرمان نیاز بە شاعیر هەیە، کە لە ئینتشاراتی خۆماندا بەرهەمیان شان دەین و زۆر گرینگە، من هیچ دەنگم نەکرد، کە هاتمەوە دێ، بیری خۆم هەڵگوشی و توانیم قەسیدەی "عەقڵ و بەخت" دروس کەم، بەڵام زۆر دڵ کرمێ بووم کە ئاخۆ بەکار دێت یان نا؟ شەوێک کە لە بۆکان دەگەڕامەوە و میوانی کاکە ڕەحمانی حاجی بایزاغای ئاغای شێخلەر بووم، سەید کامیلیش لەوێ میوان بوو، باسی شیعر و شاعیرانی کورد دامەزرا، گوتم:

"برادەرێکم شیعرێکی داناوە سوێندی داوم کە ناوی نەبەم و نوسخەی بەکەس نەدەم، بەڵام هێندێکم لەبەرە، باوەڕیش ناکەم بەکار بێت". هێندێکم لە عەقڵ و بەخت خوێندەوە، سبەینێ کاڵە و پێتاوم هەڵپێچا و ماڵاواییم کرد، کاکە ڕەحمان دەگەڵم هاتە دەر، دوو ئەسپ و سوارێک لە دەرگا بوون، گوتی: "سواری ئەسپ بە ئەم پیاوە دەگەڵتا دێ، گوتوومە تا نوسخەی ئەو شیعرانەی پێدا نەنێری نەیەتەوە، دەشزانم تۆ تاقەتی میوانی وات نییە کە چەند مانگ بەخێوی کەی." هەرچی حەولم دا ڕزگارم نەبوو ناچار هاتمەوە نوسخەم نووسییەوە و ناردم، بەڵام نەزانیم کردبوو، لە جوابی کاکە ڕەحماندا نووسیبووم:

بە کوردی پێت دەڵێم لێم مەگرە ئیراد: دیاری شوانە وێڵە ئاڵەکۆکە.

بەو تاکە بەیتە تێ گەیشتبوو کە ئەو شیعرانە ئی خۆمن، شیعرەکانی لەبەر کردبوون، جارێک بۆ قازی محەمەدی خوێندبووەوە، بەڵام نەیگوتبوو هی کێن، قازی گوتبووی بمدەیە ڕۆژی جومعە لەسەر مینبەر بۆ خەڵکی دەخوێنمەوە، نەیدابوویە، دەمەو بەهار کە چوومەوە شار و سەرم لە حیزب هەڵێنا، تەماشام کرد وا شیعرەکانی منیان لە تایپ داوە و بڵاوی دەکەنەوە، کاتێ گوتم: شیعری منە ئەوا نوسخەم بۆ هێناون، گوتیان دەسا دەبێ زۆرمان شیعر بۆ بنووسی، بەڵام چونکە بەناوی نەناسراوی "هەژار" نووسرابوون، زۆر کەس بەئی خاڵەمینیان دەزانی و زۆر درەنگ تێ گەیشتن

که ئەو ئاگای لێ نەبووە.

بۆ ژمارە دووی گۆڤاری "نیشتمان" دەمەتەقەیەکم دانا و نیشانی زەبیحیم دا کە چۆنە چاپی بکەین. وەریگرت و فڕێی دا، گوتی: " ئەوە زۆر عەیبە و شیعر نییە و ڕێی ناکەوێ لە گۆڤاردا بێ". بۆ کاکە رەحمانم خوێندەوە بە زەبیحیی گوت من ئەو دەمەتەقەم بەلاوە زۆر باشە. زەبیحی گوتی: " بەڵێ بەڕاستی شتی چاکە و چاپی دەکەین".

کۆواری سروە، ژمارە ١٦٠

## وتوویژ لەگەڵ مامۆستا هەژار

لە ورمێ تووشی بووم لە ماڵی دۆستێک وەک هەمیشە قوتووی سیغار و تووتن و پەڕ و مۆدنە و دووکەڵ و کتێب گەمارۆیان دابوو، بە شوێن ئیشەکی تایبەتیدا هاتبووە ورمێ و لەم ئیدارە بۆ ئەو ئیدارە، لەو شوێنە بۆ شوێنێکی دیکە و هەزار بەڵێنی و قەرار و مەدار، دەمزانی بۆ پیرەپیاوێکی بێ هێز و تێکشکاو و نەخۆشی وەک ئەو، ئەم هاتوچوون و ئێرە و ئەوێ کردنە چەندە دژوارە، لەسەر ئەوەش ڕاهاتبووم وتوویژێکی "ئەدیبانە"ی دەگەڵ بکەم و تۆماری دەروونیی بپشکنم و ئەوەی دەمەوێ لێی وەرگرم. وەختێکی باش نەهاتبووم نێوچاوانی گرژ و هێندێک لە چەرمەسەریی ڕۆژگار تووڕە بوو، بە دیتنی من وەک هەمیشە هێندێک کراوە و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم، هێشتا بەسەر پێوە بووین پێم گوت:

* هاتووم بۆ "سروە" وتوویژت دەگەڵ بکەم، بە لالووتی گوتی:

– وەرە دانیشە بڕێک جەفەنگ لێ دەین ماڵ خراپ ئەوە دەمرم، نازانی چەند ماندووم، چ وەختی ئەو قسانەیە.

* مامۆستا شەوێکی دوور و درێژە و هەر دەبێ قسە بکەین "ئەدەب" و "ئەدەبیات" هەمیشە بۆ من پرسیارن، هەردووک واژە عەرەبین، مانایان چییە؟

– مانای ئاساییی "ئەدەب" دەزانی، "بە شەرم و حەیا" ئاگا لەخۆ،

ئەدەبیات بەو بەشە لە وتار دەگوترێ کە کاری بە ڕیازی و زانست و شتی عیلمییەوە نەبێ.

* بەو حیسابە هەر شتێکی زانستی و ریازی نەبێ، مەسەلەی قسەی کووچە و بازاڕیش دەبێتە ئەدەبیات؟

– نەخێر "ئەدەبیات" لەو بەستێنەدا کە ئێمە باسی دەکەین هەڵگری بار و مانای تایبەتی خۆیەتی، چیرۆک و داستان و شیعر و ئەو شتانەی دڵبزوێن و هەست خرۆشێن.

* لە کوردیدا ئێستا بە ئەدەبیات دەڵێن "وێژە" پێت چۆنە؟

– زۆر باشە، جێگەی خۆی کردووەتەوە، وێژەوانیش لە جیاتیی "ئەدیب" دەکار دەکرێ.

* واژەی "شیعر" ئەویش هەر عەرەبییە مانای چییە و چۆنی تاریف دەکەی؟

– "شیعر" یانی هەست و شعوور، کە دەڵێن شاعیر یانی "خاوەن هەست" هێندێک نووسەر لە جیاتیی شاعیر دەڵێن "هەستیار" کەیفم دەیگرێ، مەلا جەمیل وای دەنووسێ، زۆر کەسی دیکەش، پڕ بە پێستە، شاعیر و هەستیار یەکن، ئەوجار شاعیر یا هەستیار کەسێکە خاوەنی هەستێکی تیژتر بێ و زۆرتر و زووتر لە خەڵکی ئاسایی هەست بە شت بکا، پەخشان نووسێکی باشیش بەلای منەوە هەر شاعیرە، ڕووسەکان بە ماکسیم گۆرگی دەڵێن شاعیر، حەقیانە و ڕاست دەکەن، هەر چەند کەرەسەی شیعری وەک وەزن و قافیەی دەکار نەکردووە بەڵام هەر شاعیرە.

* لە نووسینی کوردیدا لە جیاتی شیعر واژەی وەک هەڵبەست و

هۆنراوه دەکار دەکرێ، کامیانت پێ باشە؟

– هیچ کامیان، هەڵبەست و هۆنراوە هەردووکیان بەرامبەری "نظم" ڕادەوەستن ئەوەی بزانە هەر وەک "ناظم" نابێتە شاعیر "نظم"یش نابێتە شیعر کابرات دیوە لە داوەت و هەڵپەڕکێدا چەند "ناظم"ە و چۆنیان دەهۆنێتەوە، هەرچی دەیڵێ وەزن و قافیەی هەیە و ڕێکوپێک وەک دەڵێ "هاتووم لەلای لاجانێ باریکەی نەشمیلانێ ئەوە هۆنراوەیە، نەزمە، شیعر نییە.

* کەوابوو جەنابت واژەی "شاعیر" ناگۆڕی؟

– بەڵێ، ئەوەش لە بیر نەچێ من جاران بە نەزمم دەگوت، "هۆنە".

* ڕاستە دیتوومە لە جێگایەک لە جێگای "نظم" و نثر" (پەخشان و هۆنە)ت دەکار هێناوە کە تەواو پڕ بە پێستە.

– لە وڵاتی خۆمان بە کابرایەکی زۆر چاکی شیعر گوتبا دەمانگوت "خۆوێژ" "شایەر"یشمان هەیە، هەر "شاعیرە"کەی عەرەبییە گۆڕاوە، بەڵام پێمان عەیبە بە کابرای باسەواد بڵێین شایەر، دەنا شاعیر و شایەر هەر یەکن، دیارە شاعیرێکی کە زۆرتر نازمە دەبێتە "شایەر".

* یانی پێت وایە "شایەر" گۆڕاوی "شاعیرە"؟ من خۆم پێم وا نییە، پێم وایە شایەر لە واژەی "شایی" دروست کراوە و ناوی فاعیلە، یانی هەڵسووڕێنەری شایی وەک ئاشێڕ کە کاری ئاشی بەدەستەوەیە، مەبەستم ئاشەوان نییە.

– ئەمن پێم وایە (شاعیر)ە بووەتە "شایەر" ئەتۆش بە کوردی دەزانی و بە مانای شایی گێڕ، کەیفی خۆتە.

* با دەست لە دۆزینەوەی ریشە و بنەمای واژە هەڵگرین مانای شیعر چییە؟ چۆنی باس دەکەی؟

– هەستێکی ناسک و زەریف یانی شیعر، لە پێشەوە باسی هەست و شعوورمان کرد.

* لەسەر یەک پێت چۆنە بڵێین "شیعر" یانی بەرهەمی بزوێنەری فکر و بیری ئینسانێکی خاوەن هەست؟

– دەگەڵتم، زۆر باشە، ئەوەش دووپات کەینەوە هەڵبەست و هۆنراوە دەبێتە کەلامی "منظوم".

* بچینە سەر مێژووی شیعری کوردی، لە کەنگێوە شیعرمان هەیە؟

– شیعرە ئایینییەکانی ئەهلی حەق و "علی اللهی"یەکان وەک "سەرەنجام" دەگەڕێتەوە هەشت سەت ساڵ لەمەوبەر، ئەوەش بۆیە ماوەتەوە چونکە ئاینە و ئاین خۆشەویستە و دەپارێزرێ هەر وا دێینە پێش و باسی عەلی حەریری و دوایە مەلای جزیری و خانی و.... دێتە گۆڕ.

* لەو تاریخە دوور و درێژەدا شاعیری گەورە و هەڵکەوتەمان زۆرن،؟ کامیان زۆر پەسند دەکەی و بۆچی؟

– بڵێم چی؟ دەزانی چییە. پیاو دەچێتە نێو باغ، باغی پڕ گوڵ و میوە هەر یەک لە ڕەنگێ، هەر یەک لە تامێ، بەبۆنی خۆشی تایبەتی خۆیەوە، پیاو بڵێ کامیان پەسند دەکەم؟ هەموویان پەسند دەکەم هەر یەکەی بە دەلیلێکی تایبەتی. مەولەوی تاوەگۆزی بەو خەیاڵە ناسکەیەوە، نالی بەو قودرەتەوە شیعر بە دەستیەوە نەرمە، بە کەیفی خۆی واژە بە مانای جۆراوجۆر دەکار دێنێ، چۆن ئاسن بە دەست حەزرەتی داودەوە نەرم بوو ئەویش ئاوا بەسەر

شیعردا زاڵە: شتێکی غەریبە زۆری وامان هەن، دیارە هەموو لە ڕادەیەکدا نین، سالیم و عەبدوڵلا بەگی میسباحیش هەن کە زۆرم پێ شاعیر نین.

* زۆربەی ئەدەبیاتی ئێمە لە شیعر پێک هاتووە، بۆچی وایە؟ چۆنی بۆ دەچی؟

– جارێ با ئەوەت پێ بڵێم بەشی زۆری ئەو شیعرانە نەزمن نە شیعر، بەیتەکانیشمان لەبیر نەچێ کە لە ڕێزی شیعردان و بەلای منەوە جوانترین بەشی قەوارەی ئەدەبی کوردین. پەخشانمان زۆر کەمە، ئەوەی هەیە شیعرە، ئاناتۆل فرانس دەڵێ نەتەوەی دواکەتوو شیعری دەوێ، کە پێش کەوت و پلەوپایەی زانست و ئاوەزی ڕۆیشتە سەر، ئەو جار پەخشانی دەوێ.

شیعر بە درێژاییی مێژووی گەلەکەمان هەر بووە و فرچکمان پێ گرتووە و کەس گوێی نەداوەتە پەخشان، نەشمانبووە، بەڵام هەموو گوێ قوڵاغ بوون شیعر ببیسن. شیعر دە دڵدا دەمێنێ، لەبیر ناچێ.

لەمەڕ بەیتەوە با قسان بکەین، لە بیرمان نەچێ. قەدیم ئاغا و پیاوی دەستڕۆیشتوو بەیت بێژ و حەکایەتخوانیان ڕادەگرت، کابرا بە بەیت گوتن بەڕێ دەچوو، کارەکە پایەی ئابووری بوو، جا حەولی دەدا فێر "بێ" و کوڕ و منداڵیشی فێر کا نانی تێدا بوو، بەڵام ئێستا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و شریت و زەبت پەیدا بوون و کابرا "بەیت بێژ" ڕاناگرێ، لێرەدا زەرەرێکی گەورەمان وێ کەوتووە، جا مەگەر بە نووسین تێی هەڵێنینەوە.

* خودا یاربێ دەبێ حەول بدەین هەر ئێستا زۆر کەس لەسەر بەیت کار دەکەن، کۆیان دەکەنەوە و دەیاننووسنەوە.

– زۆر درەنگ وەخۆ کەوتوون، زۆر شت نەماوە کابرایەک لە نۆبار بوو، هیچ بەیتێک نەبوو نەیزانێ دەروێش عەولایەکمان بوو بە تەرەغەدا دەهات و دەچووە زیارەتی شێخ، لە بەیانیرا دەیگوت، تا شەو لێی نەدەبڕا کەس لە

فکری ئەوەدا نەبوو بیاننووسێتەوە، ئەوان مردن و ڕۆیشتن ئێمەش ئەو هەموو شتەمان لەدەس چوو.

* ئێستا کە باسی بەیت دەکەین با ئەوەش ڕوون کەینەوە ئایا بەیت وەک سەبکێکی ئەدەبی بەرهەمی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەلومەرجی تایبەتییە و فەوتان و نەمانی دیسان بەرهەمی ئاڵوگۆڕی شێوەی ژیانی گەلی کوردە؟ دەزانین لە ئەدەبیاتی فارسیشدا سەبکی ئەدەبیی جۆراجۆر هەیە، وەک سەبکی خوراسانی، عێراقی، هیندی و..... ئایا بەیت لە ئەدەبیاتی کوردیدا شتێکی ئاوایە؟ چۆنی بۆ دەچی؟ ئایا ئێستا کەس ناتوانێ بەیت بڵێ؟

– هەر وەک بۆ خۆت دەڵێی ئاڵوگۆڕی هەراو لە هەلومەرجی ژیاندا دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە ئەدەبیاتدا، هەر وەک باسمان کرد ئەورۆ بەیت و باو، نانی پێ پەیدا ناکرێ دەجا دەبێ بمرێ. دەردێکی گەورەی دیکە ئەوەیە ئێمە لە مەدرەسەمان خوێندووە و پێمان وایە نابێ وەک عەوام چاومان لێ بکەن، دەستمان کرد بە شیعری عەرووزی، پێمان وابوو نابێ وەک عەلی بەردەشانی شیعران بڵێین، کەچی قەتیش نایگەینێ لەگەڵ مام هێمن لەسەر ئەوە شەڕمان بوو، لە بەیتمان لادا و خۆمان لەبیرچووەوە ئەفسووس. تۆ چاو لەو بەیتانە کە شتی سەیر و سەمەرەیان تێدایە. دەبینی هەشت، نۆ، دە قافیە بە دوای یەکدا دێن، لە پڕ بەیت بێژ هەڵی بڕیوە بۆ ئەوەی قافیەیەکی دیکە دەکار بێنێ. جاری وایە پازدە، شازدە قافیەی هێناوە. مانیعی چییە، با دوو سێ قافیەش وێک نەچن؟ کەچی بە ناشکوری نەبێ ئەوانە هەموو لە بەرچاوی ئێمە فەوتان و تێداچوون و ئێمەش پێمان وایە دەبێ لاسایی عەرەب و فارس بکەینەوە و شانازی بەو کارەمانەوە بکەین، جا لە لایەک نەگەیشتینە ئەوان و هی خۆشمان لەدەست چوو. نەقڵی قەلەڕەشە و

کۆترەکە ڕووی لێ داین.

* بە تێگڕایی کۆواری "سروە"ت پێ چۆنە؟ بە پەخشان و شیعر و بابەتەکانییەوە چۆنت دێتە بەرچاو؟

– پێم زۆر، زۆر، کۆوارێکی باشە. درێژە بە کارتان بدەن، هەموو بابەتەکان دەخوێنمەوە، هیوام وایە مەحدوود نەبن، ئازادیی قەڵەمتان بێ، مەحدوودییەت لێتان تێک دەدا، کۆنترۆڵ قەیدی نییە، شتی وای تێدا نەبێ زەرەری بۆ پەز بێ.

* ڕێنووسی سروەت پێ چۆنە؟

– من دەگەڵ دوو (و) نیم، شتێکی زیادییە، بڕوانە ئەلف بێتکەی فارسی چەندی کەموکووڕی هەیە؟

خەڵک فێریش دەبێ.

* ڕاستە ئەلف بێتکەی زۆر زمانان کەموکووڕییان زۆرە، ئێمە دەمانەوێ تووشی ئەم گیروگرفتانە نەبین، ئەگەر لەگەڵ دوو (و) نی ئەدی لە نووسیندا «کوڕ» و «کووڕ» چۆن لێک دەکەیەوە؟

– خوێنەر بەجێگە لە مانای واژە دەگا، دەزانێ ئەم واژە لەم ڕستەدا مانای چییە. شت لە خۆتان زیاد مەکەن، خەڵک عادەت دەکا، بۆ خۆیان فێر دەبن.

* زمانی سروەت پێ چۆنە، ئێمە بە کوردیی ناوەڕاست دەنووسین تاکوتەرا پەیدا دەبن، کە بۆ بە کوردیی شیمال و جنووبیش نانووسن، وەک مامۆستایەکی نێوبەدەرەوەی شارەزا لەو بارەوە چ دەفەرمووی؟

– ئەمن لە شەرەفنامەدا کارێکم کردووە، نازانم چاکە یا خراپ کوردیم تێکەڵ کردووە، لەهجەکانم لێک نێزیک کردووەتەوە، ئەوەی لە سروەدا دەیبینم زۆرم پێ جوانە، هەر بەو لەهجەیە بنووسن و مەیگۆڕن، بەڵام لە واژە و تەرکیباتی لەهجەکانی دیکە کەڵک وەرگرن، ئێمە لەبەرامبەر "دەریا"دا دەڵێین "وشکانی" بەڵام کرمانج (بادینی) دەڵێن "بەژ" ماڵم قەبرە "بەژ" لە "وشکانی" جوانترە، دوێنێ لە شنۆ بووم، باسی (مووسڵی) کرا ئەوان پێی دەڵێن "زیسک"، دەجا وەڵڵاهی "زیسک" لە "مووسڵی" جوانترە.

* ڕەنگە تامیشی خۆشتر بێ قوربان ئێمە بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتوو ئەو کارە دەکەین و تا ئێستاش ڕانەوەستاوین. مەسەلە شێوەی دارشتی ڕستەیە، مەبەستم ساختومان و ڕێزمانی ڕستەیە، کرمانجەکان دەڵێن دەبێ لەو بارەشەوە زمانی سروە بگۆڕێ جەنابت بەو کارە ڕازی؟

– نا ئەوە نابێ دەبێ وردە وردە لە هەموو لەهجەکانی دیکە واژەی جوان و تەرز و لەبار بێتە نێو ئەو زبانە کە سروەی پێ دەنووسن، ئەڵبەتە نەچن هەر واژەیەکی تووشی بوون دەکاری بێنن، تەنیا بەو دەلیلە کە بادینییە. ئەوەش مەکەن دەبێ جوانترین لۆغەت هەڵبژێرن، لەبیرتان نەچێ تا خەڵک ڕادێن بۆ نووسراوەکانتان فەرهەنگۆک بنووسن.

* یانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی پێداویست نییە و تەنیا ڕێنوێنیتان ئەوەیە لەباری واژەوە لە زاراوەکانی دیکە کەڵک وەرگرین؟

– بەڵێ، هیچی دی.

* بۆ شیعری نوێ دەڵێی چی، دەگەڵی چۆنی؟

– پێوەر (معیار) مەعنایە، شیعری تازەی جوانمان هەیە و هی ناحەزیش زۆر، لە پێشدا ئاورێک لە شیعری کلاسیک دەدەینەوە، هەزاران شاعیرمان بووە. زەمانی نالی ڕەنگە دە هەزار شاعیرمان بووبێ، هەر لە شاری سولەیمانی زیاتر لە ٥٠٠ شاعیرمان بوو، چۆن بوو هەموو وەک بڵقی سەر ئاو تێدا چوون و هەر یەک مایەوە؟ لەبەر ئەوە کە زۆربەیان شیعری بێ ناوەڕۆکیان دەگوت، شتی بێ مانا تێدا دەچێ و نامێنێ، شیعری نوێش ئەگەر لە مانا پڕ و تەژی نەبێ هەر ئەوەیە تێدا دەچێ، باوەڕم پێ بکە شیعرەکانی نیمایووشیج بابی شیعری نوێ هیچی بەکار نایە، با کافربم. ئەوڕۆ باسی عەبدوڵڵا پەشێویان دەکرد شیعرەکانی ئازادن، بەڵام پڕن لە مانا و نێوەڕۆکی جوان، شاعیرە و شاعیری چاکە.

* پێت وا نییە شیعری نوێ سەرەنجام جێگە بەشیعری کۆن چۆڵ دەکا؟ من پێم وایە شیعری کۆن بەرەو نەمانە، داهاتووی نییە؟

– منیش پێم وایە خەڵک بەو بارەدا بایان داوەتەوە، ئاخر دەزانی چییە شیعری نوێ کەم تەکلیفتریشە، شاعیرە کۆنەکان لەنێو خۆماندا بێ ریشیان لە داوی رەدیف و قافیەدا گیر بوو، رەدیف ساز نەدەبوو، کەلیمە بۆ قافیە دەست نەدەکەوت و هەزار کەموکووڕیی دیکەش، ئێستا ئەو قەیدوبەندە نەماوە ئێستا گرینگ ئەوەیە شاعیر مانای بەرز وەدەست خا. دیارە "وەزن" دەبێ لە بەرچاو بگیرێ.

* ئێستا کە پێت وایە شیعری نوێ تەنیا رێبازی شیعرە و لە داهاتوودا تاقانەیە، ئەندەرز و ڕێنوێنیت بۆ لاوان چیە؟

– لە پێش هەموو شتێکدا بابەتی جوان لە مێشکدا پەروەردە بکەن، پاشان بە واژە و قاڵبی جوان بیڕازێننەوە، قەدیمییەکانیش هەروا بوون،

شیعری جوان ئەوە بوو کە مانا و قاڵب و فۆرمی لەسەر یەک پێکەوە جوان بن، شاعیری وا هەبوون لەخۆوە دەستیان پێ دەکرد، مەگەس، عەسەس، قەفەس، شتی وایان دەکردە قافیە و لە نیوەیدا دەوەستان و دەمانەوە. لەسەر یەک دەفەرمووی شیعری نوێ پێداویستی بە فکر و نێوەڕۆکی بەرز و قاڵبی جوان هەیە؟

– بەڵێ ڕاستە، ئێستا لەنێو عەرەبان لە سووریا نەزار قەبانی هەیە، بەڕاستی بە خوێندنەوەی شیعرەکانی موومم لێ دەبێتە نەشتەر. عەبدوڵڵا پەشێویش سەیرم کار لێ دەکا.

* ئەو شیعرە نوێیانەی لە سروەدان هەست و بیر دەبزێون یان...؟

– چەند شاعیرێکتان هەن عەلی نانەوازادە لە کەرەج دوو شیعری دامێ زۆرم پێ باش بوون، عەلی حەسەنیانیش لە سروەدا شیعرێکی باشی بوو، دووپاتی دەکەمەوە ئەوەی گرینگ بێ مەعنا و نێوەڕۆکە.

* با هێندێکیش باسی خۆت بکەین. ئەو ڕۆژانە خەریکی چی؟ چ دەنووسی؟ چت بەدەستەوەیە.؟

– هیچ، خەریکی چەرمەسەریی ڕۆژگارم، کوا وەختی خەریکبوون.

* فەرهەنگەکەت بە کوێ گەیاندووە؟.

– تا پیتی "ت" گەیشتوون.

* زۆر چاوەڕوانی ئەو فەرهەنگەین، من خۆم دیتوومە و دەزانم ئەگەر دەرچێ، بۆ گەیشتن بە زمانی یەکگرتوو زۆرمان یارمەتی دەدا.

– با بزانین چۆن دەبێ.

* بەڵام کتێبی قانوونی حەکیم ئەبو عەلی سینا دەمەوێ بزانم بێجگە لەو تەرجومە جوان و ڕێکوپێکەی خۆت کردووتە، کەسی دیکە وەری گێڕاوەتەوە یا نەخێر؟

– کتێبێک هەیە بەناوی "قانوونچە" کە تەرجومەی قانوون نییە، دەبێ بڵێم نەخێر تەرجومە نەکراوە.

* هۆی چییە کتێبی وا گرینگ تا ئێستێ تەرجومە نەکراوە، و ئەگەر هەژاری موکریانی نەبا فەرهەنگی فارسی لەو گەنجە بێ وێنەیە بێ بەش دەبوو؟

– چیت جواب دەمەوە، ڕاستت دەوێ کەس نەیوێراوە خۆ لە قەرەی بدا.

ناحەقیان نییە، وەک عەرەبی ناچێ، ناڵێم لە ئێراندا کەس عەرەبی نازانێ، بەڵام ئەوە عەرەبییەکی ئاسایی نییە. زمانێکی تایبەتە. شتێکی سەیرە، سەبیلەی شەیتانە، قەدیم منداڵ ئەگەر شتێکیان بدیباوە و نەیانزانیبا چییە، دەیانگوت ئەوە سەبیلەی شەیتانە.

* چۆن بوو ئەو سەبیلەی شەیتانە کەوتە دەست تۆ و چۆنت زانی چییە؟

–تازە هاتبوومەوە ئێران، بەدوای کاردا دەگەڕام، لە تەقازانامەکەمدا نووسیبووم، عەرەبیش دەزانم ڕۆژێک کتێبی قانوونیان پێ دام، تا ئەو کاتە هەر ناویشیم نەبیستبوو، پێم وابوو باسی قانوون و حقووق دەکا. بردمەوە ماڵ دیتم هیچی تێ ناگەم، بردمەوە ئیدارە و گوتم کاکە من لەوە حاڵی نابم، من بە ئەدەبیاتی عەرەب شارەزام، دیوانی موتەنەبی و ئەبوو نەواس و شاعیران و نووسەرانی کۆن و تازەی عەرەب دەزانم. دوکتۆر فەرەهوەشی گوتی رازیم مانگێ لاپەڕەیەکمان بۆ تەرجومە کەی، ناچار دەگەڵی خەریک

بووم، ورده ورده زبانەکەم کەشف کرد، کەوتمە سەربار، ئێستاش پێم وانییە کەس بتوانێ سەری لێ دەرکا، جا با قسەی خۆش ون نەبێ، ڕۆژێک مامۆستا ڕۆژبەیانی هاتە ماڵی ئێمە، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی سەت جار لە من عەرەبیی چاتر دەزانێ، زۆر شارەزایە مودەڕیسە و ئیجازەی مەلایەتی دەدا، گاڵتە نییە. عەرزم کرد مامۆستا هەر وا بزانە فەقێیەکی شارەزوویم و لە خزمەتت دەرس دەخوێنم، دەکرێ برێکم یارمەتی بدەی؟ گوتی: باشە، چییە؟ دوو دێرم لە قانوون دا خزمەتی و گوتم، بۆم مانا کەوە. خوێندییەوە و مانای کردەوە. گوتم: باشە ئەو "زەمیرە" (ضمیر) دەگەڕێتەوە پاڵ کێ؟

سەر و بنی لاپەڕەکەی خوێندەوە بۆی نەچووەوە، سەر یەک، کتێبی توور هەڵدا و گوتی: ئەوە عەجەمە و گەرەکی بووە لاسای عەرەب بکاتەوە و سەری لە خۆی و خوێنەر شێواندووە. لای بە ئەوە کاری کەس نییە.

شەو دیسان پێیدا چوومەوە، وەک موعەممایەک حەلم کرد و سبەی چوومەوە لای مەلا جەمیل و بۆم خوێندەوە، واقی وڕما.

گوتی: ئەتۆ بە فەقێیەتی ڕەنگە موعەمما و لوغەزەت زۆر حەل کردبێ، ئەوەش شتێکە ئاوا.

* مامۆستا بێ تەعاروف دەڵێم وەرگێڕانەوەی قانوون بە فارسی لەو ئێرانە پان و بەریندا لەنێو ئەو هەموو عەرەبیزان و مامۆستای زانستگا و ئەدیب و نووسەرانەدا کارێکی لە ڕادەبەدەر گرینگە و هێشتا خەڵک سەرنجیان بۆ ئەم کارە گەورەیە ڕانەکشاوە، بۆ ئێمە جێگەی شانازییە.

با بێینە سەر خودی کتێبی قانوون، ئێستا کە تەلیسمی وەرگێڕانەکەی بە زانست و هیممەت و تێکۆشانی جەنابت شکاوە، خۆی چۆن کتێبێکە، من برێکم خوێندووەتەوە، پێم وایە شتێکی سەیرە و سەرم لە زانستی بووعەلی

لەو زەمانیدا کە تێیدا ژیاوە سوڕماوە. ئەوەش دەزانم کە تا سەت ساڵ لەمەوپێش هەر ئەو کتێبە لە زانستگاکانی ئەوروپا بەدەرس دەگوتراوە، بیر و ڕای خۆت سەبارەت بە نێوەڕۆکی قانوون چییە؟

– ئەو زانایانەی لەسەر قانوون کاریان کردووە و لێیان کۆڵیوەتەوە پێیان وایە دایرەتولمەعاریفێکی گەورەی پزیشکییە، من لەسەر بەسەرهاتی ئەو کتێبە زۆرم شت کۆ کردووەتەوە. پاش پەیدابوونی چاپ لە سەت ساڵی ئەوەڵدا پازدە جار بەلاتینی و چەند زبانی دیکە چاپ کراوە، لە سەت ساڵی دواییدا بیست و پێنج جار و لە چەندین هەزار ژمارەدا هەر وەک خۆت گوتت تا سەد ساڵ لەمەوپێش وەک گەورەترین سەرچاوەی زانستی پزیشکی لە ئەوروپا بە دەرس دەگوتراوە. سەرت نەیەشێنم بنەڕەتی زانستی پزیشکییە.

* فەرمووت نایەڵن تەواوی کەم، ئایا بەشێک ماوە وەرت نەگێڕابێتەوە، یان تەواو بووە و چاپ نەکراوە؟

– کتێبی پێنجەمی ماوە، بۆ من ئاسانە تازە زمانەکەی فێر بووم، وەک کوردی وایە بۆ من، ڕاستی ئەوەیە ئەگەر کورد نەبوومایە نەمدەتوانی وەری گێڕم، پڕە لە تەعبیری کوردی، پڕە لەشتی وا نە فارسییە و نە عەرەبی.

* لەو تەعبیراتە کوردییانە، دەکرێ نموونەمان بدەیەی؟

– هەر چەند شەو لەمەوبەر تووشی عیبارەتی "قیام الکبد" بووم، دەبێ مەنزووری چ بێ؟ "قیام" یانی هەستان تەواوی قامووسی عەرەبی چاو لێ کە غەیری ئەو مانایەی نییە، پێم وابوو هەڵەیە، چاوم لە چەند نوسخەی دیکەی قانوون کرد لە هەمووواندا هەر ئەوە بوو، وازم لێ هێنا و گوتم نایزانم، شەوی دوایی هەر دە زەینمدا بوو لە پڕ دیتمەوە، تەعبیرەکەی کوردانەیە، لە ژنانت بیستووە دەڵێ بەردێکیان بەسەری کوڕەکەم داداوە و ئەوەندە هەستاوە یانی ماسیوە، ئەستوور بووە، بەڵێ "قیام الکبد" یانی

ئەستووربوونی کەبەد، وەرەمی کەبەد، کە بەزبانی عەرەبی دەڵێن "تضخم الکبد" نموونەی دیکە، عەرەب دەڵێ "ایضا" یا "اکرر" ئەو دەڵێ "یُشبه" یانی "وێ دەچێ" کە کورد دەکاری دێنێ، لە زۆر جێگە لەجیاتی "دووبارە" عیبارەتی "علی الراس" دەکار دێنێ یانی "لەسەررا" لە جێگەیەکی دیکە واژەی "ماست" دەکار دێنێ لە کاتێکدا ئەوەی من بیزانم عەرەب پێنج لوغەتی بۆ "ماست" هەیە.

* مەمنوونم مامۆستا، ئەوجار با هێندێکیش باسی شیعرەکانت بکەین، خەیامەکەت شاکارێکی بێ وێنەیە، تەرجومەی مەم و زین لەو بەرزترە، بەرەو موکریان قیامەتە.

– لە شیعرەکانم گەڕێ، هیچیان باش نین، هەموویان خراپن، خوێنەر دەبێ بڵێ کامیان باشە و کامیان خراپە.

* قوربان زۆرم ماندوو کردی پرسیارم نەماوە، هەر وەک دەزانی ئێمە لە کوردستانی ئێران تازە دەستمان داوەتە نووسینی کوردی، وەک مامۆستا هەژاری بە ئەزموون و مامۆستای ژیان و ئەدەبی کورد، چ ڕێنوێنییەکت بۆ لاوان هەیە، چۆن بنووسن؟ چ بکەن؟

– پێم وایە زۆر چاک دەنووسن، چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە وتووێژێکی رادیۆییدا هەر ئەو پرسیارەم لێ کرا، لەوێ گوتم کاکە ئەوە تیغی دوو دەمە، جارێ بزانین دەوڵەت لەگەڵ نووسەران چ دەکا، دەوڵەت دەبێ تەشویقیان کا بۆ بووژاندنەوەی ژیان و فەرهەنگی کوردی تێ کۆشن، من حەز دەکەم لاوان تێ کۆشن هەوڵ بدەن، فێر بن و بنووسن. تا نووسین گەشە بکا دەبێ لە سرووەدا مەتڵەبی چاک بنووسرێ مەبەست هەر پڕکردنەوەی لاپەڕەکان نەبێ، ئەو کارە قازانجی نییە.

* زۆر سـپـاس پێم وایە لە باسی ژیانت گـەڕێم باشـتـرە لە پێشەکیی کتێبەکانتدا هەیە.

- بەڵێ باسی نەکەین باشترە بەڵام با نەقڵێکت بۆ بگێڕمەوە.

کابرایەکی عەرەب بە ناوی جەبر ڕێگەی کەوتە شارێک ڕۆیشتە قەبرستان دیتی لەسەر بەردی قەبرەکان ماوەی تەمەنی مردووەکان نووسراوە، بەڵام هیچی درێژی تەمەنیان ناگاتە دوو ساڵ. نووسراوە سێ مانگ، شەش مانگ، ساڵێک و شتی وا. پێی سەیر بوو قەبری تەواو درێژ، دیارە پیاوی تەواو گەورەی تێدا نێژراوە، ئەدی چۆن تەمەنیان وا کەم نووسراوە. گەڕاوە شار و لە پیاوێکی وێچووی پرسی ئەوە بۆ وایە؟ کابرا گوتی: لە شاری ئێمە هەر کەس دێتە سەرەمەرگ لێی دەپرسن چەندت بەخۆشی ڕابواردووە ئەویش دەڵێ دوو مانگ، شەش مانگ، ئێمەش هەر ئەوەی بۆ بە تەمەن حیساب دەکەین ئەوی دیکە بۆ عومرە. عومر ئەوەندەیە کە بە خۆشی ڕادەبرێ.

"جەبر" فکری کردەوە و گوتی:

دە تۆخودا ئەگەر من مردم لەسەر کێلی قەبرەکەم بنووسن ئەوە قەبری جەبری کوڕی عەبدوڵلایە، کە لە زگی دایکییەوە کەوتووەتە نێو قەبرەوە، ئاخر لە ژیانمدا قەت دەقیقەیەکی خۆشم نەدیوە."

ژیانی منیش هەر وەک جەبر بووە.

* قوربان زۆر مەمنوون، ئەوشۆ زۆر ماندوو بووی و زۆر پرسیارم ماون هەڵیان دەگرم بۆ هەلێکی دیکە.

- با بزانین.

کۆواری سروە، ژمارە ١٨، ١٩

## شینگێڕی

کاک هێمن برای شیرینم
چاوان دەگێڕم ناتبینم

زل کوێران دەڵێن مردووە
کۆچی یەکجاری کردووە

دڵەی پڕ کوڵی هەژارم
گیانی بێ ئۆقرە و قەرارم

بە مەرگی تۆ باوەڕ ناکا
چۆن بێ منی لە توێی خاکا؟

تۆیەک هۆگری منداڵیم
هاوشکڵی و هاو کرچ کاڵیم

هەمدەمی دەمانی لاویم
تەواوکاری ناتەواویم

هاوهەنگاو لە ڕێی خەباتا
هاوبەش لە هات و نەهاتا

هەواڵ دڵداری کوردستان
هاوپێشمەرگەی زێدپەرستان

هاوسروود خوێن، بۆ ئازادی[1]
بۆ رزگاربوون لە بێدادی

هاوسەنگەر دژی داگیرکەر
نامۆی خوێنمژی سەرەخەر

هاوقەتار لە دەربەدەری
بە هەژاری و خاکەسەری

هاوقەڵەم، هاوبیر و هاوهەست
هاوزمان، هاودڵ و هاودەست

هەر یەکێک بوو "هەژار هێمن"
منیش هەر تۆ بووم، تۆش هەر من

رووحێک بووین دابەش لە دوو لەش
دوو لەشی ماندووی بەخت ڕەش

پەیمان بوو بەجێم نەهێڵی
وێڵم نەکەی لە شوێن خێڵی

باری خەم و ێکڕا هەڵبگرین
دوا جاریش پێکەوە بمرین

تۆی کوردی وا خاوەن بەڵێن
چی تۆی کردە پەیمان شکێن

گەوی بەین و بەقات هەڵبوارد
خۆت بە ئاسوودەیی ئەسپارد

لاباری خــــــەم خــــواریت لادا
ئــەویــشــت بــە مــل مــن دا دا

جــاڕزبـووی لە دونیــای بـێ فــەڕ
دونـیـــای پڕ لـە دەزبـڕی و گـــەڕ

دونیــای وڕ و گــێــژ و کــاســان
گـــەوهـەر و ئـەمـــەگ نـەناســان

دونـیـــــای بـازاڕی نـامـــــەردان
دونـیـــای خــەم و کـــوڵ و دەردان

خــــەلـەسی لـە دەم هـار و مـــار
تـەکـــیـــەوە لەو ژینی گـــەمـــار

ژیـانـی پـڕ ژانـی بـێ دەرمـــــان
گـــەیشــتــیــە هـەواری هـەرمــان

بـۆ ئەو کـــۆچـەی بـێ  من کـــردت
ئەو بـەشــە خــۆشــیـــەی تـۆ بردت

زامـی گـــیـــان و دڵ بـە ســـۆیـە
شین بـۆ خـــۆمــــە نـەک بـۆ تـۆیـە

خـــۆزگـــە بـەر لـە تـۆ دەمـــردم
تـۆ شـــیـــــوەنت بـۆ دەکـــردم

دوور لـە تـۆ دڵ گـــۆمـی  خـــوێنم
بـــەگـــــــــازنـدەوە  دەتـدوێـنـم

منیش وەک تۆ قـــەڵسم لە ژیان

"بۆچت جێ هێشتم هێمن گیان[2]

........................................................................

١. لێرەدا مامۆستا هەژار ئیشارە بە خەباتی دووقۆڵیی خۆی و هێمن دەکا لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی.

٢. ئەم دێڕەی دوایی بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ساڵی وەفاتی مامۆستا هێمن: (١٣٦٥)

## یادی مامۆستا سەجادی

دۆستێکی زۆر خۆشەویستم ڕووی لێ ناوم، چونکە چەند ساڵ لە بەغدایە دەگەڵ "عەلائەدین" ژیاوم، زۆر لە نێزیکەوە دیومە و بە هەموو باران ناسیومە، بە یادی کۆچی یەکجاری کە ئەم بەینانە ڕووی داوە کورتە وتارێک بنووسم.

من گەرەکمە نووسینەکەم تایبەتی بە تاکێک نەبێ، دەگەڵ ڕێز لە نووسەر گرتن سەرکۆنەی ئەوانەش بکەم کە بە دوو ڕیان دەپێون و هەر تاوێ جۆرێ داخێون.

جارێک لە کۆواری "هەولێر" کە لە هەولێرێ دەردەچوو. خەبەرۆکێکم نووسیبوو کەچی لەبەر بەختی کەچم دەچاپداندا تێک درابوو سەر و قوونی لێک درابوو، کەس تام و چێژەی لێ نەکرد، کورتە باسەکەش ئەمە بوو:

"ڕۆژێک سەیری دووکانێکی بەغدام دەکرد، چەقەڵێکی مۆمیایی کراوی لێ داندرابوو، لە ژێر قاچیەوە نووسرابوو (بیست و پێنج دیناری تەواو). من سەری زمانی خۆم گەست، هات بە دڵما، هەیاران، ئەم مام چەقەڵە موحتەرەمە ئاخۆ دەبێ بە زیندیی سەر شاعیر، نووسەر، هونەرمەندێکی کورد بووبێ. لە ژیانیدا لە برسان و لە ترسان ئۆقرەی نەبووبێ و ئێستاکێ لاشەی مردگی بەم دەرد و مەخسەرە چووبێ؟ کێ ئەزانێ؟ هەزار دانە بە زیندوویی فلسێ ناژین کەچی یەکێک بە مردوویی بایی بیست و پێنج دینارە. بەخوای سەیرە، لە درێژایی مێژووی پڕ نەگبەتی کورددا، هەر

شـاعـیـر، هـەر هونەرمـەندێک لەناو کـورددا هەڵکەوتبێ و هـونەرەکـەی بە زمانەکەی خۆی رانابێ و شیعری بە کوردی دانابێ، هیچ کەس ئاوڕی وێ نەداوە، بە سـووک تەمـاشـای کراوە، بوویتـە مـەسـەل "هـەر کـەس پینەی پێوە دیار بێ، جلکی شڕ و بە تیتۆڵ بێ، کەوشی چەک و بە بزمار و لار و خوار بێ، دەڵێن لاچۆ تەرحت هەر لە شـاعـیـر دەکـا. کـەس تـەنانەت تووشـی بە کڵاوی ناپێوێ، کەس پێی ناڵێ کەرت بە چەند".

هەر بۆیـەشـە بەشـێکی زۆر لە نووسـەرانی بەچکە کـورد، لەبـەر ناچاری و هەژاری وە زوان نامـۆیان نووسـاوە و خۆیان و منـاڵ و کـاڵیـان لە مـەرگی بێ کـولێرەیی لـە پەنایەک حـەشـار داوە. نامـەوێ مـەلای جـزیری، خـانی، نالی، حاجی مـەولەوی و زۆری تر لەو کەسانەی ئێستا مایەی شانازی کوردەکانی کوردسـتـان و کوردنـاسـانن، بۆ نموونە بهێنمـەوە، لازم ناکا مێژووی کۆنتـان بۆ بخـوێنمـەوە، دەمەوێ هـەر بە سـەرچڵی و مـەویژ نموونەی کـەویژێک ئەوانە وەبیر بێنمەوە کە هاوچاخی خۆمان بوون و دەماننـاسـین:

مـەلا مـارفی کـۆکـەیی ئەگەر بێـژم لە برسـا مـرد ڕەنگە بـاوەڕم پێ نەکەن، چونکە ئەودەم نانی وشک زۆر هەرزان بوو. مەلا ئەمـجەد ئەو هونەرمەندە بێ وێنەی کـە نازناوی شـیـعری (کاک) بوو، ئاغـای لێ ببـووە رمـووزن و لە چەند جێ، دێ بەدەریـان کـرد. قـانیـع تا مـرد نان و دۆی خـۆی ڕۆژێک لە پـەنایەک نەدیت. حاجی تەوفیقی پیرەمێرد کە حاڵی ماڵیشی خۆش بوو، هـەر چونکە کـمـونیـست نـەبوو، کەس ڕۆژنامـەکەی نەدەکڕی، دەیانگوت دەسـتندەخـۆری ئینگلیسانە.

فـایەق بێ کـەس کـە چریکەی گـوێـی دوژمنانی کـەڕ دەکرد، دوو لێـفـەی لە مـاڵدا نەبوو کـە خـۆی و منداڵەکـانی پێ داپۆشێ بە قـەرزداریی جوولـەکەی ئارەق بە قەرزدەر مرد.

گۆران ئەو ئەسـتـێرە گـەشـەی ئاسـمـانی ئەدەبیـاتـی کـورد، بۆ دابینبـوونی

بژیوی، دەگاتە یافای فەلەستین وتاربێژی ڕادیۆی "شەرقی ئەدنا" بێ.

جگەرخوون پەنجا ساڵ پتر بۆ شیعر و چیرۆکی کوردی چەوسایەوە، لەجیاتی نان خوێنی جگەری خۆی دەخوارد، چەندە لە کوردستان ژیا و من دەمناسی گەسک لێدەری کۆلانان لەو تێرتر بوون، کەس ئیرەییی پێ نەدەبرد، ئەوانە لە ژیان ئاوا بوون، لە پاش مردنیان چاوا بوون؟ ئەگەر تاک و تەرایەکیان وەک مەلا مارف و قانیع و مەلا ئەمجەد و چەند هەناسەساردی دیکەش، تەرم نێژان لە گۆڕستان بە چەند خودا عافووی بکا گوتن بڵاوەیان لێ کردن و چوون هەر چوون و ناویان دەگەڵ لاشەیان ون بوون، لەو شار و شوێنەوارانەی لەو پارەدارانەی زۆر بوو، کە خۆیان بە کوردپەروەر و ڕۆشنبیری دۆستی نووسەران دەزانی، لە پاش ساڵێ سلاماڵێ وەخۆ کەوتن، بۆ یادی فایەق بێ کەس و پیرەمێردی گردی یارە و مەرگی گۆران میوانی و نان و خوان درا، ڕووپەڕ بە جارێ وەرگەڕا، چۆن دەبێ لە بیرمان بچن؟ ئەشێ ناشتنی لاشەیان ئەم هەموو کردە باشەیان، لە لایەن ئێمەی ڕۆشنبیر، کە لە کوردی پەرستیدا ئاوی شەوێ شلوێ ناکەین وەبیر حەشاماتی مەردم بخرێتەوە، دەتگوت مەولوودنامە دەکەن، بەر دەرک و بان و بێلایی ئاورشێن کەن، بەڕان ڕاخەن، سەنیر و پاڵەپشت داخەن، شتی بۆنخۆش بسووتێنن، چرا و مۆمان داگیرسێنن، دنیا بکەنە چراخان، چەند کەس هەر گوڵاو بپژێنن، کابانی دەستاوخۆش بانگ کەن، قۆڵی بە بازن هەڵماڵن، تەشک و داوێنی لێ هەڵکەن، پڵاوملاوی زۆر چێ کەن با چەور بێ، کشمیش و خورماشی تێ کەن، خۆرشت و ترشک زۆر خۆش بێ، با هەموو چڵەیەک بۆش بێ، وێڕای هاوسای کۆک و پۆشتە و دەر و جیران، لەو ڕووتانەش بگێڕنەوە کە دەم دە شیعران وەردەدەن و زۆر تامەزرۆن. با بەخێری گیانی مردووەکە تێر بخۆن، هەموو ڕۆژێ هەڵناکەوێ کفتەی مفتە وا بەلاش و بە لێشاو بێ. سا ئەوانیش لەسەریانە بە وتاری بایەخدار و بە شیعری تەڕ و ئاوداریان کۆڕەکە بڕازێننەوە.

له پاش مڕبوون له خواردن و له پاش پڕ بوون له شەکراوان و مەکراوان، هەردەم یەکێ لەسەر بەرزەک قوت دەبێتەوە و بەوپەڕی گفت و لفتی خۆش دەس پێ دەکا:

"خوشک و برایانی بەڕێز تکا دەکەم هەستنە سەر پێ، دەقیقەیەک قرِ و قپ، فەزای بێ دەنگە، ڕەنگە هەر لەم دەقیقەدا گیانی نازداری کۆچکردوو له بەهەشتەوە بفڕێتە سەر ئەم کۆڕە و ببیسێ چۆنی باس دەکەین. دایکم دەیگوت پلکە بەسێ له خاتوو ئامانی مامانی دەگێڕاوە کە ئەم زاتە موبارەکە هەر ئەو ساتەی سەری له هێلکە جووڵاوە، سەهەندە و بلیمەتێک بوو هەموومان واقمان وڕمابوو، مەمک مژینی مەوزوون بوو، گریانەکەی له ڕەوتی شیعری ئازاد بوو، بیلامانێ، بیلاتەزبی، با پەرژینەکە بە گوڵ بێ ئاویژێنی بە قافیە و مافیە دەردەچوو، له بێشکەدا بە گڕوگاڵی منداڵی بەیتی وای دەهۆندەوە نوون له چاوی ئێمەدا بێ لەودا نەبوو، ئەی هەزار ڕەحمەت له گۆڕی ئەلفاتیحا".

یەکێکی تر قەسیدێکی دوور و درێژی داناوە مردوو دەلاوێنێتەوە، شیعر و وتار وەکو قەتاری وشتران بە زنجیرە دێن و دەچن، لەسەر یەک کەڵەکە دەبن، های لەو کوڕەی چالاکانە فریاکەوێ و ئەو یادنامەیە چاپ بکا، له سایەی مەرگی خوابەخشیو ئەوەندە پووڵ پەیدا دەکا کە مردووەکە خەونیشی پێوە نەدەدیت.

وەک بۆیان گێڕاومەتەوە کە تەرمی پاکی جگەرخوون له سوێدەوە هاتۆتەوە بۆ گۆڕستانی قامیشلی" لەلایەن کوردەکانەوە پێشوازییەکی وای لێ کراوە کە کەمتر وێنەی دیتراوە، بە سەتان بگرە هەزاران ترومبیلی هەواداران لەو دەشتەدا وەکو مەڕی حاجی تاغی سەریان دەپاشڵی یەک ناوە، سەد هەزاران له ناشتنیدا بەشدار بوون، ئەی خودا خێریان بنووسێ.

خوشک و برا کوردەکانی هاوزەمانی هاوزمانم، دەزانم ئێوەش دەزانن ئەم

قسانە ئەفسانە نین سەربەخۆ هەڵم بەستبێ، ئێوەش ئەوانەتان دیوە و بە دڵتاندا تێ پەڕیوە، بەڵام وەک دەخۆتان ڕانەدیوە دەربیبڕن، وەرن هەر لە خۆتان پرسن توخوا مەلا ئەوە ئاردە؟

بە بڕوای من ئەو خۆ لە زیندوو بواردنە و بۆ مردنی خەم خواردنە، ئاکارێکی نزم و نانەجیبانەیە، ئێمەی کورد خاکەسەر و بێ سەر و بەر، ژێرچەپۆکەی داگیرکەران، لە ناو خۆدا و لە هەندەران، خێرەومەندێک دەس ناکەوێ دانی خێرمان پێدا بێنێ، دڕوویەک لە لەشمان دەربێنێ، هەزار و ئەوەندە ساڵە لەو چاڵەدا قەتیس ماوین و بێ ناوین، نەیارانمان ویستوویانە زمانە زگماکەکەمان لێ بەربەست کەن، لە سایەی بێ زمانییەوە بە یەکجاری مافی ڕەوای نەتەوەییمان پێ پەست کەن، ئەگەر من و تۆش نەزانین، ئاغاکانمان باش دەزانن هەر زمانە قەباڵەی بوونی گەلانە، هەر گەلێ زوانی نەمێنێ قەت نایکرێ سەر هەڵێنێ و خۆ بنوێنێ و مافی ڕەوای خوداداوی وەدەست بێنێ.

هەر گەلێک یان هەر منداڵێک لە گەلێکدا زمانی تایبەتی بە خۆیان فێر نەبووە یان لە بیر براوەتەوە، لەناو بۆتەی ئەو بیانییەی زمانەکەیان فێر بووە تواوەتەوە.

لەو قەرارەی ئەمان لەو هەموو ماوانە بە لەز و هەڵەداوانە ویستوویانە زمان و فەرهەنگەکەمان بنەبڕ کەن و کورد سڕ کەن و گیان و دڵی لە فەرهەنگی خۆیان پڕ کەن. ئێمەش لۆژ لۆژ وەک دەگوێی گادا خەوتبین و لەو بیرە دەرنەکەوتبین کە ئەوان ڕۆیان هێشتووینێ، نەشمانزانیوە چ باسە، چۆنە تا ئێستا هەر ماوین و یەکجارەکی نەفەوتاوین؟ کورد گوتەنی تەگبیر و تەغدیر لێک جودان هەموو شت بەدەستی خودان، خوا ویستوویە ئامیانی ژیانمان بمێنێ، چەند کەسی وا بخوڵقێنێ، زۆر گوێ نەدەنە نان و ئاو، بێ بەرگ و پێڵاو ڕابوێرن لە گۆشت و پڵاو واز بێرن، دڵدان بە کیژی دنیایی،

ئەوینی پاکی خودایی، خۆشەویستی زێد و خزمان هانیان بدا هەستی ناو دڵ و هەناوان بە زوانەکەی دای و باوان بدرکێنن ڕووپەڕانی پێ بڕەنگێنن، ڕەنگە لەبەر خۆ گوتبێتیان: خۆمانە بێ و دۆمانە بێ، نەک بە زوانی بێگانە بێ.

جزیری و خانی سەر پلی کوردی نووسینیان خۆش کرد و بەرەو دوای یەک بوێژانمان داویانەتە سەر ئەو ڕچەی ئەو دوانە بۆیان شکاندووین و ئەوانە تێیان گەیاندووین بە کوردی نووسین ڕەوایە، ئەگەر چەند دەور و زەمانێک کورد هەر بڕێتی لە بەیت و هۆنەی کۆنە بوو، دیسان شوکرانە بژێرین کە لە سایەی ئەوانەوە زۆربەی وشەی زمانمان پارێزرا و لە بارەی مەبەستەکانی جۆراوجۆری ئەدەب و ئەدەبیاتەوە زۆر هەژارتر لە خەڵکی تر نەماینەوە، خۆ دیاریشە پەخشان نووسین بۆ پاراستنی زمانمان لە شیعر و هۆتە باشترە، چونکە مەیدانی نووسینی نەسر و پەخشان تا بێژی پان و بەرینە، نووسەر ریشی دەبەر دەستی وەزن و قافیە و هەیت و هووتی تردا نییە. خودا و ڕاستان لەم چەرخی چاردەهەمینی ئیسلامیدا ئەم دەروەشمان لێ کراوە و پەخشان و داستاننووسمان لێ پەیدا بوون، ئێستا کە زۆری وامان هەن، بە هۆی نووسینی چیرۆک و گردەوەکۆیی دیرۆکان دەستەبەری هەرمانی کوردییەکەمانن.

یەکێک لەو پەخشاننووسانە لە زەبرانە "سەجادی" بوو کە دەمەوێ یادی بکەن، پێش حەفتا ساڵ لە ماڵ مەلایێ سنەیی منالێک هاتە سەر دنیا ناوی (عەلائەدین) یان لێ نا، ئەلف و بێتکەی پێ خوێندرا و نرایە بەر فەقێیەتی، بەنانی دەقنە خواردن و بە ئالێ بابا ڕابواردن سوختە بوو بە موستەعید و موستەعید کرا بە مەلا، چۆن مەلایەک؟ لە عارەبی و فارسی و کوردی وریا و پیتۆڵ، بەڵام جلک شڕ و شۆڵ و تەبەک و باخەڵ چۆڵ و هۆڵ، دەگەڕا بە شوێنی ناندا لە بەغدایە گیرسایەوە، لە سایەی چەند خێرەومەندێک بە

گیرەگیرِ پێشنوێژییەکی لە کونە گورگێکا دەس کەوت، کە ناو نرابوو، مزگەوت.

حوجرەیەکیشی بۆ جێ خەوی مەلا هەبوو، سەد خۆزگە بە حوجرەی نالی، من ناوم نابوو کونەڕەش بە ڕۆژ دەبوو چرا هەڵ کا، بە شەو چۆنی تێدا هەڵکا؟ هەر خۆی و خودا بیزانێ.

ئاوارەیە، غەوارەیە گوناهی هەرە گەورەشی کوردبوونیەتی، ساڵەهای ساڵ ڕۆژ و شەوی و کات و ساتی لەو حوجرەدا لەسەر حەسیر بووبووە سیپاڵ، جا مەگین چلۆنکایی با دەنا هەرگیز ئەو زیندانەی جێ نەدەهێشت، هێشتاش هەر لەوە دەترسا کوردی نامەرد کە ماڵم هەقە زۆریش بوون، تۆمەتی ئێرانی بوونی بە ملدا دەن، لە پاش گرتن و جزیادان بۆ ئەودیو سنووری ڕادەن، ئەو نانە وشکەشی بچێ، کە ئێستا بێ منەت دەیخوا.

جیا لە کاری پێشنوێژییەکەی هەر پێنج فەرزان کە بە حاڵ نان و بژیوی لێ دەردەهات بە ڕۆژ و بە شەو بێکار بوو، بێکار لە بەهەشتیش بژی وەڕەز دەبێ، خۆی لە کن خۆی ناحەز دەبێ و قێزی لە خۆی دەبێتەوە.

خۆ نەمازە سەجادی کۆنە گەڕیدەی دنیادیدەی قسە زلی بە باڵا چووکی وا لەش سووک بە بێکاری لە ژوورێکی ڕەش و برشی تەسک و باریک و شەدار و ئاوا تنووک و تاریکدا دەس لە بان دەس کارێ نەکا، هەر دەشژی با مەرەکەف لە قورم و مازوو دروس کا، قەفە چیتک و کاغەزی کاش زۆر هەرزانە، با بەختی خۆی لە نووسین تاقی کاتەوە.

بەختی لەم ئەزموونە گرتی: بۆ یەکەم جار لە کۆواری "گەلاوێژ"دا ناوی سەجادی خۆی نواند، نیزیک دە ساڵ ئەم ناوەمان لەسەر بەرگ و ناوەڕۆکی ئەو کۆوارە بایەخدارە دەخوێندەوە، ئیتر بەری بەرهەمدانی کرایەوە، وردە وردە، بووژایەوە، مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، باسی شۆڕشەکانی کورد، گەشت و گوزارنامەکانی، فەرهەنگۆکی بە عارەبی و فارسی و کوردی کتێبی

ڕشتەی مرواری کە ئێژن بوویتە هەشت بەرگ، بەرهەمی (عەلائەدین)ن، ئەمە جگە لە وتاری ناو ڕۆژنامە و ڕاوەی شیعری شاعیران و زۆری تریش کە هەژماردنیان دژوارە.

زۆر سەبووریی بەمن دەهات زۆر جار لە کونەڕەشەکە سەرم دەدا، بەیتێکم بۆ وەرگێڕابوو بۆم خوێندەوە:

تۆ نەمـــردووی ئەی (عـــەلائەدین)ی ســـەجـــادی نەســـەب

خـاوەنـی مـێـژووی ئەدەب، پێش نوێژی پێـخـواسـی عـەرەب

دەیگوت: ئەرێ پێخواسەکە منم یان پاش نوێژەکانمە.

لەو ژیانە پڕ لە ژانەدا تەمەنی گەییە حەفتا ساڵ. ئەو هیچ لە دەست نەهاتووانەی هەر ئیرادەگرتن دەزانن و هەرگیز لە هونەر ناڕوانن کردبوویانە ئامانجی تەوس و توانج و زەدەیان لێ دەدۆزییەوە و لە یەکتریان دەقۆزییەوە: مەلا دەس ڕژد و چنۆکە، ترسەنۆکە، گۆشەگیرە، لەم ناوە هەر خۆی لە بیرە، سەر بۆ حوکمات دەنەوێنێ، لە مەجلیسی تەشریعی کە جاشخانەیە چۆن قەبووڵ دەکا بەشدار بێ و لەناو کۆمەڵ لەکەدار بێ.

ئیتر سەرتان نەئێشێنم پێ هەڵگوتن بە دینار و غەیبەتکردن بە خەڵوار بوو ئەم بەدگۆیی و بە نامۆیی لێڕوانینە تا دەمی ئاویلکەدانی، تا دوا هەناسەی ژیانی دوایی نەهات، تا خەبەر هات کە مامۆستا (عەلائەدین) عەمری خوای کرد.

ئەمجار وەرە گوێ لە ئاخ و ئۆفان بگرە و لە داخی دووزمانان مەمرە، هەر ئەوانەی بە زیندوویی کەوڵیان دەکرد، شین و چەمەرەیەکیان کرد بە داستان بیگێڕنەوە، مەخابن بۆ ئەو جوانچاکە جوانەمەرگە، لەوەتا پەلکی وەریوە هەموو کوردستان هەتیوە و سەد بەیت و بالۆرەی تریش.

خوشکی دڵسۆز، کاکی برا، نالێم زۆر، بەڵام هەر تۆزێک ئینسافتان بێ،

ئەو کـەسـانەی پـیشـەیان کوردی نووسـینە و گـەشـە بە زمـان و فـەرهـەنگی کـوردی دەدەن، هـەتا مـاون وا بە سـووکی سـەیریان مـەکـەن، کـەموسکێک رێزیان لێ بگرن، واتا بە خـوت و خـۆڕایی نە جنێـو نە پوولّیـان پێ بدەن، نە خـراپیـان پێ بکەن، نەخـێر، چونکە نووسـەر ئەگـەر فـێری سـواڵکەری بوو، خۆشی و هونەری هیچ ناژین.

با ئـاکـارە نالەبـارەکـەی کـەونارا بـەرەوپشت کـەین، نووسـەرێک کـە بۆ بەدبـەخـتـی هـەر زیندووە خـۆتان وای دانێن مـردووە، ئەو پووڵ و پـارەی لە یادی لاواندنەوەی پاش مـردنی بەخت دەکرێ لەناو خـۆدا کۆی کـەنەوە، کر و بەرهـەمی نـووسـراوی هـەڵسـەنگێن بینرخـێنن، هـەڵە و پـەڵەی ئەگـەر هـەیە لێ بژار کـەن، بەو دەسـمـایە بۆی لە چاپ دەن، لە فـرۆشـیـاو پارەکـەی خـۆتان بە زیادەوە وەرگـرنەوە لەو دزانـەی بپـارێزن کـە ئەمـڕۆ لە کـوردسـتـاندا کـاریان بۆتە دزی و فـزی لە شـاعـیران و نووسـەران، بێ پرس و ڕا کـتـێبـیـان چاپ دەکەنەوە و ئـاوڕ لە ویژدان و شـەرەف نادەنەوە. ڕاستـی ئەمانە خەتەرن و بەر لە زۆر نووسـەران دەگرن کـە بە کـاری خـۆ دڵخـۆش کـەن. لاوێکی کـورد کـە بزانـێ هـەرچی نووسـی ئەو دزانە هـەر لـە حـەوا دەیقـۆزنـەوە و هـەق و مـەقی بـەرپێ دەدەن، چۆن واز لە نـووسین نـاهێنی و نـاچێ کـارێکی تـر بکا کـە بەرهـەمێکی پێ بگا؟

ڕاسـتـان دەوێ، ئـەو کـەسـانە نەنگی نـاو شـارەکانتـانن، تـا دەتوانن لەناو خـۆتانیـان دەراوێن. با ئاکاری کۆمەڵگاتان وەک ماڵ و کۆڵانەکانتـان پاک و خـاوێن ڕابگیرێ. مامۆسـتـا سـەجادی کـە مرد، ئەگـەر کاری ناپەسـەندیشی کـرد بێ، کـە نەشـیکرد. دەگـەڵ خـۆی بردە بن گـڵـی. ئەو بەرهـەمـەی لەو بە مـیـرات مـاوەتەوە هـەر وشـە کـوردییـەکـانـی بێ و هـیـچی تر نا، دەتوانین فـەرهـەنگێکی قـەبەی لێ پێک بێنـین بیکەینە مـایەی شـانـازی بە "عـەلائەدین" بنازین. ئەو کـەسـەی چوو مێژووی ئەدەبی کوردییـەکەی بێ پرس و ڕای ئەو

چاپ کرد و هەقەکەی خوارد، خۆی لەسەر کۆنەی ویژدان بوارد. بەلامەوە ئەو بە سووکی لێ روانینەی نووسەرانی بەکارمانە، پوختەی وتار، تکا دەکەم شاعیر و نووسەرەکانتان کە پارێزگاری فەرهەنگ و زمانتانن، هەر بە زیندوویی مەمرێنن و بە وشە مردوویش پێی ناوێ بە مۆمیایی بیانهەنوون و تازە نرخیان بۆ دیاری کەن و مەیکەن بە نەقڵی چەقەڵی و کابرای بەغدا.

خوا خافیز،

کۆواری سروە، ژمارە ٢

## پێڕست


له مه‌هاباد هه‌تا به‌غدا ..... 5
ئه‌ده‌بی کوردی سه‌ر به‌ره‌وژێر ده‌ڕوا ..... 46
نه وا سوێر، نه وا بێ خوێ ..... 61
مناڵانمان هان بده‌ین ..... 69
له ده‌می نه‌هه‌نگا ..... 79
بۆچی مردوو لینگی درێژ ده‌بێته‌وه ..... 81
حه‌لله‌ق، مه‌لله‌ق ..... 84
کتێبمان چۆن چاک ده‌بێ ..... 87
حاڵیی عه‌رزم بووی؟ ..... 99
بێگانه‌په‌رستی ..... 108
خوشک و برایانی خۆشه‌ویستی کوردم ..... 113
به‌زمی به‌هار ..... 119
من و شیعر ..... 123
وتووێژ له‌گه‌ڵ مامۆستا هه‌ژار ..... 131
شینگێڕی ..... 146
یادی مامۆستا سه‌جادی ..... 150